هەژدە هەفتەیە بکوژانی سەردەشت نادیارن

# رۆژنامە ٧

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٥٩٨) سێشەممە ٧/ ٩/ ٢٠١٠

www.sbeiy.com

نرخ ٧٥٠ دینار

جەژنتان پیرۆز
ستافی رۆژنامە جوانترین پیرۆزبایی
جەژنی رەمەزان لە خوێنەرانیو
تەواوی مسوڵمانان دەکات




# سەرۆکایەتی پەرلـەمـانو حـکومەت دەگۆڕدرێن

رۆژنامە

بەپێی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی لە چەند مانگی ئایندەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمو جێگرەکەیو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو جێگرەکەی دەگۆڕدرێن.

ئازاد جوندیانی، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەوە مەسەلەیەکی تازە نییەو هەڵقوڵاوی بارودۆخی ئێستا نییە، بەشێکە لە ڕێکەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتیو لە کابینەی پێنجەمیشدا هەروا بوو، بەڵام ئەو وەختە بۆ ئەوەی رەوتی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم لە دەسپێکەوە دووچاری هیچ گرفتێک نەبێت، یەکێتی وای بە باش زانی کە نیوەی دووەمی کابینەی پێنجەم هەر بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بسپێردرێتەوە»، وتیشی: «پێموایە بۆ ئەوەی کابینەیەک بتوانێت بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات دوو ساڵ کەمە».

ساڵی پار پێش پێکهێنانی کابینەی شەشەم، (رۆژنامە) لە راپۆرتێکدا، لە ژمارە (٣٥٠)ی رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٦ بڵاویکردەوە، کە تەمەنی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ د.بەرهەم ساڵح، تەنیا دوو ساڵەو لە پاش ئەو، پارتی ئەو پۆستە وەردەگرێتەوە.

بەوپێیە بێت لەدوای ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو دەبێت ئەو ئاڵوگۆڕە لە پۆستی سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیدا بکرێت.

سەبارەت بە گۆڕانکاریی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیشدا جوندیانی وتی: «لایەکی تری ڕێکەوتنەکە ئەوەیە، کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە کاندیدێکی یەکێتی دەسپێردرێت».


ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی لە چاوپێکەوتنێکیدا کە لە ژمارەی داهاتوو بڵاودەبێتەوە، رایگەیاند: «پۆستی سەرۆکی حکومەتو پەرلەمان بەیەکەوە بەستراونەتەوەو لە یەکێکیاندا گۆڕانکاریی بکرێت ئەوی تریش دەگرێتەوە».



کەمال کەرکوکی



ئەرسەلان بایز



ئازاد بەرواری



بەرهەم ساڵح

## فراکسیۆنەکانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لێکنزیکدەبنەوە ل٥

## پارتی هاوڵاتیو ئاوێنەو رۆژنامە دەداتە دادگا ل٤




## تەنیا سێ پەرلەمانتاری کورد داهاتیان ئاشکرا کردووە ل١٠

## «گۆڕان پرۆژەیەکی چاکسازیی دەداتە حکومەت» ل٦



## ئەحمەد تورک بۆ رۆژنامە: داواکارین بایکۆتی ریفراندۆمی دەستوور بکەن

سیروان عەول– چاوان عەلی

ئەحمەد تورک، داوای بایکۆتکردنی دەنگدان بە دەستووری تورکیا دەکات، «چونکە تائێستا هیچ بۆ کورد نەکراوەو ئەردۆغانیش هیچ داوایەکی کوردی نەهێناوەتەدی».

ئەحمەد تورک، سەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (DTK) لە لێدوانێکیدا بۆ (رۆژنامە) سەبارەت بە ریفراندۆمی دەستووری تورکیا کە (١٢)ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، رایگەیاند: «لە تورکیا گەلەکەمان گوێ لە راو بۆچوونەکانمان دەگرن، بۆیە دەنگی گەلیش لەگەڵ ئێمەیە».

لەلایەکی ترەوە، دوێنێ لە سلێمانی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، وتی: «سەرۆک وەزیرانی تورکیا هیچ داوایەکی میللەتی کوردی نەهێناوەتەدی، هەر ئەمەشە وایکردووە ئێمە لە دژی هەڵوێستەکانی ئەوان بایکۆتی دەنگەکانمان بکەین، ئەمەش بە ڕێگەچارەیەک دەزانم بۆ چارەسەری کێشەکانی کورد لە تورکیا».

سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمیش سەبارەت بەو پرسە د.کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «حکومەتی هەرێم پشتگیریی هەموو هەنگاوێکی دیموکراسیو ئاشتییانە دەکاتو خوازیارین مەسەلەی کورد لەو وڵاتە بە شێوەیەکی ئاشتیو دیموکراسییانەو لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ چارەسەر بکرێت».

## نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان: لە داواکەی پارتی نیگەرانین

دلێر عەبدولخالق

نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان، «نیگەرانی» خۆی دەردەبڕێت لە تۆمارکردنی داواکانی پارتی بەرامبەر رۆژنامەکانی «هاوڵاتی، ئاوێنە، رۆژنامە» لەدەرەوەی یاسای رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان.

فەرهاد عەونی، وتیشی: «نیگەرانین بەو دۆخەی لە کوردستان دروستبووە، لەلایەک هەندێک رۆژنامە پابەندی یاسای رۆژنامەگەرییو ئیتکی رۆژنامەنووسی نابنو لەلایەکی تریشەوە کاردانەوەی دەسەڵات بەرامبەر رۆژنامەنووسان، کە گەیشتووەتە سکاڵا تۆمارکردنو قەرەبووکردنەوە».

فەرهاد عەونی، بەپێویستی دەزانێت کە دەسەڵاتو میدیا پابەندی سێ خاڵی گرنگ بن، ئەوانیش: «ڕێزگرتن لە یاسا، بەتایبەت یاسای ژمارە(٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) رۆژنامەگەریی، هەروەک پابەندبوونی رۆژنامەنووسان بە میساقی شەرەفی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان، هەروەها بە بنەما ئیتکییەکانی کاری رۆژنامەنووسی».

لەبارەی ئەو بۆچوونەی رۆژنامەنووسان کە پێیانوایە، تۆمارکردنی ئەو سکاڵایانە بە یاسای سزادانی عێراقی، خەرقی یاسای رۆژنامەگەرییە، فەرهاد عەونی هیوای خواست، هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە رۆژنامەگەرییەوە هەیە، لە ڕێگەی یاسای ژمارە (٣٥)ەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.



## بەرپرسی لقی چوار: سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی دروستبووە ل٧

# فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ناتوانن بودجەی حیزبەکان یەکلایی بکەنەوە

**راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

تائێستا فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر هیچ برە پارەیەک بۆ هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان رێکنەکەوتوون‌و پەرلەمانتارێکیش پێیباشە، سەرکردایەتی حیزبەکان ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکەنەوە.

پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارت‌و قەوارە سیاسییەکان، کە لە (٢٠٠٩/١١/١٩)وە پەرلەمانی کوردستان رەوانەی حکومەتی هەرێمی کردووەو لە مانگی رابردوودا حکومەت رەزامەندیی لەسەر پرۆژەکە نیشانداو پرۆژەکەی بەبێ دەستکاری رەوانەی پەرلەمان کردەوە، هەرچەند لیژنەکانی یاسایی‌و دارایی‌و ئابووریی راسپێردرابوون بۆ دانانی پێوەر بۆ هاوکاریی حیزبەکان، بەڵام هەردوو لیژنەکە راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا فراکسیۆنەکانی نێو هەردوو لیژنەکە رێکنەکەوتوون لەسەر دیاریکردنی هیچ برە پارەیەک بۆ هاوکاریی حیزبەکان.

دلێر مەحمود، بریاردەری لیژنەی دارایی‌و ئابووریی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پرۆژەیاساکە لە لیژنەکاندا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، لەگەڵ ئەوەی سەڵاحیەت دراوە بە لیژنەی دارایی‌و ئابووریی‌و لیژنەی یاسایی بۆ دانانی پێوەری پێدانی بودجەی حیزبەکان، بەڵام تائێستا نەگەیشتووینەتە هیچ رێکەوتنێک لەسەر دیاریکردنی بری پارەکەو بە رای من پێویستە بەشێوەی تەوافوق بێت لەسەر ئاستی سەرکردایەتی حیزبەکان، ئەگەرنا پەرلەمان یەکلایی دەکاتەوە.

بەپێی پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارت‌و قەوارە سیاسییەکان، «ژمارەی کورسی پەرلەمانیی دەبێتە بنەما بۆ دابەشکردنی پارەکە»، لەکاتێکدا (١٥) حیزب‌و لایەن بە رێژەی جیاواز کورسییان لە پەرلەمانی کوردستان بەدەستهێناوەو چەندین حیزب‌و قەوارەی دیکەش هەن، کە نەیانتوانیوە رێژەی کورسی لە پەرلەمان بەدەستبهێنن.

بە وتەی کاردۆ محەمەد، کە ئەندامی هەردوو لیژنەی یاسایی‌و دارایی‌و ئابوورییە، «لەسەر بنەمای کورسی‌و دەنگ بودجە بە حیزبەکان دەدرێت، بەڵام دیاریکردنی پارەی هەر کورسییەک یەکلایی نەکراوەتەوەو ئەوەش دەبێت لە ناو هۆڵی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت‌و یەکلایی بکرێتەوە».

ئەوەشی خستەڕوو، لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی لەسەر پرۆژەیاساکە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو چاوەڕوانی ئەوەین سەرۆکایەتی پەرلەمان پرۆژەیاساکە بهێنێتە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆئەوەی پەسەندبکرێت، ئێمە پێمانباشە پەرلەمان سەربەخۆیانە بڕی پارەکە دیاریبکات‌و نامانەوێت بکەوینە ژێر کاریگەریی رێکەوتنی سیاسیی لە دەرەوەی پەرلەمان.

لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ (٩/٧) دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکەنەوە، بەڵام گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاساکان دەکەوێتە دوای پشووی جەژن‌و هاوکات بە پێویست دەزانرێت پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان لە کارە پێشینەکانی پەرلەمان بێت.

هەروەک کاردۆ محەمەد، وتی: «چەند گرفتێک لەنێو پرۆژەیاساکەدا هەیە، بۆ نموونە ئەو حیزبانەی کورسییان نەهێناوە، یان ئەوانەی دەنگی کەمیان هێناوە، جگە لەوەش ئەو حیزبانەی مێژوویەکیان هەیە، بەڵام کورسی کەمیان بەدەستهێناوەو ئێستا بودجەکەیان کەمدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پەرلەمان پەلەبکات لە پەسەندکردنی یاساکەو دەبێت لە کارە پێشینەکانی ئەم خولەی پەرلەمان بێت، چونکە دواخستنی یاسای بودجەی حیزبەکان دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم بە یاساییکردنی کۆمەکی حیزبەکان لە کوردستاندا».



فۆتۆ: رۆژنامە

# ئــــازادیـــی رۆژنامەوانیی لـــە پـــاشەکـــشەدایە

**سەنگەر جەمال**

چەند میدیاکارو رێکخراوێکی ناحکومیی لە سلێمانی دەستەیەک بۆ داکۆکیی لە ئازادیی رادەربڕین پێکدەهێنن، وتەبێژی دەستەکەش هۆکاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی «رەوشی رۆژنامەوانیی کوردی بە ئاقارێکی مەترسیدارتر تێدەپەڕێت».

شەممەی رابردوو لە سلێمانی نوێنەری چەند میدیاو رێکخراوێکی ناحکومیی دەستەیەکیان پێکهێنا بەناوی دەستەی داکۆکیی لە ئازادیی رادەربڕین بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانەی لەو رووەوە لەماوەی رابردوودا روویانداوە، وەک کوژران‌و ئەنجامدانی پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان‌و تۆمارکردنی چەندین داوای یاسایی لە دژی رۆژنامەنووسان.

مەریوان حەمە سەعید، وتەبێژی دەستەکە، ئاماژە بەوەدەکات: دەستەکەیان کراوەیەو هەوڵدەدەن لە ماوەکانی داهاتوودا زۆرترین میدیای ئەهلیی‌و حیزبیی‌و ئەو رێکخراوانەش بەشداربن تێیدا کە سەر بە لایەنەکانن، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، هۆکاری پێکهێنانی دەستەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە «رەوشی رۆژنامەوانیی کوردی بە ئاقارێکی مەترسیدارتر تێدەپەڕێت لەوەی هەبووە، چونکە ئەمساڵ رۆژنامەنووس کوژراوەو حاڵەتی پێشێلکاریی زۆر تۆمارکراوەو داوای سەیر دژی رۆژنامەنووسان تۆمار کراوە»، پێشیوایە: «بۆشایی نێوان میدیاو دەسەڵات گەیشتووەتە ئاستێکی ترسناک، بۆیە دەمانەوێت لەرێی ئەم دەستەیەوە ببینە پردێک لەنێوان دەسەڵات‌و هەموو میدیاکان، بۆئەوەی بتوانین ئەو کێشانەی کە هەیە، بەشێوەی گفتوگۆ چارەسەری بکەین‌و مەودای ئازادیی رادەربڕین فراوان بکەین لە کوردستاندا».

ئەوەی جێی نیگەرانیی بەشێکی زۆری رۆژنامەنووسانە، کەمکردنەوەی ئازادییەکانی رادەربڕینە لە کوردستاندا، ئەوەش بەوپێیەی لەماوەی ئەمساڵدا بەپێی ئامارەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان توندوتیژیی‌و پێشێلکاریی دژی رۆژنامەنووسان زیادی کردووەو بەپێی ئاماری سەنتەری میترۆ (بۆ داکۆکیی لە رۆژنامەنووسان) تائێستا زیاتر لە (١٠٠) حاڵەتی پێشێلکاریی تۆمار کراوە، جگە لەوەی داوای یاسایی بۆ داواکردنی قەرەبووی زۆری مادیی دژی رۆژنامەکانی، رۆژنامە، هاوڵاتی، ئاوێنە، تۆمارکراوە، ئەوەش بە هەوڵێک بۆ کپکردنەوەی ئازادیی دادەنرێت.

لەبارەی ئەو کێشانەو پەیوەندیی بە دروستبوونی دەستەکەوە، مەریوان حەمە سەعید، دەڵێت: «ئەگەر کێشە نەبوایە دەستەکە دروستنەدەبوو، هەستدەکەین لە کەشێکی ناتەندروستداین‌و ئەو کەشەش پێویستی بە هێورکردنەوەو هەڵوێستەلەسەرکردن هەیە، ئێمە پشتگیریی لە ئازادیی رادەربڕین دەکەین بێ گوێدانە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی یان ئایینی، سەرچاوەشمان بۆ داکۆکیی ئازادیی رادەربڕین جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤە، ئەوەش بۆ هەمووکەسە نەک بۆ لایەنێکی دیاریکراو».

وتەبێژی دەستەکە ئەوەشی خستەڕوو، کە دەستیان بە کۆبوونەوە کردووە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان‌و رێکخراوە ناحکومییەکان، وتیشی: «لەگەڵ ئەو لایەنانەو میدیا ئەهلیی‌و حیزبیی‌و رێکخراوە ناحکومییەکان کۆدەبینەوەو دەمانەوێت زۆرترین کەس‌و لایەن بەشدار بێت، چونکە ئێمە بەرگریی لە قەزیەیەک دەکەین، هەروەها هەموو چالاکییەکی مەدەنی کە پێمان بکرێت بەکاریدەهێنین، بۆئەوەی ئازادیی رادەربڕین لە کوردستاندا لەجیاتی ئەوەی پاشەکشە بکات بەرەو پێشی ببەین»، باسی لەوەشکرد، کە لەئێستادا هەوڵەکەیان ناوخۆییەو دەیانەوێت چارەسەرێکی ناوخۆیی بۆ بدۆزنەوە «دوای راگەیاندنی دەستەکەش خەڵک‌و رێکخراوەکان لە دەرەوە ئاگادار دەبن، بەڵام ئومێدێکی باشترمان هەیە بتوانین لە ناوخۆدا ئەو شتانە چارەسەر بکەین، ئەگەرنا ئینجا پەنا بۆ دەرەوە دەبەین».

چاودێرانی سیاسیی، ساڵی (٢٠١٠) بە خراپترین ساڵ بۆ ئازادیی رادەربڕین دەبینن لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئازادیی رادەربڕین لەم ساڵەدا بە ئاستی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان گەیشت‌و رۆژنامەکانیش رووبەڕووی زینجیرەیەک سکاڵای یاسایی کرانەوەو داوای یەک ملیار دۆلار قەرەبوویان لێدەکرا.




فۆتۆ: رۆژنامە

# کوردو نەوت



**ئازاد چالاک**

بە درێژایی مێژوو کورد خەونی گەورەی بینیوەو خەیاڵی شاعیرانە مەستی کردووە، هەندێک جاریش کە ئاوڕی لە حاڵی خۆی داوەتەوەو رووبەڕووی واقیع‌و کێشە تاڵ‌و ئاڵۆزەکان بووەتەوە، راچڵەکیوەو خەتای بەدینەهاتنی حەزو خەونەکانی خستووەتە ملی جوگرافیاو دووریی دەریاو ئۆقیانووسەکان لە خاک‌و نیشتمانەکەی.

هەر بە درێژایی ئەو مێژووە پڕ لە نەهامەتییە، هاوڵاتییان‌و تێکۆشەرانی کورد حەزو خەونەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووەتە ژێر گڵ‌و بۆ بەدیهێنانی سەرفرازیی گەلەکەیان بێباکانە سەروماڵیان کردووەتە قوربانیی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق بەدیهاتووە، هیچ کوردێک پێش بیست ساڵ خەویشی پێوە نەدیوە، هەندێک ئەو چاکەیە دەگەڕێننەوە بۆ سەرشێتی سەدام‌و هەندێکی دیکەش دەڵێن، بۆ یەکەم جار کورد بەخت یاوەری بووەو کەسێکی وەک جۆرج بوش، بووە سەرۆکی گەورەترین زلهێزی دنیا.

کورد بووە خاوەنی حکومەت‌و پەرلەمانی خۆی، سوپاو فڕۆکەخانەو بودجەی تایبەتی هەیە، سەرکۆمار کوردەو چەندین پۆستی سیادی‌و وەزارەت هی ئەوە، بەشدارە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشت موئەسەسات‌و دەزگاو دەستە تایبەتەکانی عێراق‌و لەوانەش گرنگتر دەستووری هەمیشەیی عێراق (گەر بە ویستی هەندێک کەسیش نەبێت) دانی بە مافەکانیدا ناوەو سەلماندوویەتی.

ئەمڕۆ لە کوردستان حیزبە دەسەڵاتدارەکان جگە لەوەی کە مێژووی نیو سەدەی خەبات‌و قوربانییەکانی ئەم گەلەیان کردووە بە مێژووی خۆیان‌و بنەماڵەو کەسایەتییە دیارەکانیان، وا سەیری هاوڵاتییانی ئەم نیشتمانەو سەروەت‌و سامانەکەی دەکەن، کە موڵک‌و پاوانی ئەوانەو بە میرات بۆیان ماوەتەوە، نایانەوێت لەوە تێبگەن کە هاوڵاتییان‌و تێکۆشەران خەباتیان لەپێناو حیزب‌و سەرکردەکان نەکردووە، بەڵکو بۆ سەرفرازیی خۆیان‌و رزگاریی گەل‌و نیشتمانەکەیان گیانیان بەخت کردووە.

خەون‌و خەیاڵەکانی مرۆڤی کورد بێسنوور بووە، پێی وابووە گەر خۆی رۆژێک، یان بۆ چەند ساتێک حوکمی خۆی بگرێتە دەست‌و لە چنگی داگیرکەرانی رزگاری بێت، ئەوا مرازو داواکانی حاسڵ دەبێت‌و هەرچی لەتوانایدا بێت دەیخاتە گەڕ بۆ خۆشگوزەرانیی هاونیشتمانیانی‌و دەیسەلمێنێت ئەگەر ئەو لەبری داگیرکەر حوکم بکات، بە چ شێوەیەک وڵات دەکاتە بەهەشت‌و بە چ هیممەتێک کار بۆ نەهێشتنی بێدادیی‌و کەڵەگایی‌و مشەخۆریی دەکات‌و چۆن سەروەت‌و سامانی نیشتمانەکەی دەپارێزێت.

بەڵام ئەفسوف خەونەکان چەند خۆش‌و ئومێدبەخش بوون، واقیعی دەسەڵاتی کوردی دە ئەوەندە تاڵ‌و تفت بوون، هیچ کات دیمەنی بەرپرسانی بەرەی کوردستانیی‌و ئامێرە زەبەلاحەکانی بەنداوی بێخمەم لەیاد ناچێت، کاتی ئاودیوکردنیان دەبوایە رێگەوبانەکانیان چۆڵ بکردایە لە سەیارەی دیکە بۆ ئەوەی بتوانن بەوێدا تێپەڕ ببن‌و بگەنە خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەران.

ئاخۆ ئێستا کام لەو حیزبانەی دەسەڵات دەتوانن تەنیا نیوەی ئەو سەیارەو ئامێرانە بگەڕێننەوە کوردستان؟ ئەوە باسی بیلدۆزەرو شۆفڵ‌و شتە بچووکەکان ناکەم، کە بێ بەزەییانەو بێ هەستکردن بە خاوەندارێتی‌و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خەڵک‌و نیشتمان بەتاڵانیان بردوون.

خاڵە گومرگیەکانی سەر سنووری تورکیاو ئێران هەر لە ئیبراهیم خەلیلەوە هەتا خانەقین، لە مانگی (١٩٩١/٩)ەوە کەس نازانێت داهاتەکانیان چەند بوون‌و بۆ کوێ چوون؟ چ لایەنێکی فەرمیی‌و بێلایەن وردبینیی بۆ کردوون؟ کێ دەزانێ ئەو نەوتەی کە بە تانکەر رەوانەی تورکیا دەکراو بە بازگەکانی بەعسدا تێپەڕ دەبوو، کێ شەریک‌و کێ سوودمەندبوو لێی، خوێنی ئەو هەموو رۆڵە کوردەی کە دواتر لەپێناو ئەو داهاتە بەدەستی کورد رژا، لە ئەستۆی کام سەرکردەو کام حیزبدایە؟

ئەم تانکەرانەی ئەمڕۆ نەوت‌و بەرهەمە نەوتییەکان ئاودیو دەکەن، بۆ کێ کار دەکەن، کامانەن ئەو کۆمپانیایانەی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن‌و سەر بەکێن؟ کێن ئەو بەرپرسانەی کە دەیانەوێت ئەو مەسەلەیە بەنهێنیی بمێنێتەوەو کەس باسی لێوە نەکات؟ ئەو حسابە بانکییە بەناوی کێوەیەو ئەو پارانە چەندن‌و لە کوێ سپی دەکرێنەوەو بۆ قازانجی کێ؟

ئەگەر ئەمانە هەمووی بۆ قازانجی کوردەو ژیان‌و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی پێ دەبووژێندرێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دوارۆژی کورد رووناک‌و گەشەو هەمووان دەبێت پشتیوانیی لێ بکەین‌و دەستخۆشی لە هەموو ئەو بەرپرسە کوردانە بکەین کە خەون‌و خەباتی سەدان ساڵەی رزگاربوون‌و پێشکەوتنمان بەدیدەهێنن.

دەسەڵاتدارانی کورد لەبری بەجێهێنانی بەڵێنەکانیان‌و سەلماندنی وەفاو دڵسۆزییان بۆ کێشە نەتەوایەتی پرەنسیپە دیموکراسی‌و ئازادییە هەمەلایەنەکان، بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن هاوڵاتییان بکەنە کۆیلەو مەودای وتنی راستی‌و ئازادییەکان تەسک بکەنەوەو سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەرێی تۆمارکردنی داوای یاسایی ملیار دۆلاری دەیەوێت بەو ئامانجە نەزۆکە بگات.

(دەڵێن ئەو کۆیلەیە بەخەبەر مەهێننەوە... نەوەک خەون بە ئازادییەوە ببینێت، منیش دەڵێم؛ نا بەئاگای بهێننەوەو باسی ئازادیی بۆ بکەن) ئەبراهام لینکۆڵن.

پارتی؛ هاوڵاتی و ئاوێنە و رۆژنامە دەداتە دادگا 4

# هەولێرو بەغدا بەجیا چەک دەکڕن

بەرهەم خالید

ئەمینداری هێزی پێشمەرگەی عێراق رایدەگەیەنێت؛ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هیچ پشکێکی لەو چەکانەدا نییە کە وەزارەتی بەرگریی عێراق دەیکڕێت، بەوپێیەی پێشمەرگە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمە، نەک بەرگریی عێراق.

حکومەتی عێراق لە ماوەکانی رابـردوودا چەندین جۆر چەکو کەلوپەلی سەربازیی کڕیوەو محەمەد عەسکەری، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراقیش وتی: هیچ پشکێک لەو چەکو تەقەمەنییانە نادرێت بە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان‌و ئاشکراشیکردووە: «هەنگاوی باشمان بڕیوە بۆ رێکەوتن لەسەر میکانیزمی پڕ چەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە».

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بۆ رۆژنامە وتەکانی ئەو وتەبێژەی دووپاتکردەوەو رایگەیاند: بەپێی دەستوور هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمی بەرگریی نیشتمانیی عێراق، بـەڵام بەشێک نییە لە وەزارەتـی بەرگریی عێراق، بۆیە کڕینی چەک لەلایەن ئەو وەزارەتەوە هیچ پەیوەندییەکی بەهێزی پێشمەرگەوە نییەو پشکی تێیدا نییەو لە دوارۆژدا کاتێک وەزارەتی پێشمەرگە بودجەی خۆی دەبێت، بەپێی رەزامەندیی رەسمیی هەردوو حکومەتی فیدراڵیی عێراق‌و هەرێم بەپێی پێویست‌و وەک ئەوەی بۆی دیاریکراوە چەک دەکڕێت.

# لە رۆژانی جەژندا پۆلیس بە جلی مەدەنییەوە دەگەڕێن

ئاراس – ئاکام

بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، بە نووسراوێکی رەسمیی رێنماییەکانی رۆژانـــی جەژنی رەمـەزانـی ئاشکراکرد، کە تیایدا بەکارهێنانی تەقەمەنی قەدەغەکراوەو هاوڵاتییانیش ئاگادارکراونەتەوە کە لەو رۆژانـەدا هێزەکانی پۆلیس بە بەرگی مەدەنییەوە دەگەڕێن.

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، بە ژمـارە(٢١٣٩٩) کە لـە(٢٠١٠/٩/٥)دا دەرچـووەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەهۆی زیادبوونی جموجۆڵی بازرگانیی لە هەرێمی کوردستان، هاتنە نـــاوەوەی جـۆرەهـا یاریی منداڵانیش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بەتایبەت دەمانچەی (مـــووروو)و تەقەمەنی، ئەمەش زیانێکی زۆری بە منداڵان گەیاندووە، بـە رادەیـــەک کـە هەندێک منداڵ بیناییان لەدەستداوەو هاوڵاتییانی بێزارکردووە، بۆیە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی‌و تەندروستی‌و جگەرگۆشەکانمان، داوا لە سەرجەم دوکاندارە بەڕێزەکان دەکەین کە ئەم جۆرە یارییە نەشیاوانە نەفرۆشن، هەرفرۆشیارێک پابەند نەبێت بە رێنماییەکانەوە، سـزای یاسایی دەدرێت.

بەشێکی تر لەم رێنماییانە تایبەتە بە زیندانییەکان‌و دەڵێت: یەکەم رۆژی جـەژن، سەردانیکردنی زیندانییان قەدەغەیەو دووەم رۆژی جەژن، سەردانیکردن تەنیا بۆ پیاوانە، سێیەم رۆژی جەژن، سەردانیکردن تەنیا بۆ ژنانە.

بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هـۆشـداریـش دەداتـە هاوڵاتییان کە مەفرەزەکانی هێزەکانی پۆلیس لـە رۆژانـــی جـەژنـدا، بە جلوبەرگی مەدەنییەوە بە بەردەوامی دەگـەڕێـن، بۆیە داوا لەهاوڵاتییان دەکات کە هاوکاریی هێزەکانیان بکەن لەکاتی بوونی هەر حاڵەتێکی کتوپڕ.



فۆتۆ: رۆژنامە

# هێرشکردنە سەر تیمی KNN، ئیدانە دەکرێت

هاوڕێ عەبدوڵڵا

دوای ئەوەی رۆژی یەکشەممە، کەسێکی نزیک لە بەرپرسێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێرشی کردە سەر تیمێکی کەناڵی (KNN)، سەنتەری میترۆ ئیدانەی ئەو پەلامارە دەکات‌و داوای لێکۆڵینەوەیەکی جدیی‌و بەپەلە لەو رووداوە دەکات.

رۆژی یەکشەممە، لەکاتی رووماڵکردنی هەواڵێکدا لەبەردەم بنکەی (٣)ی خانەنشینیی لە گەڕەکی رزگاریی شـاری سلێمانی، کەسێک کە خۆی وەک یەکێک لە تیمی پارێزگاری بەرپرسێکی یەکێتی ناساندووە، هێرشی کردووەتە سەر تیمێکی کەناڵی KNN و لە پەیامنێرو وێنەگری کەناڵەکەی داوە.

بڕیار نامیق، پەیامنێری کەناڵی KNN، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە کاتی وێنەگرتنی شێوازی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیدا، کەسێک کە خۆی وەکـو هێزی تایبەتی بەرپرسێکی یەکێتی ناساند، هێرشی کردە سەر منو وێنەگری کەناڵەکەو بە شەقو بۆکس، کەوتە لێدانی خۆم‌و هاوکارەکانم‌و پاشان ماوەیەک ئێمەی گرت‌و داوای ناردنی مەفرەزەیەکی لە پۆلیسی(١٠٤) کرد.

بڕیار، وتیشی: «دوای رووداوەکـــە، داوای یاساییمان لە بنکەی پۆلیسی رزگاری تۆمارکردووە».

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان، لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە کە وێنەیەکی بۆ رۆژنامە نێردراوە، ئیدانەی ئـەو پـەلامـارە دەکـات‌و رایدەگەیەنێت: «ئیدانەی هێرشکردنەسەرکارمەندانی کەناڵی تۆڕی هەواڵی کوردی (KNN) دەکەین‌و داوا دەکەین، لێکۆڵینەوەیەکی جدیی‌و بەپەلە لەو رووداوە بکرێت‌و ئەنجامی بەرایی لێکۆڵینەوەکەش بۆ رای گشتیی ئاشکرا بکرێت».

# هاوڵاتی، بە (٦) ملیۆن دینار غەرامە دەکرێت

ئەحمەد باڵەکی

دادگای بەرایی سۆران لەسەر سکاڵایەکی بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پێشتری سۆران، رۆژنامەی هاوڵاتی بە (٥) ملیۆن دینارو پەیامنێرێکی رۆژنامەکەی بە (١) ملیۆن دینار غەرامە کرد.

رۆژنامەی‌ص هاوڵاتی (٣) ساڵ پێش ئێستاو لە ژمارە (٣٣٧)دا هەواڵێکی لەسەر جیاوازیکردن لەنێوان کێشانی لۆرییە بارهەڵگرەکانی هاوڵاتییان‌و بەرپرسان بڵاوکردەوە، بەوهۆیەشەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پێشتری سـۆران لە دادگـای بەرایی سـۆران سکاڵای لە دژی رۆژنامەکە تۆمارکرد، دوێنێش ٢٠١٠/٩/٦ دادگـا رۆژنامەکەی بەپێدانی (٥) ملیۆن دینارو پەیامنێرەکەشی بە پێدانی (١) ملیۆن دینار سزادا.

دانا رەزگەیی، پەیامنێری رۆژنامەی هاوڵاتی کە بە (١) ملیۆن دینار سزادراوە بۆ رۆژنامە وتی: «سێ ساڵ‌و نیو پێش ئێستا واتە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا هەواڵێکم بڵاوکردەوە لەسەر ئەوەی جیاوازیی دەکرێت لەنێوان کێشانی لۆرییە بارهەڵگرەکان، بەڵام لەلایەن (عیماد کەنعان) بـەڕێـوەبـەری پۆلیسی هاتوچۆی ئەوکاتی سۆران سکاڵامان لەسەر تۆمار کرا، گوایە هەواڵەکە راست نییە، ئەگەرچی ئەم هەواڵەش هەموو مەرجێکی رۆژنامەوانی تیادایەو دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەش کێشەی لۆرییە بارهەڵگرەکان چارەسەر کرا».

پاش یەکلاییکردنەوەی کەیسەکەش بە بڕیاری دادگـای بەرایی سـۆران، دانا رەزگەیی، پەیامنێری رۆژنامەی هاوڵاتی لەلایەن پۆلیسی سۆرانەوە دەستبەسەر کراوە، تاوەکو ئەو بڕە پارەیە کە وەک سزا دیاریکراوە دەدرێتە لایەنی سکاڵاکار.

کەمال رەئوف، سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتی لەبارەی ئەو سزایەوە کە دادگا بۆی دیاریکردوون بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕیارەکەی دادگای بەرایی سۆران بڕیارێکی پەلەیەو ناعەدالەتیشە بەرامبەر بە رۆژنامەی هاوڵاتی کـراوە، ئێمە لە راگەیاندنەکان قسەی لەسەر دەکەین‌و بڕیارەکەش تەمیز دەکەینەوەو هیوادارین لە تەمیزکردنەوەیدا مافی یاسایی خۆمان وەرگرینەوە».

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ماوەی چەند مانگێکە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیکردووە بە تۆمارکردنی زنجیرەیەک سـکـاڵا لـەسـەر رۆژنـامـە ئـەهـلـی‌و سەربەخۆکان‌و لە یەکێک لە سکاڵاکاندا داوای (١) ملیار دۆلار لە رۆژنامەی رۆژنامە دەکـات‌و لە چەند سکاڵایەکی تردا داوای بڕی (٥٠٠) ملیۆن دینار لە هەریەک لە رۆژنامەکانی هاوڵاتی‌و ئاوێنەو رۆژنامە دەکات.

کەمال رەئوف، وتیشی: «ئەم دادگاییکردنە لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە سکاڵایەدایە کە ماوەیەکە دەستیپێکردووە بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین».

# رێکخەری نێوان حکومەت و پەرلەمان دانرا

دلێر عەبدولخالق

وەزیـری پێشووی هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، وەک رێکخەری پەیوەندیی‌و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان‌و حکومەت دەستی بەکار کردەوە.

سەعد خالید، رێکخەری پەیوەندیی‌و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان‌و حکومەت، هۆکاری دەستنیشانکردنی گەڕاندەوە بۆ بوونی ئەو وەک وەزیـری کاروباری پەرلەمان لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم‌و رایگەیاند: «بەپێی هەڵسەنگاندنی کابینەی شەشەم‌و رۆڵی ئێمە لەو بوارەدا تەکلیف کراوین، واتە کەمتر پەیوەندیی بە پۆستی حیزبیی منەوە هەیە، لەناو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا».

سەعد خالید، کـە بـە پۆستی وەزیـر دەستبەکاربووە، لەبارەی ئەرکە سەرەکییەکانی وتی: «ئەو پۆستە میکانیزمێکە بۆ رێکخستنی پەیوەندیی‌و هەماهەنگیی لەنێوان پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیـرانـدا، کارەکانی خۆی دەبینێتەوە لە ئاگاداربوون لە کارەکانی ئەو دوو دەسەڵاتە، رێکخستنی کۆبوونەوەی مانگانە، یان دەوریی لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان بۆ هەردوو سەرۆکایەتی‌و ئامادەکردنی خشتەی کار، بەدواداچوونی پرۆژەیاساکان ئەوانەی لە پەرلەمانەوە دەچن بۆ حکومەت، یان بە پێچەوانەوە، هەروەک سازاندنی هەماهەنگیی‌و پەیوندیی لەنێوان وەزارەتـەکـان‌و لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان».

# کوردەکانی تاراوگە ناتوانن بەشداریی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم بکەن




فۆتۆ: رۆژنامە

رۆژنامە

بەرپرسێکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئاشکرای دەکات: بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچـووە، کوردەکانی تـاراوگـە ناتوانن لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمدا بەشداریی بکەن.

عەلی قـادر، سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، بە (سبەی)ی راگەیاند: بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، کـوردەکـانـی تـاراوگـە، ناتوانن بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا بکەن‌و کۆمسیۆنیش ناتوانێت لە دەرەوەی ئەم یاسایە کاربکات.

سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم، ئاماژەی بەوەدا: کۆمسیۆن بەرنامەڕێژیی کردووە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم‌و هەرکاتێک حکومەتی هەرێم وادەی هەڵبژاردنەکان دەستنیشان بکات، ئێمە ئامادەین‌و رێوشوێنی پێویستمان گرتووەتەبەر.

# فراکسیۆنی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لێکنزیکدەبنەوە

راپۆرتی: بەرهەم خالید

فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، ئامادەی دەستپێکردنەوەی خولێکی نوێی دانیشتنەکانن‌و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن، کە تەشەنوج‌و بارگرژییەکانی رابردوو، تێدەپەڕێنن‌و بۆ ئەم خولە شێوازێکی نوێی کارکردن دەگرنەبەر.

چاوەڕوان دەکرێت کە دوای پشووی جەژنی رەمەزان، دانیشتنەکانی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی پەرلەمان دەستپێبکاتەوە، ئەوەش پاش کۆتاییهاتنی پشووی دوو مانگەی پەرلەمان کە (٢٠١٠/٩/١) کۆتاییهات.

د. ڕێباز فەتاح، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئەوان لە قۆناغی داهاتوودا، بەهەمانشێوەی رابردوو بەردەوام دەبن لە بەرگریکردن لە مافەکانی هاوڵاتییان، ئەگەرچی بە شێوەیەکی دوژمنکارانە لە ئۆپۆزسیۆن روانراوە، بۆیە لەسەر ئەو شێوازەی کارکردن بەردەوام دەبن‌و داکۆکی لە بەرژەوەندیی گشتیی دەکەن.

ئەو پەرلەمانتارە، هیواشی خواست، کە ئەو رەفتارانەی پێشتر لیستی دەسەڵات بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن نواندوونی، کۆتاییان پێبێت: «بەو پێیەی دۆخی هەڵبژاردن تەواو بووەو بارودۆخەکە ئاسایی بووەتەوەو پێویستە بیرکردنەوەی ئەوانیش بەرامبەریان بگۆڕێت‌و ئۆپۆزسیۆن قبووڵ بکەن».

وتیشی: «دەخوازین، لەمەودوا جۆرێک لە هەماهەنگیی لەنێوان فراکسیۆنەکاندا هەبێت لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی‌و هاوڵاتییان، نەک لەپێناو بەرژەوەندیی حیزبیی، بۆیە پێشوازی لە هەموو هەوڵێک دەکەین بۆ ئەوەی فراکسیۆنەکان بە شێوەیەکی تەواوکاری پێکەوە کاربکەن بۆ خزمەتی خەڵک، نەک لەبەرئەوەی فڵان پرۆژە موڵکی ئۆپۆزسیۆنەو نابێت دەنگی پێبدرێت، یان بەپێچەوانەوە».

لەلای خۆشیەوە حەمەسەعید حەمەعەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئەوەی خستەڕوو کە لە ماوەی رابردوودا، هەماهەنگیی تەواو لەنێوان فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆندا هەبووەو پێکەوە کاری باشیانکردووە، بۆیە ئەگەر لیستی زۆرینەش بەدەنگەوەهاتنی هەبێت، ئەوا لەگەڵ ئەوانیش هاوکاریی‌و کاری هاوبەشیان دەبێت، وتیشی: «ئەگەر لیستی دەسەڵات، وەڵامی خواستەکانی خەڵک‌و خواستی ئۆپۆزسیۆن بداتەوە لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی‌و خزمەتی خەڵک‌و سەروەریی یاسا، دوور لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی‌و حیزبیی، ئەوا بێگومان ئاواتمانە، هەماهەنگیی‌و هاوکاری لەنێوان ئێمەو لیستی دەسەڵاتدا هەبێت بەبێ ئەوەی سازش لەسەر مەبدەئو مەسەلە گرنگەکان بکەین، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکین».

لەماوەی رابردوودا، گرژیی زۆر لەنێوان فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا هەبوو پەرلەمانی کوردستان، بە تایبەت لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، ئەو گرژییانە گەیشتنە لوتکە، بەڵام ئێستا جۆرێک لە ئاساییبوونەوە بەدیدەکرێت لەنێوان لایەنە سیاسییەکانداو چاوەڕوان دەکرێت، کارەکانی ئەم خولەی پەرلەمان هێمنانەتر بەڕێوەبچن.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ، بەپێویستی دەزانێت کە هەموو لایەک هەوڵبدەن، ئەو تەشەنوجەی لە رابردوودا هەبووە، وەک ئەزموونێک سەیری بکەن‌و شێوازێکی دیکە بدۆزینەوە بۆ ئەوەی هەموو وەک یەک تیم لە پەرلەمان کاربکەن.

ئەوەشی خستەڕوو: لە ماوەی رابردوودا، لیستی کوردستانیی بەهۆی زۆریی ژمارەی کورسییەکانیانەوە، بێمنەت بوون لە ئۆپۆزسیۆن‌و بە جۆرێک ئۆپۆزسیۆنیان پەراوێزخستبوو، بەوپێیەی پێویستیان بە دەنگی ئەوان نییە لە تێپەڕاندنی یاساکاندا، بەڵام ئەوە کارێکی گونجاو نییە، «پێمان باشە کە لەم خولەدا، نیمچە تەوافوقێک هەبێت لەنێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات‌و هەموو ئەو پرۆژانەی لە بەرژەوەندیی میللەتن تێپەڕن، لەپێناو خزمەتی وڵات‌و هاوڵاتییان‌و هیواداریین بتوانین قەناعەت بە لیستی کوردستانیی بکەین بۆ ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا بەو شێوازە کاربکەین».

هەروەک پەرلەمانتارانی لیستی زۆرینەی دەسەڵاتیش پێیانوایە، گۆڕانکارییەکانی ماوەی پشووی پەرلەمان، کاریگەرییان دەبێت لەسەر شێوازی کارکردن‌و مامەڵەکردنیان لەناو پەرلەماندا.

عەبدولسەلام بەرواری، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا، زۆر شت گۆڕاوەو لیستەکانیش گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەزموونی رابردوو، دەرسی لێوەرگیراوەو دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی میدیاکان لە بری کاری پەرلەمانیی، سوودی ئەوتۆی نەبووە، بۆیە ئەم قۆناغە خولێکی پێشکەوتووتر دەبێت لە کاری پەرلەمانتاریی کە دانیشتنەکانی لە چەند رۆژی داهاتوودا دەستپێدەکات، بەو پێیەی دۆخی سیاسیی ئێستا ئارامترەو بواری ئەوە کەمترە کە ئەو گرژییەی پێشتر هەبوو بەردەوام بێت، ئەوەش زیاتر رێگە خۆشدەکات بۆ چاودێریی حکومەت‌و چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکان کە بێگومان سوودی دەبێت بۆ ئەزموونی پەرلەمانتاریی‌و خزمەتکردن بە خەڵک.

وتیشی: «پێموایە، لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا، ئۆپۆزسیۆن بەشێکە لە دەسەڵات‌و سیستمی سیاسیی، بۆیە ئێستا گەیشتووینەتە ئەوەی کە خەڵک چاوەڕوانی هەنگاوە لە هەردوو لا، نەک هەڵوێستوەرگرتن لەیەکتری، لە ماوەی پشووشدا لیژنەکان بەو شێوەیە کاریانکردووەو ئەو قۆناغەی رابردوویان تێپەڕاندو چاوەڕواندەکرێت، لەو کەشە هێمنەی کە ئێستا هەیە، پەرلەمان لەم خولەیدا هەنگاوی باش بنێت لە پەیوەندیی فراکسیۆنەکان‌و کارکردن لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی».



فۆتۆ: رۆژنامە

# پەرلەمان سێ هەفتەی دیکە دەخاتە سەر پشووە (٦٠) رۆژییەکەی

راپۆرتی: چاوان عەلی

پەرلەمانتاران‌و چاودێرانی سیاسیی سەرسوڕمانی خۆیان لەو خەمساردییەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نیشان دەدەن، کە لەگەڵ بوونی (٤٢) پرۆژەیاساو چەندین پرسی گرنگ، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر وادەی پشووی پەرلەماندا، تائێستا وادەی ئەنجامدانەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی دیاری نەکردووە، کە پێدەچێت تا ٢٠ی ئەم مانگە پەرلەمان دانیشتنەکانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاساکان دەستپێنەکاتەوەو تەنیا کۆبوونەوەیەکی پرۆتۆکۆلی ئەنجامبدات.

رۆژی ٢٠١٠/٦/٣٠ پەرلەمانی کوردستان کۆتایی بە دانیشتنی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی سێیەمی خۆی هێناو لەو خولەیدا، (٢٢) دانیشتنی ئاسایی‌و (١٠) دانیشتنی نائاسایی ئەنجامدا، هەروەها (١٠) پرۆژەیاسای پەسەند کردو (٤) بڕیارو (٥٢) پرۆژەیاساش خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کرا.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبوو لە (٩/١)وە دانیشتنی کردنەوەی خولی گرێدانی سێیەمی ساڵی یەکەمی خولی سێیەم ئەنجام بدرایە، بەڵام بە وتەی تارق جەوهەر، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان، وتی: دوای کردنەوەی خولی نوێ کاتی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان دەستپێدەکەنەوە.

دواکەوتنی دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدایە، کە (٤٢) پرۆژەیاسا چاوەڕوانی خوێندنەوەی دووەم‌و پەسەندکردنن لە پەرلەمانی کوردستان، کە زۆرینەیان پرۆژەی گرنگ‌و پێویستن.

سەرهەنگ فەرەج، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژە بەوەدەکات: «تەنیا لەدوای پشوو دانیشتنەکان دوانەکەوتوون‌و ئەوە شتێکی نوێ نییە خەریکە دەبێتە نەریت»، سەرسوڕمانی خۆشی نیشان دەدا بەرامبەر بەو خەمساردییەی پەرلەمان‌و وتی: «پێم سەیرە پەرلەمان هێندە خەمساردەو دانیشتنەکان ئەوەندە کەمن، کە دەبوو ئەم پەرلەمانە لە هەموولایەک زیاتر خەمی کێشەکانی بووایە».

بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان داویەتی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئازادە لە دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکان‌و دارشتنی بەرنامەی کار، ئەمەش وایکردووە کە هۆکاری ئەو سستییەی پەرلەمانی پێدا تێپەڕدەبێت بخرێتە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

رۆژنامەنووس شوان محەمەد، کە سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنەیە، لەگەڵئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە بەرپرس دەزانێت لە دواکەوتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان‌و دواکەتنەکەیشی بەهەر بیانوویەک بێت بە زیانی خەڵکی کوردستانی دەزانێت‌و دەڵێت: «دواخستنی پڕۆژەیاساکان هەست نەکردنە بە هەستیاریی بارودۆخی کوردستان».

چاودێرانی سیاسیش حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە هۆکاریی سستی پەرلەمان دەزانن، بەوپێیەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشێکن لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

د.کامەران بەرواری، مامۆستای زانکۆو چاودێری سیاسیی جەخت دەکاتەوە، کە پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەستوەردانی راستەوخۆیان هەیە لە کاری پەرلەمانی‌و ئەوەی دەبینرێت دەنگو رەنگی سەربەخۆی پەرلەمانتاران نییە، بەڵکو حیزبە سیاسییەکانی دەسەڵاتن دەیانجولێنن، کە بە وتەی ئەو: «باجی ئەوەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ میللەت دەیدات، هەربۆیە پێویستە پەرلەمان ئازادبن‌و واز لە وەرگرتنی فەرمان لە پارتە سیاسییەکان بهێنن‌و ببنەوە بەو پەرلەمانەی کە لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بانگەشەیان بۆ دەکرد».

جگە لە کەڵەکەبوونی دەیان پرۆژەیاسا لە پەرلەمان، لە ماوەی رابردوودا چەندین پرسی گرنگیش هاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە، لەوانە: مەسەلەی نەوت، پێکهێنانی حکومەتی عێراق، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو دەیان مەسەلەی دیکە، کە پێویست بوو پەرلەمان هەڵوەستەیان لە بارەوە بکات.

شوان محەمەد، لەوبارەیەوە دەڵێت: «پەرلەمانێک هێندە خەمسارد بێت‌و لەگەڵ بوونی ئەم مەسەلانە دانیشتنەکانی دوابخات بێ هیچ پاساوێک، دەبێت لەچ کاتێکدا دانیشتن بکات».

سەباح بەیتوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی وتی: «رەنگە هۆکاری دواکەوتنی دانیشتنەکان تەواو نەبوونی راپۆرتی لیژنەکان بێت لەسەر پرۆژە یاساکان».

بەڵام بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ ئەو بیانووەی رەتکردەوەو باسی لەوەکرد؛ کە کردنەوەی خول پەیوەندیی بە راپۆرتی لیژنەکانەوە نییە: «ئەگەر ئەو بیانووە بۆ دەستپێکردنەوەی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمانیش بێت، ئەوا هەر بیانوویەکی لاوازە، چونکە لە زیاتر لە (٥٠) پڕۆژەیاسا، لانیکەم (١٠)یان راپۆرتەکانیان تەواو بووە».

بەهۆی گۆڕانی بارودۆخ‌و هەمەڕەنگی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان‌و بوونی ئۆپۆزسیۆنەوە، چاوەڕواندەکرا ئەم خولەی پەرلەمان چالاکترو پڕ بەرهەمتر بێت، بەڵام کارەکانی ماوەی رابردوو لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییەدا نەبووە.

د. کامەران بەرواری، لەو بڕوایەدایە کە ماوەی کاری پێشووی پەرلەمان ئەو راستییەی سەلماند، کە ئەو پەرلەمانەی چاوەڕوان دەکرا گۆڕانکاریی بکات‌و چالاک بێت‌و لەسەر هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە بێنە وەڵام، نەتوانرا بهێنرێتە دی، چونکە ئەوەی دەبینرێت پێچەوانەیەو تا دێت پەرلەمان سست دەبێت‌و دانیشتنەکانی لەبری ئەوەی زیادبن کەمتر دەبنەوە.

پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، لە ساڵێکدا (١٢٠) رۆژ پشووی هەیە، ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ کاری پەرلەمانی ئەو وڵاتانەی کە ئەزموونیان کەمەو لە سەرەتادان، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئێران پشووی پەرلەمان لە ساڵێکدا تەنیا (٢٠) رۆژە.

بیلال سلێمان، ئاماژە بەوەدەکات لە سەرەتاوە داوایانکردووە پشووی پەرلەمان کەمبکرێتەوەو دەڵێت: «ئەو بەراوردە زۆر قورس لەسەر پەرلەمانی کوردستان دەکەوێت، کە لەماوەی (٤) ساڵەکەدا (٤٨٠) رۆژ پشووی هەیە، جگە لە پشووە رەسمییەکان، هەرجارێکیش خول دەستپێدەکاتەوە (١٠-٢٠) رۆژ دانیشتنەکان دوادەکەون، لە وڵاتانی دیکەش کە ئەزموونی کاری پەرلەمانیان زۆر لە هەرێم زیاترە، پشووەکانیان چوار یەکی ئێمەیە».

«گۆڕان پرۆژەیەکی چاکسازیی داوەتە حکومەت» 6

### «سکاڵاکە بۆ دەمکوتکردنی میدیای ئازادو ترساندنی ڕۆژنامەنووسانە»

# پارتی: هاوڵاتی و ئاوێنە و ڕۆژنامە دەداتە دادگا

**ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق**

پارتی دیموکراتی کوردستان، بە تۆمەتی ناوزڕاندنی‌و سوکایەتی پێکردنی زنجیرەیەک سکاڵایی یاسایی لە دەرەوەی یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێم‌و لە بەرمەبنای یاسایی سزادانی عێراقی لەسەر «ئاوێنە، هاوڵاتی‌و ڕۆژنامە» تۆمار دەکات، وەک مەرجی پێشوەخت‌و بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زیانەی پێی کەوتووە داوای (یەک ملیارو پێنج سەد ملیۆن) دینار دەکات.

دوای تێپەڕبوونی (٢٨) ڕۆژ بەسەر تۆمارکردنی سکاڵا ملیاردۆلارەکەی پارتی بەرامبەر «ڕۆژنامە»، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی ئەو پارتە جارێکی تر زنجیرەیەک سکاڵای یاسایی لەڕێگەی دادگای بەرایی هەولێر لەسەر هەفتەنامەی ئاوێنەو هاوڵاتی‌و ڕۆژنامە تۆمار دەکات، بەشێوەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ئەدەبی‌و مەعنەوییانەی لەڕێگەی مادە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەو ڕۆژنامانەوە بەر پارتەکەی کەوتووە، داوای (٥٠٠) ملیۆن دینار لە هەر یەکێکیان دەکات.

ئەوەی پەیوەندیی بە ئاوێنەوە هەیە، داواکە لەسەر هەردوو بابەتی (لە هەولێر هەڵبژاردن بەدەر نەبوو لە ساختەکاریی، سەرۆک ناخۆشتکرد) تۆمارکراوە، کە لە ژمارە (٢١٤)ی (٢٠١٠/٣/٩) بڵاوکراوەتەوە، سکاڵاکەی هاوڵاتیش لەسەر چەند هەواڵ‌و ڕاپۆرت‌و وتارێکە، کە پەیوەندیی بە پارتی‌و هەڵبژاردنەکانەوە هەیە، لە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/١٧) لە ژمارە (٦١١) بڵاوکراوەتەوە. پەیوەندیدار بە «ڕۆژنامە» سکاڵای دووەمی پارتی لەسەر ڕووماڵکردنی چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانییە لە کەیسی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان‌و لە ژمارە (٥٨٢)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٥/١٨ بڵاوکراوەتەوە.

لە برگەی (٥)ی مادەی (٨)ی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی ڕۆژنامەگەرییدا هاتووە: «نابێ دوای تێپەڕبوونی (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوە، هیچ جۆرە ڕێکارێکی یاسایی لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووس بگیرێتە بەر»، بەڵام سکاڵاکەی پارتی لەسەر ئەو مادە ڕۆژنامەوانییانە لەکاتێکدایە زیاتر لە (٩٠) ڕۆژ بەسەر کاتی بڵاوکردنەوەیاندا تێپەڕیوە.

شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەوان دەزانن ئەو جۆرە داوایە بە بەرنامەو ئاراستەکراوە بۆ دەمکوتکردنی میدیای ئازادو ترساندنی ڕۆژنامەنووسانە، بەڵام تەمەننا دەکەن ئەوە ڕەئی سەرۆکی هەرێم‌و ڕەئی زاڵی ناو پارتی نەبێت، بەڵکو هی تەیارێکی پارتی بێت.

سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، وتیشی: «ئەو داوایە ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاندووەو بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێم ماوەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەنووس، ئێستا کە ماوەی یاسایی بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەدا تێپەڕیوە، پارتیش مافی سکاڵا تۆمارکردنی لەدەستچووە».

پسپۆڕێکی یاسای ڕاگەیاندن ڕوونیدەکاتەوە ئێستا لە هەمووکات زیاتر ڕۆژنامەکان لەڕێگەی زانیارییەکانەوە قسە لەسەر حیزب‌و کەسایەتییەکان‌و لێپرسراوەکان دەکەن، بۆیە بەشێکی لەو زانیارییانە تاوانی بڵاوکردنەوە پێکدەهێنن‌و دەبنە سکاڵا، بەشێکی کەمیش لەو سکاڵایانە دەگەنە قۆناغی کۆتایی لە دادگاکاندا.

د.سامان فەوزی، بە ڕۆژنامەی وت: «کاتێک ڕۆژنامەیەک زیاندەگەیەنێت بە لایەنێک، لێپرسراوی تاوانکاری دروستدەبێت بەگوێرەی یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێم سزاکەی غەرامەیەو دیاریکراوە، لە هەمانکاتدا دەکرێت لە ئەنجامی ئەو تاوانەوە زیان بگات بە کەسایەتی سروشتی، یان مەعنەویی وەک (حیزب‌و حکومەت‌و وەزارەتەکان) بەگوێرەی مادەی (٢٠٥)ی لە یاسای مەدەنی، هەر کەسێک زیانی مادیی، یان مەعنەویی بەربکەوێت دەتوانێت سکاڵا بەرزبکاتەوەو داوای هەر بڕە پارەیەک بکات، دواجار ئەوە دادگایە لەڕێگەی کەسی شارەزاوە بڕی ئەو زیانە دیاریی دەکات، کە بەر کەسی سکاڵاکەر کەوتووە».

د.سامان فەوزی، ئەوەش ڕادەگەیەنێت: «بەرزکردنەوەی هەر داوایەک لەسەر بابەتی ڕۆژنامەوانی، کە (٩٠) ڕۆژ بەسەریدا تێپەڕێت، پێویستە دادگا ڕەفزی بکات، چونکە بەپێی یاسا ئەو کەسەی داوایەک لەسەر ڕۆژنامەیەک تۆمار دەکات بۆی هەیە لەماوەی (٣) مانگدا سکاڵا بەرزبکاتەوە، ئینجا ئەو سکاڵایە بەپێی یاسایی تاوانکاریی بێت، یان یاسای مەدەنی‌و داوای قەرەبوو بکات، لەدەرەوەی ئەو حاڵەتە ئەرکی پارێزەری ڕۆژنامەکەیە بەشێوەیەکی یاسایی هەوڵی پەکخستنی داواکە بدات».

تۆمارکردنی ئەو سکاڵایانە لە دەرەوەی یاسایی ڕۆژنامەگەریی هەرێم نارەزایی لە ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکان لێکەوتووەتەوە، لەو چوارچێوەیەدا سەنتەری میترۆ نیگەرانیی خۆی دەربڕیوەوهاوکاتیش گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ئاماژە بەوە دەکەن، لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزای لەسەر یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کردووە، بەڵام خودی پارتەکەی خۆی بەپێچەوانەی ئەو یاسایە مامەڵە دەکەن‌و ماوەیەکە لەڕێگەی تۆمارکردنی سکاڵاوە کەوتوونەتە چاوترساندنی ڕاگەیاندنەکان.

لای خۆیەوە، مەریوان حەمە سەعید، بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان تۆمارکردنی ئەو سێ سکاڵایە لە چوارچێوەی یاسایی سزادانی عێراقی وەک بێڕێزیی‌و پێشێلکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی دەبینێت‌و دەڵێت: «ئەم هەڵمەتی سکاڵا تۆمارکردنە کاریگەریی سلبی لەسەر ڕووماڵکردنی کاری ڕۆژنامەوانی‌و ترساندنی ڕۆژنامەنووسان دەبێت، چونکە پاڵنەری سیاسییان هەیەو هەوڵدەدرێت لەڕێگەی دادگاوە ترس بخرێتە دڵی ڕۆژنامەنووسانەوە».

بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ، ئاماژە بە خراپیی‌و ڕێگرییەکانی سیستمی یاسایی هەرێم دەکات لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان‌و نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە، ئەگەر لە ئەمریکا سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لەسەر سوکایەتیکردن بە پارتەکەی داوا تۆمار بکات، دەبێت لەپێشدا ئەوە بسەلمێنێت کە سوکایەتی پێکراوە، نەک ڕۆژنامەنووسەکە بیسەلمێنێت تەشهیری نەکردووە، کەچی ئەم حاڵەتە لێرە پێچەوانەیە!

لەبارەی هەڵوێستی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش بە تۆمارکردنی سکاڵا لە دەرەوەی یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێم، ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماژە بەوە دەکات؛ تۆمارکردنی سکاڵا لە دەرەوەی ئەو یاسایە، نایاساییە.

ئەنوەر حسێن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر ڕۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەریی هەرێم، کارێکی ئاساییە، بەڵام تۆمارکردنی هەر سکاڵایەک بەدەر لەو یاسایە، یاسایی نییە، چونکە ئەو یاسایە پەرلەمان دەنگی لەسەرداوەو سەرۆکی هەرێم واژۆی کردووەو پێویستە کەیسە ڕۆژنامەوانییەکان لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت».



فۆتۆ: ڕۆژنامە

> **ئەنوەر حسێن: سەرۆکی هەرێم واژۆی لەسەر یاسای ڕۆژنامەگەریی کردووە، پێویستە سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەنووس بەپێی یاسای ڕۆژنامەوانیی بێت**

---

# ئاڵوگۆڕی پۆستی سەرۆک وەزیران، لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا

### چاودێرێک: بەرنامە بە دوو ساڵ جێبەجێ ناکرێت، دەبێت فرسەتی چوارساڵیی بدرێت بە د.بەرهەم

**ڕاپۆرتی بەرهەم خالید**


د.بەرهەم

فۆتۆ: ڕۆژنامە

بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتی‌و پارتی، لەم خولەی حکومەتدا ماوەی سەرۆکایەتیی وەزیران بۆ د.بەرهەم ساڵح، کەمتر لە ساڵێکی ماوەو چاودێرانیش دوو ساڵ بە ماوەیەکی کورت دادەنێن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەت.

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر، ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردەوە کە د. بەرهەم، تەنیا دوو ساڵ سەرۆکی حکومەت دەبێت‌و دواتر پارتی سەرۆکایەتیی حکومەت وەردەگرێتەوەو میدیاکانی یەکێتی بە توندیی ئەوەیان ڕەتکردەوەو بە بەشێک لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنیان لە قەڵەمدا، بەڵام وتەکانی مەحمود محەمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەفتەی ڕابردوودا لە ڕۆژنامەی ئاوێنە، ڕاستیی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەیان پشتڕاستکردەوە.

ڕۆژنامە، لە ژمارە (٣٥٠)ی ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٦) کە ئەو کات هێشتا کابینەکەی شەش پێک نەهاتبوو، لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردەوە کە تەمەنی سەرۆکایەتیی وەزیران بۆ د. بەرهەم ساڵح، تەنیا دوو ساڵەو لە پاش ئەو، پارتی ئەو پۆستە وەردەگرێتەوە، هەروەک ئازاد بەرواری جێگری د. بەرهەمیش، ئەو کات ڕایگەیاند، کە «جارێ زووە باس لە ماوەی سەرۆکایەتیی د. بەرهەم بکرێت‌و ڕێککەوتنی ستراتیژیی‌و شتی نووسراو لەنێوان پارتی‌و یەکێتیدا هەیەو ئەو پرسە لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدایە کە لەنێوان سەرۆک تاڵەبانی‌و بارزانیدا ئیمزا کراوە».

بەپێی ئەو لێدوانانە بێت، تەمەنی سەرۆکایەتیی حکومەت بۆ د. بەرهەم، تا دوای ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو بەردەوام دەبێت.

بەشێک لە چاودێران، دوو ساڵ بە ماوەیەکی کەم دەزانن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کابینەیەک‌و پێیانوایە، هیچ کەس لەو ماوەیەدا فریای جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتەکەی ناکەوێت.

ڕێبین ڕەسوڵ، چاودێری سیاسیی لە هەولێر، پێیوایە: هیچ حکومەتێک ناتوانێت لە ماوەی دوو ساڵدا، بەرنامەی خۆی جێبەجێبکات، کاتی خۆشی یەکێتی بەوشێوەیە بڕیاریاندا کە دوو ساڵی دیکە بدەنەوە بە نێچیرڤان بارزانی، چونکە پێیانوابوو کە دوو ساڵ کەمە بۆ ئەوەی کابینەکە سەرکەوتوو بێت، بۆیە تەنازولیان لە مافی خۆیان کرد، هەروەها ڕێبین لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: «پێموایە، دەبێت پارتیش بە هەمانشێوە تەنازول لەو مافە بکات، لەبەرئەوەی ئەو پڕۆژانەی کە د. بەرهەم بڕیاری لەسەر داون، بە ساڵ‌و دوو ساڵ جێبەجێ ناکرێن، بۆیە پێویستە فرسەتی تەواوی خۆی بدرێتێ بۆ بەڕێوەبردنی کابینەکە تا چوار ساڵەکە تەواو دەبێت».

ئەو چاودێرە سیاسییە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: «ڕوودانی ئەو ئاڵوگۆڕە، متمانەی هاوڵاتییان بە لیستی کوردستانیی لاواز دەکات‌و بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو هاوپەیمانێتییەی یەکێتی‌و پارتی زۆر ڕووکەشەو لەرزۆکەو نەبووەتە شتێکی جەوهەریی‌و ناتوانێت بەرەنگاری تەحەدییەکان ببێتەوە».

بەشێکی تر لەچاودێران پێیانوایە، بەوپێیە پێشتر یەکێتی ماوەی چوارساڵەکەی داوە بە پارتی، بۆیە یەکێتیش مافی خۆیەتی چوارساڵی سەرۆکایەتیی کابینەی شەشی بەدەستەوەبێت‌و بەرنامەکانی جێبەجێبکات.

عارف قوربانی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ، پێیوایە: ئەو هەنگاوە پەیوەندیی بە ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتی‌و پارتییەوە هەیەو بیرۆکەی ئەوەش هەبووە، سەرۆکایەتیکردنەکە دوو ساڵ جارێک بێت لەپێناو زوو ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتدا، بەڵام ئەوەبوو لە خولی ڕابردوودا، بە ڕێککەوتنی نێوان تاڵەبانی‌و بارزانی دوو ساڵ بۆ نێچیرڤان بارزانی درێژکرایەوەو چوار ساڵی خۆی تەواوکرد، بۆیە ئەم چوار ساڵەی ماوە، ئیستیحقاقی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە».

قوربانی، وتیشی: «ئەگەر ئەو گۆڕانکارییەش بکرێت، هیچ کاریگەریی ئەوتۆی نابێت لە بەرنامەی حکومەت‌و بڕیارەکانی، بە تایبەت کە ئەم کابینەیە چەند نەریتێکی نوێی داهێناوەو ئەگەر کەسەکانیش بگۆڕێن، نابێت لەو بڕیارانە پەشیمان ببنەوە».

دەربارەی بڵاوکردنەوەی ئەو لێدوانانەش لەم کاتەدا، سەرنووسەری ئاسۆ، ئەوەی خستەڕوو: سەرەڕای ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوانیان، تا ئێستاش جۆرێک لە ناکۆکی لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا هەیەو هەندێکجار «چڕنووک» لە یەک دەگرن: «ئەم لێدوانانەی ئەمدواییەی مەحمود محەمەد، بە کاردانەوەی ئەو چاوپێکەوتنەی قانعی فەرد دەزانم کە پارتی پێیوایە، یەکێتی لەپشتییەوەیەتی‌و دەیەوێت بە یەکێتی بڵێت، ئێمەش دەتوانین ئێوە بێزار بکەین».

لە دوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ەوە، باڵانسی هێز لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا گۆڕاو بەشێکی بۆچوونەکان پێیانوایە، یەکێتی ئەو قورساییەی پێشتری بەرامبەر پارتی نەماوە، بۆیە ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕێکی لەوجۆرە لە پۆستەکانی سەرۆکایەتیی حکومەت‌و پەرلەماندا چاوەڕوانکراوە.

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بە نێوانی یەکێتی‌و پارتییەوە هەیەو بە لێکدانەوەی دەقەکانی ڕێککەوتنامەی ستراتیژیی‌و وەرگێڕانی ئەو دەقانە بۆ سەر ئەرزی واقیع، «بۆیە لە هەموو حاڵەتێکدا پێشبینی دۆخێکی لەو جۆرە دەکەم، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای(٧/٢٥)ەوە هاتوونەتە ئاراوە».

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە لە چوارچێوەی لێکتێگەیشتنی یەکێتی‌و پارتی‌و چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوانیان بێت، جۆرێکی تر لە دابەشکردنی ڕۆڵ‌و دابەشکردنی ڕۆڵی یەکتر بێت، ئەوا بە سلبی بەسەر بارودۆخی کوردستاندا ناشکێتەوە، بەڵام دیارە ئەگەر تەفاهوم نەبێت‌و زۆرلێکردن هەبێت‌و لایەکیان بە ناچاریی باری سەرنجی ئەویتر قبووڵ بکات، ئەوا ئەو کات ڕەنگە بەشی خۆی کاریگەریی نێگەتیڤ‌و خراپی هەبێت بۆ سەر کوردستان.



## بەرپرسی لقی چواری پارتی:

# سەرکردایەتیی پارتی، لە سلێمانی دروستبووە



### بوونی پەیوەندیی لەنێوان سەرۆک بارزانیو سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕاندا، لە بەرژەوەندیی گشتیدایە

سازدانی: رۆژنامە

**هیوا ئەحمەد، بەرپرسی نوێی لقی چواری سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێیوایە: لەئێستادا، دۆخی حیزبەکەی باشترە لە پێشترو دەڵێت: «بڕوا بکەن، هەرچی هێزی خۆمان هەیە، بەکاری دەهێنین بۆ ئەوەی جارێکی تر لە سلێمانی، پارتی ببێتەوە بە هێزەکەی جاران». ناوبراو لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەی رۆژنامەدا، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: «لە بەرژەوەندیی گشتیدایە، پەیوەندیی لەنێوان پارتیو بزووتنەوەی گۆڕاندا هەبێت».**

**رۆژنامە: بەر لە هاتنی ئێوە بۆ بەرپرسی لقی چواری پارتی لە سلێمانی، دەوترا، حیزبەکەتان لەم شارەدا، لەحاڵەتی سڕبووندایە، ئێستا دۆخی حیزبەکەتان چۆنە؟**

* پارتی، پێشتریش بەر لە هاتنی من، لە دۆخی سڕبووندا نەبووەو دوای هاتنی ئێمەش، دەستمان کرد بە کارکردنی چڕو پڕ، تا ئێستا زیاتر لە (٦٠٠٠) کەسمان لە ناو بارەگای (لقی/٤)دا بینیوەو کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵیانداو جموجۆڵێکی باشی حیزبیمان دروستکردووە، گوێمان لە خەڵک گرتووەو کەموکورتییەکانی خۆمان دەستنیشانکردووەو بۆمان روونبووەتەوە، لە ئەنجامی بینینی خەڵکو کۆبوونەوەی رێکخراوو ناوچەکان لە دیداری جیاجیادا، ئێستا دەزانین کە گرفتمان لە کوێیە، (٥-٦) مەلەف هەیە کە پێویستمان بە کارکردن هەبووە لەسەریانو ئێستا وا کاریان لەسەر دەکەینو ئیتر گرفتی ئاشت نەبوونەوەی خەڵکمان نامێنێت، لەبەر ئەوەی بە کردەوە دەچینە ناو مەیدانەکەو ئیتر لەمەولا دەستدەکەین بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی هەمانە بۆ هەڤاڵانو جەماوەری خۆمان.

**رۆژنـامـە: ئەو گۆڕانکارییانە چین کە کردووتن؟**

* جـارێ گۆڕانکارییمان نـەکـردووە، زیاتر خەریکی دیراسەکردن بووینو شوێنە فەراغەکانمان دیاریکردووە، دەمانەوێت، دوای کۆنگرە دەست بە گۆڕانکاریی بکەین.

**رۆژنامە: هەندێک لە کادیرانتان پێیان وایە، ئەوەی کە کردووتە شتی شکڵییەو بەردێکت نەخستووەتە سەر بەردێک؟**

* هەندێک کەس بە پەلەن لە گۆڕانکارییو هەندێکیش هەموو شتێک لە بەرژەوەندیی کەسیی خۆیاندا دەبینن، هەرچی بکرێت بۆ خەڵک بەگشتیی بیکەیت، ئەگەر بە شەخسی کارێکت بۆ کەسێک نەکرد، یان پێت نەکرا، ئیتر ئەوەی کردووتە بۆ خەڵکی تریش، هەمووی (سفر) دەکاتەوەو پێی وایە، ئەو هەموو خەڵکە وا نییە، ئێمە بەکردەوە لە مەیدانەکەداین، بەڵام هەندێک داواکاریی هەیە، گرانەو لە توانای لقەکەدا نییە، بەرزی دەکەینەوە بۆ سەرووی خۆمانو لەوێ بڕیار دەدرێت، ئەوەی لەتوانای خۆماندابێت، وەک لقی چوار، یەک داواش رەفز ناکەینەوەو دەیکەین، ئێمە هاتووین ئیش بکەین.

**رۆژنامە: لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوو، دەرکەوت کە ئێوە حیزبی چوارەمو پێنجەمن لە سلێمانی، ئێستا بنکەی جەماوەریتان گەشەی کردووە، یان وەستاوە؟**

* ئێمە حیزبی چـوارەمو پێنجەم نین، جەماوەرێکی نیگەرانمان هەبووەو ئاشتیان دەکەینەوە، بڕوا بکەن هەرچی هێزی خۆمان هەیە بەکاری دەهێنین بۆ ئەوەی جارێکی تر لە سلێمانی، پارتی ببێتەوە بە هێزەکەی جارانو دەشیبینین.

**رۆژنامە: کێشەت هەیە لەوەی کە بتوانیت بە خواستی خۆت گۆڕانکاریی بکەیت؟**

* ئەوەش بە دڵنیاییەوە، چونکە جارێک دەمەوێت بەتەواوی خەڵک بناسمو ئاستی توانایان تێبگەمو جگە لەوەش بە بـڕیاری (م.س)ی بـەڕێـز، جـارێ تا دوای کۆنگرە گۆڕانکاریمان راگرتووە، مەگەر ئیشێکی زۆر زۆر پێویست بێت.

**رۆژنامە: مەکتەبی سیاسیی، پشتیوانیت دەکات، چی کردووە؟**

* جا ئەگەر (م.س) پشتیوانیم نەکات، چۆن دەمنێرێت بۆ سلێمانی، خۆ ئەوە یاریکردن نییە، منیان ناردووە بۆ ئەوەی رەوشەکە باشتر بکەن، نەک خراپی بکەن، بۆ باشکردنیشی پێویستی بەپشتیوانی باش هەیە، بەڵێ، هەموو مەکتەبی سیاسیی، پشتیوانی ئێمە دەکاتو نایەتە بیرم شتێکم داوا کردبێتو بۆیان نەکردبێتم.

**رۆژنامە: لەناو کادیرانی لقەکەتدا، جۆرێک نارەزایی هەیە سەبارەت بە مووچەو پێیان وایە، فەوزایەک دروستبووە کادیر هەیە مانگانە ملیۆنێک مووچە وەردەگرێتو هەشە (٣٠٠) هەزار، ئایا ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەن؟**

* راستە، ئەوە هەیەو دوای کۆنگرە ئەم کێشەیە نامێنێت.

**رۆژنامە: بەڕێزتان، تاکەی بەرپرسیارێتیتان لە لق وەرگرتووە، دەڵێن، تا بەستنی کۆنگرەیە لەمانگی (١١)دا؟**

* بەرپرسیارێتیی من دیار نییە، مەکتەبی سیاسیی ئەرکی ترم پێ بسپێرن بۆ موسڵو بەغداو خانەقینیش دەچم، بەڵام راست نییە تا کۆنگرە بێت، ئێستا خەریکی گواستنەوەی ماڵەکەمو پرسم بە سەرووی خۆم کردووەو وتوومە ئەگەر بۆ (٦) مانگە با ماڵەکەم نەبەم، وتیان برۆ خۆت قایم بکە بۆ (٦)ساڵیش حسابی خۆت بکە، نەک بۆ (٦)مانگ.

**رۆژنامە: هەواڵێک هەیە، پارتی دەزگایەکی راگەیاندنی گەورە لە سلێمانی بخاتەگەڕ، ئەمەش لەلایەن کاک نێچیرڤانەوە کاری بۆ کراوەو ئاری هەرسین سەرپەرشتی دەکات، ئەم مەسەلەیە چۆنە؟**

* سەبارەت بە راگەیاندن، پەیوەندیی بە کاکە (ئـاری هـەرسـین)ەوە هەیە، ئەو بەرپرسی راگەیاندنی سەرکردایەتیی پارێزگای سلێمانییەو ئەوەی دەیزانم، کاک ئاری کۆمەڵێک بیروڕاو بەرنامەی جوانی هەیە، ئەگەر بکەوێتە بواری کارکردنەوە، خزمەتی گەورە پێشکەش دەکات، نەک هەر بە پارتی بە تەنیا، بە بواری راگەیاندنو رۆژنامەوانی بە شێوەیەکی گشتیی، دڵنیام جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانیو سەرکردایەتیی حیزبی ئێمە، پشتیوانیی دەکەن بۆ ئەوەی سەر بکەوێت.

**رۆژنـامـە: بڕیاربوو نووسینگەیەکی (م.س) پارتی بێتە سلێمانی، ئایا هاتووە کێ بەرپرسێتی؟**

* سەرکردایەتیی پارێزگای سلێمانی، دروستبووەو بارەگاکەی لە سلێمانییەو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی بەرپرسیەتی، کە هەڤاڵ (عیزەدین بەرواری)یەو هەڤاڵانی تـر لـە کۆمیتەی نـاوەنـدی، ئەندامن لەو سەرکردایەتییەو مەرجەعی یەکەمی لقەکانمان ئـەو سەرکردایەتییەیە کـە باسم کـردو سەڵاحیەتی زۆر کاریان دەبێتو دەستیان کراوە دەبێتو بە کردەوە لە مەیدانەکەدا هەنو ئامانجمان ئەوەیە کە هەموو جار بۆ بڕیارەکان نەگەڕێینەوە بۆ مەسیف سەڵاحەدین، ئەم سەرکردایەتییە دەتوانێت لەسەر لقەکانی خۆی، کاری حیزب بڕیاربداتو لە نزیکەوە چاودێریی رەوشی حیزب دەکات.

**رۆژنامە: با بێینە سەر مەسەلەی کۆنگرە، بڕیار دراوە کە کۆنگرە لەم ساڵدا ببەستن؟**

* بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، کۆنگرە لە مانگی (١١) دا دەبەسترێت.

**رۆژنـامـە: پێتوایە، پێویستە کۆنگرە گۆڕانکاریی جدیی بکات؟**

* پارتی، بە خۆیو سیاسەتو بەرنامەیدا دەچێتەوەو لەسەر ئاستی کوردستانو عێراقو ناوچەکەش خاڵە لاوازو بەهێزەکان دەستنیشان دەکاتو خاڵە لاوازەکان ناهێڵێتو بەهێزەکان گەشەپێدەدات.

**رۆژنامە: پەیوەندیتان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەیە؟**

* تا ئێستا، نە لە دوورو نە لە نزیک، هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئێمەو گۆڕاندا نییە.

**رۆژنامە: پێتانوایە، پێویستە پەیوەندیی هەبێت لەنێوان پارتیو گۆڕاندا؟**

* بە رای من، لەسەر ئاستی باڵا، واتە لە نێوان جەنابی سەرۆک بارزانیو سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕاندا، بوونی پەیوەندیی، بەرژەوەندیی گشتی تێدایەو بڕواناکەم کە هیچ کاریگەرییەکی سلبیشی بۆ پەیوەندییو رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئێمەو برایانمان لە (ی . ن . ک) هەبێت، چونکە جەنابی سەرۆک بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو بـەڕێـز سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک) جەنابی مام جەلالیش، باش درکی بەو بابەتە هەستیارەی خۆیو بابەتەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، حەزی لە هێمنیو سەقامگیریی وڵاتە، نەک هەر ئەوەش، بەڕای شەخسی خۆم، لەوپەڕی گرژییو ئاڵۆزییو گۆڕینی سیاسیی نێوان گرووپو لایەنەکاندا، میساقێکی شەرف ببەسترێت کە هەرگیز نەگاتە ئـەوەی (هێڵی سـوور) ببەزێنرێت، ئەوەش خزمەت بە ئایندەی وڵاتو بۆ مێژووش خزمەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو ناوو ناوبانگی میللەتەکەمان دەکات.

## راوێژکاری سەرۆکی حکومەت:


# مینحەی رێکخراوەکان لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو مەنسوبیەت بووە

ئاوارە حەمید- هەولێر

راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری رێکخراوەکان ئاماژە بەوەشدا لە رابردوودا پێدانی مینحە بەرێکخراوەکان لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو مەنسوبیەت بووە، نەک لەسەر بنەمای لێهاتوویی و پرۆژە.

بەبڕیارێکی حکومەتی هەرێم مینحەی سەرجەم رێکخراوەکان کرا بە (٥)ملیۆنو (٥٠٠)هـــەزار دینار تاکۆتایی ئەمساڵو دەرچـــوونـــی یاسـایـەکـی نـــوێ بـۆ ئەو رێکخراوانەو بەپێی رەشنووسی یاسایەکی تایبەت بە رێکخراوەکانیش، لەمەودوا پێدانی مینحە لەسەر بنەمای پرۆژە دەبێت، نەک مانگانە.

هێمن مەلازادە سکرتێری رێکخراوی (را) بۆ پرسە نەتەوایەتییەکان پێیوایە ئەو بڕیارەی حکومەت لایەنی چاکو خراپی هەیە: «لایەنێکی ئەوەیە کۆمەڵێک رێکخراوی بێ چالاکیی، ئەم (٢)ملیۆنو (٥٠٠)هەزارە وەردەگرن، لایەنێکی



تر ئەوەیە کۆمەڵێک رێکخراو بەرکەوتن کە کارو چالاکییان هەبوو، یان رێکخراوی ئەکتیڤ بوون، بەڵام حکومەت مینحەکانی کەمکردنەوە، ئەمەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە».

ئاماژەی بەوەشدا لە رابـردوودا پێدانی مینحە یەکسانیی پێوە دیار نەبووە، رێکخراو هەبوو چالاکی نەبوو مینحەیەکی باشی وەردەگـرت، بەپێچەوانەشەوە، بۆیە ئەم هەنگاوەی حکومەت بە بڕوای ئێمە هەنگاوێکی باش بوو.

لەبەرامبەردا فازڵ عومەر راوێژکاری سـەرۆکـی حـکـومـەت بـۆ کـاروبـاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو گەنجان بە رۆژنامەی وت: «حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی دوو رەهەندی هەیە سەبارەت بەرێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، رەهەندێکیان کارکردنە لەسەر یاسایەکی نوێ بۆ رێکخراوەکانو رەهەندێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گلەییو گازندانەی کە لە لایەن رێکخراوەکانەوە دەکرا بەوەی جۆرێک ناعەدالەتیی لە پێدانی مینحەدا هەیە.

بەوتەی ئـەو راوێـژکـارە، لە ئێستادا لە کوردستان (١١٣٤) رێکخراو هەیەو لەو رێژەیەش (٢١٤)یـان مینحەیان هەیە، لەبەرئەوەی ئەم رێکخراوانەی مینحەیان پێدراوەو بارەگایان بە کرێ گرتووە لەسەر ئەم مینحەیە، بۆیە بڕیاردرا کە ئەم رێکخراوانە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بۆ هەر رێکخراوێک (٢)ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دیناریان پێبدرێت.

سەبارەت بە پێدانی مینحە لە رابردوودا بەوەی کە رێکخراوەکان مینحەیان لەسەر کارو پرۆژە نەبووە، جیاوازی لەنێوانیاندا کراوە فازڵ عومەر وتی: «ئاگادارین لە پێدانی مینحە جیاوازی زۆری هەبووە، لەسەر کارو پـرۆژە نەبووە، لەبەرئەوەی سیستمێکی گونجاو نەبووە بۆ پێدانی مینحەی رێکخراوەیی لە کوردستانو راستییەکی حاشا هەڵنەگرەو پێویست بە خۆ لێدزینەوە ناکات کە پێدانی مینحەی رێکخراوەیی لە رابـردوو لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو مەنسوبیەت بووە لەسەر لێهاتوویی کەفائەو توانایان نەبووە.

راوێژکاری سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەشدا، هەندێک لە رێکخراوەکانو سەنتەرە رۆشنبیرییەکان لەوەزارەتی رۆشنبیریی ولاوان هەندێکیشان لە بەڕێوەبەرێتییەکانی دارایی سلێمانیو هەولێر مینحەیان پێدراوە، بەڵام هەبووە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو پارێزگارو ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاز کراوە کە ئەم رێکخراوە کارو چالاکی هەیەو مینحەی پێبدرێت.

**پۆزش**

لە ژمارەی (٥٩٧)ی رۆژنامەکەمانداو لە لاپەڕە (٧)دا چاوپێکەوتنێکی بەڕێز (ناز نوری عارف، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی)مان بڵاوکردووەتەوەو تیایدا لەجێگەی وشەی بەدواداچوون، ئێمە وشەی لێکۆڵینەوەمان بەکارهێناوە، ئەمەش بەبێ مەبەست لەکاتی تەحریریدا بەکارهاتووە، بۆیە داوای لێبوردن لە بەڕێزیانو خوێنەرانی رۆژنامەکەمان دەکەین.

رۆژنامە

کاری لیژنەی لێکۆڵینەوەکە لەو مافەی حکومەت بە کۆمپانیای بەڕێزی داوە بەردەوامە 8

# «گـۆڕان پرۆژەیەکـی چـاکسازیی داوەتە حکـومەت»



سازدانی: دلێر عەبدولخالق

**لە دیدارێکی ڕۆژنامەدا، جەلال جەوهەر هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان، ئاماژە بەوە دەکات؛ لە هەرێمی کوردستاندا عەقڵیەتی خۆسەپاندنو پاوانکردنی دەسەڵات بە هێزو پارە، زۆر زاڵترە لە عەقڵیەتی قبووڵکردنی یەکترو فرەییو دەستاودەستکردنی دەسەڵات. لەبارەی پەیوەندییەکانی گۆڕان لەگەڵ لایە سیاسییەکانی کوردستان، جەلال جەوهەر، دەڵێت: «پەیوەندیی فەرمیمان لەگەڵ پارتیو یەکێتیدا نییە! تەنیا شوێنێک ئێمەو ئەوان کۆدەکاتەوەو کاری تێدا دەکەین، پەرلەمانی کوردستانە (وەک معارەزە)و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، بەپێویستیشی دەزانین لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشی نیشتمانییو نەتەوەییو سیاسیی، پەیوەندیی هاوسەنگمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبێت».**

**ڕۆژنامە: ساڵێک بەرلەوەی گۆڕان فراکسیۆنی پەرلەمانی هەبێت، بەڕێز نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەکە بە ئامانجی گەڕانەوە بۆ ناو بازنەی دەسەڵات ڕایگەیاندبوو: «بەنیازی پرۆسەی هێمنو دیموکراسین»، ئێستا ئێوە لەناو ئەم پرۆسەیەدا بوونە خاوەنی دەنگ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو پەرلەمانی هەرێم، لەم ساتەوەختەدا دۆخی سیاسیی گۆڕان چۆن دەبینیت؟**

* ساڵێک زیاترە بزووتنەوەی گۆڕان (لیستی گـۆڕان) خـۆی ڕاگـەیـانـدووە، لەوماوەیەدا گـۆڕان بەشداریی لە دوو هەڵبژاردندا کردووە، خۆ ڕاگەیاندنی گۆڕانو بەشداریکردنی لەو دوو هەڵبژاردنەدا، بە حەساسییەتێکی زۆرەوە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە وەرگیـرا، ئەو حەساسییەتە کـردەوەی خراپی لێکەوتەوە لە هێرشی میدیاکانو توندوتیژیی لە گرتنو لێدان، پەلاماردانی بارەگاکان، ساختەو دواجار نانبڕینی ژمارەیەک لە کادیرو لایەنگرانی گۆڕان.

بـزووتـنـەوەی گـۆڕان هـەمـوو ئەم حاڵەتانەی بە هێدیو هێمنی وەرگـرت، ڕێگەی ئاشتییانەی هەڵبژارد بۆ بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیی، چونکە بزووتنەوەی گۆڕان خیاری تری نییە بۆ بەرگریکردن، جگە لە ڕێگەکانی دیموکراسی، لە دادگا، گفتوگۆ، فشاری ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

هەتا ئـەمـڕۆش هەڵمەتی میدیای ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی کەمو سووکتر لەکاتی هەڵبژاردنەکان هەیە، تا ئەمڕۆ عەقڵیەتی خۆ سەپاندنو پاوانکردنی دەسـەڵات بە هێزو پارە، زۆر زاڵترە لە کوردستان، لە عەقڵیەتی قبووڵکردنی یەکترو فرەییو دەستاودەستکردنی دەسـەڵات، هەموو لایەک لە کوردستان ئەو ڕاستییە دەزانـن، کە کوردو جوڵانەوەی کورد لە نەبوونی دیموکراسییەت چی بەسەرهات لە داگیرکردنو قڕکردنو وێرانکردنو دەربەدەربوونو ئەوەی هاتووەتەدی لە کوردستان لەماوەی زیاتر لە (١٩) ساڵ، لە دوو پرۆسەی ڕزگاریی (ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١)و ئازادیی (پرۆسەی ئازادیی عێراق)، بە دەستپێشخەری هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی ئەمریکا لە سەرووی هەموویانەوە بە ڕۆڵی دیـاری خەڵکی کوردستانو لایەنەکانی بـەرەی کوردستانییو عێراق، بۆیە ئەو کیانەی هەیە بە بەشدارییو هاوبەش میللەتو لایەنەکان هاتووەتەدیو تاپۆ نییە لەسەر کەسو لایەنێک.

هەر لەبەر ئەوەش بوو دیموکراسییەتو بنەماکان لە فرەیی، ئازادییە سیاسییەکان، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر، دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەی ئاشتییانە، عەدالەت، ڕۆشنی لە بڕیاری سیاسییو ئیدارییو دارایـی، گرنتییە بۆ ژیانی کوردو ژیانی سیاسیی لە کوردستانو عێراق.

**ڕۆژنـــامـــە: تائێستاش لایەنە ڕکابەرەکانتان بۆ دەنگەکانی ئێوە، پێیانوایە بزووتنەوەکەتان لەسەر دەنگە نارازییەکان شەپۆل دەدات، ئایا ئێستا بوونە خاوەنی جۆرێک لە جەماوەری جێگیری خۆتان، یان لەسەر میراتی دەنگە نارازییەکان دەژین؟**

* یەکەم ئەگەر ئازادیی تەواو هەبێت، دەنگی جێگیر (ثابت) لە هیچ جێگایەکی ئەم دونیایە نییە، تەنیا لەو وڵاتەنەدا دەنگی جێگیر (ثابت) هەیە کە بواری ساختە هەبێت. ئەگەر لایەن هەبێت پێیانوابێت دەنگەکانی گـۆڕان، تەنیا دەنگی نارەزاییەکانە، بە زانیاری ئێمە ئەو ڕایە نادروستە.

لە هەرێمدا کەموکوڕیی زۆرە لە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات، دەسەڵاتەکانی هەرێم کەموکوڕی زۆری تێدایە، ئەم کەموکوڕییە بە ئیعتیرافی هەموو لایەک گەندەڵییەکی زۆری دروسـتـکـردووە، گەندەڵیی سیاسییو ئیدارییو دارایـی، زوڵمو ناعەدالەتی لێکەوتووەتەوە، گومانی تێدا نییە لەهەر جێگەیەک زوڵمو ناعەدالەتی هەبێتو بەرهەڵستیو موعارەزەش دەبێت، بەرهەڵستیو مـوعـارەزەش بەبێ بڕوا نابێت.

ئەگەر پێداچوونەوەی خێرا بکەین بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ڕابـردوو، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاڵوگۆڕی زۆر بــووە لـە ڕاو بۆچوونی دەنـگـدەر، لە

> ئۆپۆزسیۆن بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ ڕاگەیەندرا

هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ پارتیو یەکێتی (١٠٠٪) کورسییەکانیان بەدەستهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە پارتیو یەکێتیو چەند لایەنێکی تر ((٧٨٪دەنگەکانیان هێناو (٢٢٪) دەنگەکانیان لە دەستدا، لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لیستی کوردستانیی یەکێتیو پارتی، تەنیا (٥٩٪) دەنگەکانیان هێناو (٤١٪) دەنگەکانیان لەدەستدا.

ئەم گۆڕانە گەورەیە لەماوەی ئەم حەڤدە ساڵەدا، هەر نارەزایی نییە، بەڵکو گۆڕانە لە بڕواو قەناعەتو نەمانی متمانە بەو لایەنانە، بۆیە دەنگی ئۆپۆزسیۆن دەنگی بڕواو قەناعەتو نارەزاییەکانیشە (ئەگەرچی هەر نارەزایشە بڕوا دروست دەکات)



**ڕۆژنامە: وەک ڕاگەیەندرا، ئێوەش وەک هێزێکی سیاسیی مانگانە بودجە وەردەگـــرن ئـەم مەسەلەیە بەکوێ گەیشتووە؟**

* بەڵێ، لیستی گۆڕانیش مافی خۆیەتی بودجەی ساڵانەی هەبێت، بۆ ساڵێک زیاترە بە بیانووی جیاجیا ئەم مافەمان پێشێل دەکرێت، بەڵام بۆ لایەنەکانی دەسەڵات هیچ جۆرە گرفتو ئەشکالێک نییەو بەشێوەیەکی بەردەوام سلفەیان پێ دەدرێت، واتە تەنیا لیستی گـۆڕان هیچی لەو مافەی خۆی وەرنەگرتووە!

بەپێی زانیاریی ئێمە ماوەیەکە، لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئەمر بە ئەنجومەنی وەزیـــران کـــراوە، بۆ سەرفکردنی ئەو سلفەیە، ئەوەتا کاک نێچیرڤان بارزانیش لە چاوپێکەوتنی خۆی لە ٢٠١٠/٨/٢٥ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە تەئکیدی کردووەتەوە، کە حکومەت ئەمریان پێکراوە بۆ دابینکردنی ئەو بودجەیە.

**ڕۆژنامە: لەبارەی پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئێستا پەیوەندییەکانتان لەگەڵ پارتیو یەکێتی بە تایبەتیو لایەنەکانی تر بە گشتیی چۆنە، بۆ ئایندە ئەو پەیوەندییە لەسەر چ بنەمایەک ڕێکدەخەن؟**

* پەیوەندیی فەرمیمان لەگەڵ پارتیو یەکێتیدا نییە! تەنیا شوێنێک ئێمەو ئەوان کۆدەکاتەوەو کاری تێدا دەکەین پەرلەمانی کوردستان (وەک معارەزە)و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە.

پەیوەندیمان لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی تریش هەیە، بـەڵام ڕەنگە هێشتا وەک پێویست ڕێک نەخرابێت، ئەوەش بەشێکی پەیوەندیی بە خـودی گـۆڕانـەوە هەیە، چونکە لە قۆناغی یەکەمی خۆ ڕێکخستندایە، بۆ ئەمڕۆو ئایندەش بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشی نیشتمانییو نەتەوەییو سیاسیی، بە پێویستی دەزانێت پەیوەندیی هاوسەنگی لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبێت.

**ڕۆژنامە: لەناو واقیعی سیاسییو کۆمەڵایەتی هـــەرێـــم، کلتوورێک ئامادەگی هەیە، کە هەمیشە نزیکی ئێوە وەک ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ لایەنەکانی تری دەسەڵات وەک «شۆک» سەیر دەکات، ئایا لە سیستمێکی سیاسیی تەندروستدا، ناکرێت ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات باشترین میکانیزمی پەیوەندییان هەبێت؟**

* کورد کلتوورێکی حوکمڕانیی تایبەت بەخۆی نەبووە، ئەوەی لەبەر دەستدایە تەنیا کلتووری ئەو وڵاتانەیە کە کوردی تێدا بووە. هەموومان دەزانین کلتووری حوکمڕانیی لە عێراق چۆن بووە، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە، ئەو کلتوورە لە حوکمڕانیی لە عێراقو ناوچەکە، هێشتا کاریگەریی دیاری هەیە بەسەر شێوەی حوکمڕانیی دەسەڵات لە کوردستانیش.

کلتووری ئۆپۆزسیۆنیش هەر زۆر نوێیە، نەک هەر لە کوردستانو عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەش، بۆیە ئەویش بێ کەموکوڕیی نییە.

بـۆیـە ئـەمـەی هـەیـە لـە دەسـەڵاتـی جـێـبـەجـێـکـردنو ئـۆپـۆزسـیـۆن تاقیکردنەوەیەکی نوێیە، لەبەر ئەوە نامۆ نییە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئۆپۆزسیۆن بە لەشێکی غەریبو ناحەزی بزانێت. بۆیە ئەوەش غەریب نییە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن مامەڵەی لەگەڵ گۆڕانو ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی واقیعانەو ژیرانەو تەندروست نییە.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرنامەی خۆی هەیەو ئۆپۆزسیۆنیش بەرنامەی خۆی هەیە، چوارچێوەیەک کە هەردوولا کۆبکاتەوە لـەم قۆناغەدا: دەستوورو سیستمی دیموکراسییە. چارەش ئەوەیە، هەموو لایەک پابەندبین بە دەستوورو یاساکان، پابەندبین بە دیموکراسییەتو بنەماکان لە یەکتر قبووڵکردن، فرەیی، دانوستاندن، عەدالەت، سەروەریی یاساو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو پابەندبوون بە سیستمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئەویش چاکترین جۆری پەیوەندییە.

**ڕۆژنامە: لە بابەتی ئۆپۆزسیۆن، زۆرجـــار پێتان وتـــراوە ئۆپۆزسیۆنی تەندروست نین، ئیجابی نینو بونیادنەر نین ئێستا (ماقوڵ)یشی هاتە سەر! ئایا ئێوە بۆ ئیدارەکردنی کارنامەی خۆتان لەسەر وەعـــزی دەســـەڵات دەوەستن، یان ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی خۆتان درێژە پێدەدەن؟**

* بەڕای من حاڵەتێکی ئاساییە حکومەت ڕای لەسەر ئۆپۆزسیۆن بەوشێوەیە بێت، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان کارو بەرنامەی هەردوولا.

ئۆپۆزسیۆن چـۆن بـە مافی خۆی دەزانێت لەسەر کەموکوڕییەکانی حکومەت، لە بێدادی گەندەڵیی، پێشێلکارییەکانی یاساو بنەماکانی سیستمی دیموکراسی قسە بکاتو بنووسێت، دەبێت لای ئۆپۆزسیۆن ئاسایی بێت حکومەتیش قسەی خۆی بکات.

**ڕۆژنامە: دوای زیاتر لە ساڵێک لە تەمەنی، جێ پەنجەی گـۆڕان لە چاکسازیی سیاسییو ئیداریی هەرێم چۆن دەخوێنیتەوە؟**

* لەگەڵ لەدایکبوونو دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان لە مەیدانی سیاسییو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، گۆڕانی بەرچاو لە نەخشەی سیاسیی لە کوردستان ڕوویدا، کە بە هۆیەوە:

یەکەم: ئۆپۆزسیۆن بۆ جاری یەکەم لە کوردستانو عێراق، لەسەر دەستی بـزووتـنـەوەی گـــۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی ڕاگەیەندرا، ڕاگـەیـانـدنـی ئـۆپـۆزسـیـۆن پـرۆسـەی سیاسییو تەجروبەی حکومڕانیی چاکترو جوانتر کرد لە کورستانو لە بەرچاوی جیهانیش، چونکە حکومەتی دیموکراسیو حکومەتی بەهێز لە دونیای سەردەم ئەو حکومەتانەیە، کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیان لە بەرامبەردایە.

دووەم: لـــەڕووی سیاسیشەوە، بەشداریی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان ڕووی لە کزیی بــوو، کـاری حیزبیش بەشێوەیەک کاری لەسەر دەکرا، کە جێگەی بەکاری سیاسیی زۆر بەرتەسک کردبوو، بە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، توانی جارێکی تر کایەی سیاسیی ببووژێنێتەوەو بکەوێتە سەرپێو جێگەی خۆی بگرێتەوە.

سێیەم: لەڕووی مەعنەویشەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان، شتێک لە بڕواو ئومێدو ئازایەتی ڕێزو پێزانین گەڕایەوە بۆ کۆمەڵو تاکەکانی کۆمەڵ، چونکە بارێکی ناخۆش هەبوو لە بێ بڕواییو بێ ئومێدییو ترسو گوێ پێ نـەدان، بە چارەنووسی میللەتو وڵات.

چوارەم: سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕانو پێکهاتنی ئۆپۆزسیۆن، ڕۆڵی دیاری هەبوو، لە ڕاگەیاندنو ئاشکراکردنی میزانییەی ساڵانەو میزانییەی حیزبە سیاسییەکان، کە پێشتر ڕۆشنیی تێدا نەبوو، ئەگەرچی ئێستاش لە ئاستی داوای ئۆپۆزسیۆندا نییە.

پێنجەم: بزووتنەوەی گۆڕانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئازادو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی دیاریان هەبوو، لە ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییانی کوردستان لەسەر مـافو ئەرکەکانو هەموو ئەو کەموکوڕییانەی هەیە لە دەسەڵاتەکانی تر، لە گەندەڵیی، سەرپێچی لە یاسا، لە بێدادیی، ناڕۆشنی لە بڕیاری سیاسیی، ئیدارییو دارایيو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.

**ڕۆژنـــامـــە: لە مـــاوەی ڕابـــردوودا پێشنیازی پلانی چاکسازیتان خستووەتە بەردەم سەرۆکایەتی هەرێمو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەم مەسەلەیە چۆنەو ئێستا بەکوێ گەیشتووە کە بەڕیزتان نوێنەرایەتی گۆڕان دەکەن لەو لیژنەیەی بۆ یەکەم جار لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوە؟**

* بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١٠/٨/١٦ پرۆژەیەکی چاکسازیی سیاسیی پێشکەش بە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی کرد، بە ئامادەبوونی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنو یـەکـگـرتـووی ئیسلامییو کـۆمـەڵـی ئیسلامیی، ناوەڕۆکی پرۆژەکە بریتییە: لە دروستکردنو کارپێکردن بەڕای گشتیی لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی وەک دەستوور، سیاسەتی نەوتو غاز.

چالاککردنی ڕۆڵی ڕەقابیو تەشریعی پەرلەمانی کوردستان، یەکخستنی هێزە چەکدارەکان بەشێوەیەک بێت کە هێزی پاراستنی هەرێم بێت، نەک هێزی حیزبو لایەنێک، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە سزایەکی سیاسییو قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە بە یاساو گەڕانەوەی هەموو ئەوانەی بەر ئەم جۆرە سزایە کەوتوون بۆ شوێنەکانی خۆیان. قەدەغەکردنی

> مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن ژیرانە نییە

دەستێوەردانی حیزبیی لە زانکۆو پەیمانگاو هەموو بوارەکانی پەروەردەو کاری وا بکرێت زانکۆو پەیمانگەکان سەربەخۆیی تەواویان هەبێت لە ڕووی زانستیو ئیدارەوە، دەست لە کاروباری قەزا وەرنەدرێت، سیستمی قەزا چاک بکرێت، چاکسازیی بکرێت لە بواری ئابووریی، بە جۆرێک ڕێگە لە هەموو شێوەکانی ئیحتیکارو پاوانکردن بگیرێت لە موستەهلک (کڕیار) بکرێت بە یاسا لە دژی هەموو شێوەکانی ئیحتیکار، گرنگی بدرێت بە بواری کشتوکاڵو پشتگیریی سیاسەتی پشت بەخۆبەستنو بەرهەمی خۆماڵیی بکرێت بە سیاسەتی ئابووریی کوردستان، پەیڕەوکردنی شەفافیەت لە بڕیاری سیاسییو ئیدارییو دارایی کە ئومێدەوارین ئەم پرۆژەیە جێگەی خۆی بگرێت.

# کورد، لە بەڕێوەبردنی سەرژمێریی موسڵ دووردەخرێتەوە

ڕاپۆرتی: ئارام محەممەد

کوردەکانی موسڵ مەترسیی ئەوەیان هەیە کە بەهۆی باڵادەستیی لیستی حەدباوە لە پارێزگای موسڵ ساختەکاریی بکرێت لە سەرژمێریی گشتیی دانیشتوواندا، کە وابڕیارە مانگی داهاتوو ئەنجامبدرێت.

بەشێک لە پارێزگای موسڵ، یەکێکە لەو پارێزگایانەی کە دەکەوێتە ناو هێڵی ناوچە جێناکۆکەکانەوەو لە دەستووری عێراقدا، ئەم پارێزگایانە بەپێی مادەی(١٤٠) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێتو یەک لەسەر سێی دانیشتووانی ئەم پارێزگایە، کوردن، بەڵام لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، ئەو ناوچە کوردییانە بایکۆتی هەموو کاروبارو یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای موسڵیان کردووە.

بە وتەی بەرپرسێکی لیستی برایەتی نەینەوا، کێشەی سەرەکیی ئەوان لەگەڵ لیستی حەدبا، تا ئێستاش چارەسەر نەبووە، بۆیە ئەگەر هەر پرۆسەیەک لە موسڵ بەڕێوەبچێت، ئەوا کێشە دروست دەبێت.

قاسم ساڵحی ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە بڕوامان وایە، دەبێت وەک هەر ناوچەیەکی تری عێراق لە پرۆسەی سەرژمێرییدا، هەموو مافێک بەئێمەش بدرێت، ئەگەرچی ئێمە لەگەڵ پارێزگای موسڵ کێشەمان هەیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە تایبەتمەندی بکرێت، یاخود فەرامۆش بکرێین، بەڵکو پێویستە هەموو کارەکان بەشێوەی یاسایی و دەستووریی بەڕێوەبچن».

### فـــەرمـــانـــبـــەرە کـــوردەکـــان، پەراوێزدەخرێن

بەهۆی ئەو کێشە ئیدارییانەی کە لەم پارێزگایەدا هەن و بەبڕیارێکی پارێزگای موسڵ، ئەو فەرمانبەرانەی بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەو پارێزگایە دامەزراون، تەنیا عەرەبن و بەو هۆیەشەوە، بەرپرسە کوردەکان بەتەواوی کەوتوونەتە دڵەڕاوکێوەو بەشداربوونی مامۆستاو فەرمانبەرانی کوردیش، بە مافی سەرەکی خۆیان دەزانن.

مەلا سالم شەبەک، سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاری شەبەک، بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: «بەهیچ جۆرێک قبووڵی ناکەین کە خەڵکانی عەرەب بێن و لە ناوچەکەی ئێمە پرۆسەی سەرژمێریی ئەنجامبدەن، لەکاتێکدا لە سنوورەکەی خۆماندا، سەدان دەرچووی کۆلێژو مامۆستاو فەرمانبەر هەن، ئەوە بەهیچ جۆرێک جێگای قبووڵ نییە کە پارێزگاری موسڵ نیەتی ئەنجامدانی هەیە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە، حکومەتی هەرێممان لەو مەترسییە ئاگادارکردووەتەوە».


لەلایەکی ترەوە، قاسم ساڵح، بڕوای وایە، ئەو هەنگاوەی پارێزگای موسڵ کە کارمەندو فەرمانبەرە کوردەکانی دورخستووەتەوە، بە کارێکی نایاسایی و نادەستووریی ناودەباتو دەڵێت: «ئەوە مافی خەڵکی ناوچەکەیە کە خۆیان سەرپەرشتی پرۆسەی سەرژمێریی بکەن، زۆرم لا سەیرە کە پارێزگاری موسڵ هەوڵێکی لەجۆرە دەدات، چونکە خۆ لە عێراقدا یاساو دەستوور هەیەو دەبێت خەڵکانێک لە دەرەوەی ناوچەکانی ئێمە بهێنرێن بۆ پرۆسەی سەرژمێریی و خەڵکی ئێمەش سەیریان بکات، ئەوە جێگەی قبووڵ نییەو بۆ پارێزگار ناچێتەسەر».

### (١٦٠)خـــێـــزانـــی عـــەرەب دەگەڕێنرێنەوە

بەپێی بڕیارێکی پارێزگای نەینەوا، بڕیارە (١٦٠)خێزانی عەرەب کە کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان و مادەی (١٤٠)دەیانگرێتەوە، بهێنرێنە چەند گوندێکی شەبەکەکان، بەڵام سەنتەری ڕاوێژکاری شەبەک لە بەیاننامەیەکدا، بەتەواویی ئەوە ڕەتدەکەنەوەو ڕایدەگەیەنن کە بەهیچ جۆرێک ڕێگە بەو عەرەبانە نادرێت، بێن لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی بەعشیقە نیشتەجێ بن، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردی شەبەکن.

لـەم بـارەیـەوە، مـەلا سالم، سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاری کاروباری شەبەک، وتی: «هەموو لایەنەکانمان ئاگادارکردووەتەوە کە پارێزگاری نەینەوا ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە ئەو (١٦٠)خێزانە، هەموویان ئەوانەن کە پارچەیەک زەوی و (٢٠)ملیۆن دیناریان لەچوارچێوەی مـــادەی(١٤٠) وەرگرتووە، کەچی نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، بۆیە ئێمە قبووڵی ناکەین بێنە سنووری ئێمەوە».

ناوبراو، وتیشی: «بۆ ئەو مەبەستەش، داوامان لە حکومەتی هەرێم کردووە کە لەم هەوڵە تێکدەرانەی پارێزگای موسڵ بێدەنگ نەبن»، لەلایەکی تـــرەوە، ئەو بەرپرسەی شەبەکەکان، باسی لـەوە کرد کە «هێزی پێشمەرگە دەتوانێت، بەتەواویی ڕێگر بێت لەو هەوڵانەی پارێزگای موسڵ».



## عەمید سەرحەد قادر:

# ڕەوشی ئەمنیی کەرکوک، بەرەو خراپبوون دەچێت



سازدانی: ئارام جەمال

**عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک، ئاماژە بە ئەگەری تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی لە شاری کەرکوک دەکاتو لەم دیمانەیەدا لەگەڵ ڕۆژنامە، لەبارەی بردنی نەوت لە کەرکوکەوە، ڕایدەگەیەنێت: بڕێکی زۆر نەوت بە تانکەر لە کەرکوکەوە بەرەو شارەکانی هەرێمی کوردستان دەبرێت، کە لە هەموو جۆرەکانی نەوتو سووتەمەنییە.**

**ڕۆژنامە: ڕەوشی ئەمنیی، لەم دوومانگەی دواییدا بەرەو خراپبوون دەچێت، تیرۆری تاکەکەس و ڕفاندن و جۆرەکانی دیکەی تیرۆرو تاوان زیادیانکردووە، وەڵامتان بۆ ئەمە چییە؟**

* بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، ڕێکخراوە تـیـرۆریـسـتـیـیـەکـانـی وەک قـاعـیـدەو نەقشبەندی و پاشماوەکانی بەعس، خەریکی خۆڕێکخستنەوەن و ڕووداوەکـانـی ئەم دواییەش، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی کە باڵی قاعیدەیە گرتیانە ئەستۆی خۆیان و پێشبینی دەکەین، ڕەوشی ئەمنیی خراپبوون بەخۆوە ببینێتو کـردەوەی تیرۆریستی ڕوو لەزیادبوون بێتو لەوە دەچێت، ئەو گرووپە تیرۆریستییانە دزەیان کردبێتە ناو دەزگاکانی پۆلیس و سوپاو سەحوەوە، ئێستا ئەو ڕێکخراوانە دەستیانکردووە بەجموجۆڵ لە ناوچەکانی حەمرین و حەویجەو زاب و ناوچەکانی دیکەی باشووری کەرکوک، دوو هۆکاریش بۆ تێکچوونی ڕەوشـی ئەمنیی هەیە کە یەکەمیان: ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانە، دۆخی سیاسیی ئێستای عێراقیان قۆستووەتەوە کە تا ئێستا دوای زیاتر لە شەش مانگ، حکومەت پێکنەهێنراوە، دووەمیش: هێزەکانی ئەمریکا، دەستیان کردووە بەکشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانیان، بۆنموونە ئێستا ئەمریکییەکان بنکەی ڕەشادیان چۆڵکردووە، کە پێشتر ڕۆژانە لە ڕێگای هێلیکۆپتەرەوە تیرۆریستیان لەکاتی چاندنی بۆمبدا دەکوشت، یان دەستگیر دەکرد، بنکەیەکی دیکەیان هەیە لە بەگارە لە سنووری حەویجە، بە بڕوای من، ئەگەر ئەو بنکەیەش چۆڵ بکەن، ڕەوشـەکـە خراپتر دەبێتو ڕۆژانەش زانیاریی زۆرمان دەدەنێ لەسەر بـوون و چالاکی ئەو گرووپانە، چ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەغداوە بێت، یان کەرکوک، یان هاوڵاتییان، لەگەڵ ئەمانەشدا بەردەوامین لــەڕووبــەڕووبــوونــەوەی ئـەو گــرووپ و باندانەو لەدوای ئەو ڕووداوانەی ئەم دواییە، بەهاوکاری ئاسایشی کەرکوک، ئەنجامدەری ژمارەیەک لەو کردەوانەمان دەستگیرکردو کەسێکیشیان لەلایەن ئاسایشەوە کوژرا، کە باندێکی مەترسیداربوون و تا ئێستاش ژمارەیەک لە ئەندامەکانیان دەستگیر نەکراون، دوای کوشتنی ئەندامێکیان لەلایەن ئاسایشەوە، ئاسایشێکیان تیرۆرکرد وەک تۆڵەسەندنەوە، بەبڕوای من، هەموو ئاماژەکان بۆئەوە دەچن کە ڕەوشی ئەمنیی بەرەو خراپبوون بچێت.

**ڕۆژنامە: دوای حەوت ساڵ، کێشەی جێگیرنەکردنی پلەی ئەفسەرانی کورد چارەسەرکرا، بەڵام لەگەڵ ئێوەدا زیاتر لە هەزار پۆلیس و پلەداری خوار مولازم، هەمان کێشەی پێشووی ئێوەیان هەیەو لەبەغدا بەرەسمیی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، هەوڵی چارەسەرتان داوە؟**

* زۆربەی ئەو پۆلیسانە، دوای پرۆسەی ئازادیی لەگەڵ ئێمە گەڕانەوە کە خەڵکی کـەرکـوک بـوون و پێشتر لەشارەکانی کوردستان بـوون، هەندێکیان مفەوەزو هەندێکیان پۆلیس بوون و تەنانەت هەندێکیان شەهیدو بریندارو کەمئەندامیش بوون، ئێمە زۆر هەوڵماندا بۆچارەسەری کێشەکەیان کە بڕیاربوو پێش جێگیربوونی پلەکانی ئێمە، ئەوان جێگیربکرێن، بەڵام نەکرا، ئێستا لیژنەیەک لە ئەکادیمیای پۆلیسی کەرکوک بۆ کێشەی ئەوان دامـــەزراوەو لێکۆڵینەوە لەئەولیاتو دۆسیەکانیان دەکـاتو دوای ئـەوەی هەموو دۆسیەکان تـەواو دەبـن، ڕەوانـــەی بەغدا دەکـرێـن و هیوادارین کە کێشەی ئەوانیش چارەسەر بکرێت کە مافی خۆیانەو بەداخەوە، پێشتر مانگانە مووچە بە کەسوکاری پۆلیسە شەهیدەکان دەدرا، بەڵام لەمانگی ڕابـردووەوە بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی بەغدا، ئەو مووچەیەش بڕاوەو لەهەوڵی چارەسەری ئەو کێشەیەشداین، بڕیاریشە لەشوێنی پۆلیسە شەهیدەکان، نزیکەی (٨٠٠)کەسێک دابمەزرێت.

**ڕۆژنامە: هەمیشە باس لە کەمیی ژمارەی پۆلیس دەکەن و قسە هەیە کە ژمارەیەک لە پۆلیسی کەرکوک، پاسەوانی بەرپرسە حیزبییەکانن، ئەمە ڕاستە؟**

* وەک پۆلیس، هەر سێ مانگ جارێک فۆرمێکی تایبەت لەبەغداوە ڕەوانەی کەرکوک دەکرێت، تا سەرجەم پۆلیسەکان بەناسنامەو وێنەی نوێ و زانیاریی تەواو پڕی بکەنەوە، هەروەها لە کاتی پێدانی مووچەشدا لیژنە ئامادە دەبێتو لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، کۆبوونەوەیەک لەسەر ئەو بابەتەکرا کە بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک فەرمانیدا، هـەمـوو ئـەو پۆلیسانە بگەڕێنرێنەوە، ڕاستە ژمـارەی ئەو پۆلیسانەی تۆ باسی دەکەیت، چەند کەسێک بوون کە پاسەوانی هەندێک بەرپرس و کەسایەتی بوون، ڕەنگە لەبیرکرابن، بەڵام پۆلیسەکان گەڕێنرانەوە، ئێستاش بڕیارێک هەیە لە وەزارەتی ناوخۆوە کە ڕێگە نـادرێـت پۆلیس بۆ پاسەوانی تەنانەت بەڕێوەبەری فەرمانگەو ئەندامانی ئەنجوومەنیش دابینبکرێت.

**ڕۆژنـامـە: لەسەرجەم پارێزگاکانی عـێـراقـدا، بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی لەناوبردنی تـاوان هەیە، لەم ماوەیەی دواییشدا، هەوڵێک هەبوو بۆ کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لە کەرکوک کە تەنیا هەوڵەکە لەسەر ئاستی قەزاوناحیەکان سەرکەوتووبوو، بەپێی زانیارییەکان، ئەفسەری بنکەکان ڕازی نین بە کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە بەهۆی ناکۆکی سیاسیی و دابەشبوونیان بەسەر پارتی و یەکێتیدا؟**

* بـەڵـێ، لـەهـەمـوو پـارێـزگـاکـانـدا بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی لەناوبردنی تاوان هەیەو لە مانگی ڕابردوودا، وەک بەرپرسانی ئەمنیی لەهێزەکانی پۆلیس، دووکۆبوونەوەمان ئەنجامدا بۆ کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە، ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرێتییە بکرێتەوە، زۆربەی دەسەڵاتی بنکەکان وەردەگرێتەوەو ئەو کـارەی ئێستا بنکەکانی پۆلیس دەیکەن، دەچێتە لای ئەو بەڕێوەبەرێتییە، چ لە تیرۆر، یان تاوان، یان ڕفاندن و کوشتن، وەک پۆلیسی قەزاو ناحیەکان ئێمە بڕیارەکەمان قبووڵکردو بڕیارمانداوە، سێ بەڕێوەبەرێتی بکەینەوە لە حەویجەو دوبزو داقوق، لە ناوشاردا ڕەنگە حەساسییەتێک هەبێت کە لە دەسەڵاتیان کەمدەبێتەوەو پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، ئێستا ئەوە لە ناوشار دواخراوەو ڕەنگە دوای جەژن جارێکی دیکە هەوڵی دروستکردنی بدرێتەوە.

**ڕۆژنامە: حەساسیەتەکە، پەیوەندیی بە ململانێی ئەفسەرەکانی پارتی و یەکێتییەوە هەیە؟**

* هیوادارم، پەیوەندیی بەو ململانێیەوە نەبێت.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت، لیژنەی کڕینی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی کەرکوک، چەند کەسێک بن و هەر شەش مانگ جارێک ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت، ئاگاداری ئەوەیت؟**

* لیژنەی کڕین، لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی کەرکوکەوە دادەنرێت بە بڕیاری کاک لیوا جەمال، هیچ پەیوەندییەکی بەئێمەوە نییە. من جارێک قسەم لەگەڵ کاک جەمال کردو پێموت کە پێویستە ئەو لیژنانە گۆڕانکارییان تێدا بکرێتو ئەفسەرانی بنکەکانی دەرەوەو پۆلیسی ئامادەو فریاکەوتن و قەزاوناحیەکانیش تێیدا ئەرک ببینن، جارێکیش بەبێ ئاگاداری من، ئەفسەرێکی ئێمەی تێکرابوو، بە ڕاستی پێم ناخۆش بوو، چونکە ئێمەش زانیومانە کە قسە لەسەر ئەو لیژنانە هەیە، بەڵام تا ئێستا وەک خۆیەتی کە ئەوە باش نییەو پێویستە ئەندامانی لیژنەکە خۆیان قبووڵی نەکەن، هەموو لیژنەکانیش لە پێنج کەس پێکهاتوون و لیژنەیەکی چاودێرییش هەیە، بەڵام قسە هەردەکرێت.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت، هاوشێوەی ئەو نەوتەی لەکوردستانەوە ڕەوانە دەکرێت بۆ ئێران، لەکەرکوکیشەوە نەوت ببرێت، یاخود لەپارێزگاکانی دیکەوە، بەتایبەت لەبێجییەوە، تاچەند وەک بەرپرسێکی ئەمنیی، ئـاگـاداری بردنی نەوتی لە بازگەکانەوە؟**

* ڕاستە، لە کەرکوکیشەوە نەوت بەرەو پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر دەچێت، لەپارێزگای تکریتەوە بەرەو کەرکوک بە ڕێگای تانکەر دەهێنرێتو تا دەگەنە کەرکوک، زیاتر لەچوار بازگەی سوپای عێراق دەبڕن لەگەڵ بازگەی سەحوە تا دەگەنە بازگەی ترکەلان کە بازگەی پۆلیسی قەزاوناحیەکانی کەرکوکە، لە ڕێگای ڕەشادیش کە بازگەی هاتنەناوەوەی کەرکوکە، ئێستا ئەفسەرێک و (١٥)پۆلیسی سەر بە هێزەکانی پۆلیسی نەوتیان لێداناوە، کە تەنیا کاریان بەدواداچوون و بەڕێکردنی ئەو تانکەرانەیە کە لەو بازگەیەش دەربازبوون، دێـنە بازگەی هێزی هاوبەش لە گەڕەکی (١)ی حوزەیرانی شاری کەرکوک، ئەوانیش بۆ تەئکیدکردنەوە پەیوەندیی بە سەنتەری پەیوەندیی هاوبەشی پۆلیسی کەرکوکەوە دەکەن و بەوشێوەیە بەکەرکوکدا تێپەڕدەبن و بەرەو سلێمانی و هەولێر بەڕێدەکرێن.

**ڕۆژنامە: ئەو سووتەمەنییان کە دێن، چ جۆرێکن؟**

*ئەوەی ئێمە زانیومانە، لەهەموو جۆرەکانە، وەک (نەوتی ڕەش، نەوتی سپی، بەنزین، گازو تەنانەت قیریش)، کە هەموویان بەئاگاداری وەزارەتی نەوتو ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بەشارەکەدا دێن و ئەرکی گواستنەوەشیان لەئەستۆی چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتە، کە پێم وابێت هەمان ئەو کۆمپانیایانەن کە نەوت لەکوردستانەوە بەرەو ئێران دەبەن.

**ڕۆژنامە: ئەگەر بزانیت، بەرەو ئێران دەبرێن و ڕێژەیان زۆرە؟**

* پێشتر ڕێژەیان زۆربـوو، دوای ئەو هـەڵایـەی کە لەسەر نەوتی کوردستان هاتەئاراوە، ئێستا ڕێژەکە کەمبووەتەوەو ئاگاداری ئەوە نیم کە بۆ ئێران دەچێت، یان نا، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمیی لەهەموو کاتێکدا دەگوازرێنەوە بۆ کوردستان.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە لە سەردەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە هاوکاریی و پشتگیریی زۆر کراویت؟**

* منیش ئەو قسەیەم زۆر بیستووەو زۆریـــان پێ وتــوم، تەنانەت ئەفسەرانی نەتەوەکانی دیکەش، بەڵام خوا شاهیدە، پێچەوانەکەی ڕاستە، خۆزگە وابوایە.

> خوا شاهیدە لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە هاوکاریی زۆر نەکراوم

> نەوتی ڕەش و سپی و بەنزین لە کەرکوکەوە دەبرێتە کوردستان

تەنیا سێ پەرلەمانتاری کورد داهاتیان بۆ دەستەی نەزاهە ئاشکرا کردووە 10

# «حکومەتی هەرێم بایەخ بە کەیسی سەرکوتکردن‌و پاکتاوی نەژادیی نادات»

سازدانی: هەنگاوهاشم

**عەبدولرەحمان زێباری، سەرۆکی دەستەی داکۆکیکار لە دۆسیەکانی سەرکوتکردنی راپەڕین‌و پاکتاوی نەژادیی، رەخنەی ئەوە لە حکومەتی هەرێم دەگرێت کە بەداواداچوون ناکات بۆ کەیسەکان لە بەغدا کە پێویستە رۆژانە، بەدواداچوونیان بۆ بکرێت.**
**لەم دیدارەی رۆژنامەدا، وردەکاریی دانیشتنەکانی دۆسیەکانی سەرکوتکردنی راپەڕین‌و پاکتاوی نەژادیی باس دەکات‌و ئاماژە بەوە دەکات: گوشاری سیاسیی زۆرگەورە لەسەر دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هەیە.**

**رۆژنامە: دانیشتنەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، دەربارەی هەردوو کەیسی سەرکوتکردن‌و پاکتاوی نەژادیی، چۆن بەڕێوە دەچن، تا چەند دادوەرانە بوون؟**

*زۆرجار کەموکورتی هەیە لەبەڕێوەچوونی دانیشتنەکاندا، هەروەها گوشاری سیاسیی زۆرگەورە لەسەر دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هەیە، هەوڵدەدرێت چارەنووسی دادگایی دەربارەی پاکتاوی نەژادیی وەکو چارەنووسی مادەی (١٤٠)ی لێبێت‌و دەربارەی کەیسی سەرکوتکردنی راپەڕین، تا ئێستا (٣٧)دانیشتنی ئەنجامدراوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لەقۆناغی یەکەمدا، وتەی داواخوازو شایەتی سەلماندن وەرگیراوە، هەروەها دۆکیۆمێنتەکان‌و بەڵگەنامەکان خراونەتەڕوو، هەندێکیش ماوە دواخراوە بۆ رۆژی(٢٠١٠/٩/١٩) لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیار دەیخەینەڕوو، ئەم پرسیارانەش بە رەزامەندیی دەستەی داکۆکیکار دەبێت. سەبارەت بە کەیسی پاکتاوی نەژادیی لە رۆژی(٢٠٠٩/٤/٨) یەکەم دانیشت کرا، تا (٢٠٠٩/٨/٢)بڕیار دەرچوو، پاش (٤٠)دانیشتن کە پرۆسەکە زۆر بەخێرایی ئەنجامدرا، چونکە لەماوەی (٤)مانگدا، (٤٠) دانیشتن ئەنجامدرا، ئەمەش هۆکارەکەی شێوازی ئەدائی سەرۆکی دادگا بوو، ئەم خێراییەش لەسەر حسابی دادوەریی پرۆسەکە بوو، ئەمەش وایکرد، کەموکورتی لەپرۆسەکەدا هەبێت، پاشان بەبڕیاری دادگای تەمیز، بڕیارەکەی کە دەرچووبوو هەڵوەشایەوەو دووبارە دەستکراوە بەدانیشتن‌و لەمانگی (١)ی ساڵی(٢٠١٠) تا ئێستا (٩)دانیشتنی تر ئەنجامدراوە.



**رۆژنامە: لە دانیشتنەکاندا، تا چەند شایەدحاڵەکان ئامادە دەبوون‌و کاریگەرییان لەسەر دادگاکە چی بوو؟**

* لەکەیسی ئەنفالدا (٧٧)کەسی شایەدحاڵمان برد بۆ دادگا، هەروەها لە کەیسی سەرکوتکردنی راپەڕیندا (٧٠)کەسمان لە هەر سێ شارەکەی هەرێم برد، لەو شوێنانەی کە بووبوون بە قوربانیی رژێمی بەعس، ئامادەبوونی شایەدحاڵەکان یارمەتی باشبووە بۆ ئێمەو کاریگەرییان هەبووە لە پرۆسەی دادگاییکردنەکە.

**رۆژنامە: حکومەتی هەرێم، تا چەند گرنگیی دەدات بە پرۆسەی دادگاییکردنەکە دەربارەی هەردوو کەیسەکە؟**

* پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی رژێمی بەعس، گرنگە بۆ گەلی کورد، بەڵام حکومەتی هەرێم، بەداواداچوون ناکات بۆ کەیسەکان لە بەغدا، کە پێویستە رۆژانە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، بایەخ نادرێت بەم بابەتە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەو رێکنەخراوین بەشێوەیەکی گشتیی، چونکە ئێمە (٥)مانگە کۆبوونەوەمان پێنەکراوە، بەوکەسانەی پەیوەنددارن بە پرۆسەکەوە، لەم کۆبوونەوانەدا پێشنیاز دەخرێنە بەردەم‌و چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزرێتەوە، گرفتەکانیش زۆرجار دەگەڕێنەوە بۆ خودی پارێزەرەکان کە هەندێکیان بوێرن‌و زانیارییان هەیە، بەڵام هەندێکیان کارناکەن‌و زانیارییان نییە.

**رۆژنامە: وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان، تا چەند هاوکارتان بوون بۆ ئەوەی پرۆسەی دادگاییکردن دەربارەی کەیسەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت؟**

* مەرجێک دانراوە لەلایەن دادگای تەمیزی عێراقەوە، کە دەبێت بۆ سەپاندنی سزاکان پشت ببەسترێت بە بڕیارەکانی سزای نێودەوڵەتیی لە دادگای لاهای، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوێکمان کرد بۆ ئەوەی سەردانی دادگای لاهای بکەین لە هۆڵەندا، بۆ ئەوەی کۆپی ئەسڵی بڕیارەکانی تایبەت بەسەپاندنی سزای نێودەوڵەتیی وەربگرین، بەڵام وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان ئامادە نییە ئەرکی تێچوونی سەردانەکەمان بگرێتە ئەستۆی خۆی کە سەرجەم خەرجیش بۆ لاهای (١٠٠٠)دۆلار دەکات، لەلایەکی ترەوە لەمانگی (٣)ی ئەمساڵەوە کۆبوونەوە نەکراوە لەلایەن سەرۆکی تیم‌و وەزیری کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان کە پێشتر کۆبوونەوە ئەنجام دەدراو راپۆرتمان پێشکەش دەکرد، بەڵام لە وەزارەتی ناوبراو تەنیا گرنگی بەلایەنی دارایی دەدەن، لێپرسینەوە لە کەمتەرخەمییە یاساییەکان ناکەن کە پەیوەستن بە چارەنووس‌و قەرەبووکردنەوەی گەلی کوردەوە.

**رۆژنامە: گرنگیی یەکلاییکردنەوەی ئەم دۆسیانەی تایبەت بە کورد لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، چییە؟**

* ئامانجی دادگا، جگە لە گەیاندنی سزا بە تاوانباران‌و ناساندنی گەلی کوردە بەوەی کە جینۆساید کراوە، یەکێک لەگرنگییەکانی تری دادگایی تاوانباران، دەرخستنی راستیی تاوانەکانەو قەرەبووکردنەوەی قوربانییانی تاوانەکانی رژێمی بەعسە کە بەهۆی راگواستن‌و پاکتاوی نەژادییەوە، تەنیا لە سنووری پارێزگای کەرکوک، (٧٧٠)گوند تێکچوون، حکومەتی عێراقی لەئێستادا گرێبەستە کشتوکاڵییەکانیانی هەڵوەشاندووەتەوە لەگەڵ عەرەبەکان، بەڵام خەڵکەکەی نەگەڕێنراونەتەوە بۆ گوندەکانیان، هەروەها دانیشتنەکان لە کەیسی پاکتاوی نەژادیی، تاوانبارەکان، سێ پارێزگاری کەرکوک‌و دوو وەزیری ناوخۆو سێ ئەندامی سەرکردایەتین کە تۆمەتیان ئاراستەکراوەو چەند کەسێکی تریش داواکراون‌و تۆمەتبارن بە دوو تۆمەت.

# کاری لیژنەی لێکۆڵینەوەکە لەو مافەی حکومەت بە کۆمپانیای بەڕێزی داوە، بەردەوامە

رۆژنامە

کۆمپانیای بەڕێز لە وەڵامەکەیاندا کە ئاراستەی رۆژنامەی (رۆژنامە)یان کردووە، بە زمانێکی هەڕەشەئامێز هۆنیویانەتەوەو ئەو تۆمەتە دەدەنە پاڵ رۆژنامەکە کە بەشێک لە بابەتەکە بە مەبەستی ناوزڕاندنی کۆمپانیاکە کرابێت.

رەنگە تێگەیشتنێکی هەڵە لەلایەن کۆمپانیای بەڕێزەوە هەبێت سەبارەت بە ئامانجی ئەو بابەتانەی رۆژنامە بڵاویان دەکاتەوە، ئێمە بە روونی دەمانەوێت ئەوە بۆ رای گشتیی‌و کۆمپانیای بەڕێزیش روونبکەینەوە، کە ئێمە تەنیا دەمانەوێت، دادپەروەرییەک هەبێت لە کارەکانی حکومەت، ئەگەر بڕیارە کۆمپانیایەک ئیستسنای بۆ بکرێت لەپێناو ئەوەی بە باشترین کوالێتی یەکە نیشتەجێیەکان بداتە هاوڵاتییان، ئەوا پێویستە ئەو( ئیستسنا)، یان هاوکارییە هەرچی ناودەبرێت بۆ هەموو کۆمپانیاکان بێت، تا هاوڵاتییان بتوانن زۆرترین سوود وەربگرن‌و هەموو یەکە نیشتەجێیەکانی گشت کۆمپانیاکان بە هەمان کوالێتی باش پێشکەش بکرێن.

ئەگەر مەبەستیش لەو ئیستسنایە هاوکاریکردنی کۆمپانیاکەیە، ئەوا دەکرێت بپرسین بۆ حکومەت ئەم هاوکارییە بەتەنیا بۆ کۆمپانیای بەڕێز فەراهەم دەکات؟ ئەگەر بیانووەکە ئەوەی سەرەوەیە کە باسمان کرد، ئەوا با بگشتێنرێت، ئەگەر مەبەستیش هاوکاریکردنی هاوڵاتییانە، با نرخی یەکەکانیان لە کۆمپانیاکانی دیکە کەمتربێت، ئەگەر بیانووەکەش ئەوەیە تاکە کۆمپانیا بوو کە یەکەی نیشتەجێبوون بە کوالێتی باش لە ساڵانی (٢٠٠٦)دا ئەنجام بدات، بۆیە بە بڕیارێک حکومەت ئیستسنای بۆ کردووە، ئەوا لە ئێستادا تاکە کۆمپانیا نییەو دەپرسین کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم بڕیارە چاوێکی پێدا بخشتێنرێتەوە؟

کە ئەمەش بە وتەی هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هەمان ئەو مەبەستەیە کە حکومەت لیژنەی لەپێناودا پێکهێناوەو دەیانەوێت ئەوە روون بکەنەوە، کە ئەو مافەی دراوە بە کۆمپانیای بەڕێز بۆ سوودی خۆی بەکاری هێناوە، یان هاوڵاتییان سوودیان لێوەرگرتووە .

هاوکات، لە وەڵامەکەیاندا کۆمپانیای بەڕێز ئاماژەیان بەوەکردووە؛ کە ناونیشانی راپۆرتەکەمان کە بە وتەی کۆمپانیای بەڕێز پشتی بە بەڵگەی نادروست‌و ناڕۆژنامەوانی بەستووە لەگەڵ ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەدا یەکناگرێتەوە.

کە بەدەستخۆشییەوە کۆمپانیای بەڕێز وێنەی کۆنووسێکیان بۆ ناردووین، کە بەشێکە لە کاری ئەو لیژنەیەی پێکهاتووە، بەڵام دەمانەوێت بۆ کۆمپانیا بەڕێزەکەتانی راستبکەینەوە کە مانشێتەکەمان لە وتەکانی هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وەرگیراوە، پێناچێت وتەکانی دووربن لە راستییەوەو نادروست بن، چونکە خۆی بڕیاری پێکهێنانی لیژنەکەی داوە.

هەر دەربارەی ئەو لیژنەیە، یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو؛ کە ئەو لیژنە هونەرییەی پێکهێنراوە، مەبەست لێی بەرچاوو روونییەکە بۆ حکومەت، تا بیرۆکەیەکی هونەریمان بداتێ لەسەر نرخی یەکە نیشتەجێیەکانی کۆمپانیاکە.

بەڵام وەک بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە سلێمانی دەڵێت: «کێشەی کۆمپانیای بەڕێز لەگەڵ حکومەت تەنیا ئەمە نییە، حکومەت دەڵێت: هەموو پرۆژە نیشتەجێکانی دیکە کە پارەیان لە سندووقی نیشتەجێکردن بۆ سەرفکراوە بۆ هاوڵاتییانی کڕیار، ئەمانە خزمەتگوزارییەکانی نێو پرۆژەکە لەسەر وەبەرهێنەرە، بەڵام کۆمپانیای بەڕێز کە بە بڕیارێکی حکومەت لە رابردوودا گرێبەستەکەی واژۆ کراوە، حکومەت خزمەتگوزارییەکانی بۆ جێبەجێ دەکات، هەربۆیە د.بەرهەم ساڵح، وەک سەرۆکی حکومەت لە ئێستادا پرسیار دەکات؛ کە بۆ ئەو ئیستسنایەو لەبەر چی کراوە بۆ بەڕێزو ئێستا لیکۆڵینەوەی لێدەکرێت‌و لیژنەی بۆ پێکهاتووە، تا لەڕووی هونەریی‌و یاساییەوە لێی بکۆڵرێتەوە؟

کەواتە پێکهێنانی لیژنە هونەرییەکەو ئەو کۆنووسەش کە لیژنەکە رایگەیاندووەو کۆمپانیای بەڕێز بە سوپاسەوە وێنەیەکیان ئاراستەی رۆژنامە کردووە، تەنیا بەشێکە لەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیەی حکومەت پێکیهێناوە، لەمبارەیەوە هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ رۆژنامە جەختی لەوە کردەوە، کە ئەوان دەیانەوێت ئەو راستییەیان دەست بکەوێت کە لەچەند شتێکدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:



١. دەیانەوێت بزانن نرخی یەک مەتر دووجا لە کۆمپانیای بەڕێز بەو کوالێتییەی جێبەجێکراوە بەراورد بە نرخی کۆمپانیاکانی دیکەو بەو نرخەی جێبەجێکراوە کامیان باشترە؟

٢. کۆمپانیاکە چۆن توانیویەتی ئەو کوالێتییە جێبەجێ بکات، پارەی خزمەتگوزارییەکان چوونەتە سەر تێچوونی خانووەکان، یان نا؟

٣. دەمانەوێت بەراورد بکەین لەنێوان نرخی تێچوون‌و فرۆشتندا، بەتایبەت کە کۆمپانیاکە باس لەوە دەکەن، ئەوان هەندێک یەکە بە کەلوپەلەوە دەفرۆشن.

٤. دەمانەوێت بڕیارەکە دادپەروەربێت‌و لە بەرژەوەندیی خەڵک‌و وەبەرهێنەر بێت‌و کاریگەریی نەبێت لەسەر ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان.

دەمانەوێت زۆر بە وردیی ئەو لیکۆڵینەوەیە بکەین تا لە داهاتوودا نەکەوینە هەڵەیەکی ترەوەو ئەگەر رووشیدا بزانین چۆن چارەسەر دەکرێت.

باس لەوە کراوە، کە رۆژنامەی رۆژنامەو ریپۆرتەری بابەتەکە پشتیان بە بەڵگەی بێ بنەما بەستووە! ئێمە داوا دەکەین ئەو بەڵگانەمان بۆ بسەلمێنرێت، کامانەن، چونکە هەر بەڵگەنامەیەکمان بڵاوکردبێتەوە لای خۆمان پارێزراوەو کارمان لەسەر کردووە، جا لە هەر سەرچاوەیەکی خۆمانەوە پێمان گەیشتبێت هەمووی مۆرو ئیمزای رەسمیی پێوەیە، نازانین کۆمپانیای بەڕێز مەبەستیان کام بەڵگانەیە.

لە وەڵامەکەیاندا، کۆمپانیای بەڕێز چەند جارێک ئاماژەیان بە خشتەیەکی بەراوردکاریی نرخ‌و جۆری کوالێت‌و جۆری یەکەکانی کۆمپانیای بەڕێزو چەند کۆمپانیایەکی دیکە کردووە، کە گوایە ئێمە کردوومانەتە بنەما بۆ کارەکانمان‌و پشتمان پێبەستووە، بەڵام نازانین ئەوان مەبەستیان کام خشتەیەیە، سەیر لەوەدایە ئێمە هیچ خشتەیەکمان بڵاو نەکردووەتەوەو بەراوردی نرخی کۆمپانیاکان لە گرێبەستی کۆمپانیاکان‌و هاوڵاتییان، وەرمان گرتووە (بەتایبەت گرێبەستی پرۆژەی لوبنان ستی)، هەربۆیە نازانین کام خشتەو بەڵگەنامەیەیە، کە رۆژنامەکەمان بڵاویکردووەتەوەو مۆرو ئیمزای پێوە نییەو پێ دەچێت کۆمپانیای بەڕێز ئەو وەڵامەی بەر لە دەرچوونی رۆژنامەکە ئامادە کردبێت.

باس لەو وێنەیە کراوە کە بڵاوکراوەتەوەو ئەوە رەتدەکەنەوە کە تایبەت بێت بە کۆمپانیای بەڕێز، بەڵام چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆمپانیای بەڕێز لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە ئەنجامدانی پرۆژەی (٢٥)هەزار یەکە نیشتەجێبوونەکەی راگەیاند، ئەو دیزاینەو چەندین دیزانی دیکەیان بەسەر رۆژنامەنووساندا دابەشکردو نیشانیاندان‌و هەر لەو کۆنگرەیەوە وێنەی ئەو دیزاینە وەرگیراوە.

لە خاڵی پێنجەمی روونکردنەوەکەدا کۆمپانیای بەڕێز لەلایەک دان بەوەدا دەنێت، کە حکومەت بەدەر لە کۆمپانیاکانی دیکە، خزمەتگوزاریی ئاو و ئاوەڕۆو کارەباو شەقامیان بۆ دەکات، هەر خۆشیان لەلایەکی دیکەوە لە وەڵامەکەیاندا بوونی ئیستسناکە رەتدەکەنەوە، کە لێپرسراوی ئەنجومەنی کۆمپانیای بەڕێز لە راپۆرتی رابردووی رۆژنامەدا خۆی دانی بە بوونی ئەو ئیستسنایەدا ناوە، چەند بەڵگەیەکی رەسمیی حکومەتیشمان بڵاوکردەوە کە دان بە بوونی ئەو ئیستسنایەو بڕیارەکەی حکومەتدا دەنێن.

هەرچەندە، یاسینی فەقێ سەعید، پێی وابوو کە ئەو پرۆژەیە تازە دەستی پێکردووەو (٥) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی گرێبەستی کراوەو دەستی پێکردووەو ناکرێت لە ئێستادا حکومەت خزمەتگوزارییەکان رابگرێت‌و بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە ئەو کاتە کۆمپانیای بەڕێزیش خزمەتگوزارییەکان ناکەن بەو پاساوەی لە گرێبەستەکەیاندا حکومەت راسپێدراوە بەو کارە، لەم کاتەشدا هاوڵاتییان زەرەر دەکەن‌و پرۆژەکان دەوەستن.

بەپێی ئەو وتانەی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان بێت، ناکرێت ئەو بڕیارەی حکومەت کە بۆ مەبەست‌و کاتێکی دیاریکراو دەرچووە، هەڵبوەشێنرێتەوە، لێرەوە دەپرسین ئەو ئیستسنایە تا کەی بەردەوام دەبێت‌و ئایا کە بڕیارێکی حکومەت دەردەچێت قابیلی گۆڕانکاریی‌و پێداچوونەوە نییە؟ لە وەڵامدا هێرش موحەڕەم، جەختی کردەوە کە ئەو لیژنەیەی سەرۆکی حکومەت داوای کردووە بۆ ئەو مەبەستەیە، کە هەرچی زووە ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوەو ئەوە بخرێتەڕوو کە ئەو مافەی بە کۆمپانیاکە دراوە کێ سوودمەندی یەکەمە لێی؟

حکومەت‌و دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان داوای پێکهێنانی لیژنەو لێکۆڵینەوە لەو مافە دەکەن کە لە کابینەی پێنجەمدا دراوە بە کۆمپانیای بەڕێز، ئێمەش وەک کاری رۆژنامەوانی خۆمان بە پشتبەستن بە ژمارەیەک بەڵگەی دروست، لە چەند راپۆرتێکدا راستییەکانمان خستووەتەڕوو و بەردەوامیش دەبین لە هەر هەوڵێک کە لە خزمەتی هاوڵاتییاندا بێت، دووپاتی دەکەینەوە ئەم مەسەلەیە بەهیچ شێوەیەک بۆ دژایەتیکردنی کۆمپانیای بەڕێز، یاخود بۆ سوودی هیچ کۆمپانیایەکی دیکەش نییەو کاری ئێمەش نییە ئەمە بکەین، بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئێمە دەیکەین چاو و رۆڵی میدیایە کە دەیەوێت رۆشنایی بخاتە سەر خاڵە لاوازو تاریکەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.



## دارا محەمەد، ئەندامی شاندی دانوستکاری کورد:

# لە هەرێم تەباو بێکێشە بین، لە بەغدا کاریگەریمان زیاتر دەبێت



سازدانی: هەستیار قادر

**دارا محەمەد ئەمین، ئەندامی وەفدی دانوستکاری کورد لە بەغدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کورد ناتوانێت بایکۆتی بەغدا بکات، بەڵام پێیوایە: ئەگەر هیچکام لە لیستەکان ئامادەنەبوون مادەی (١٤٠) جێبەجێبکەن، پێویستە هەڵوێستی جدیی هەبێت تا کشانەوە لە حکومەت. دارا محەمەد، کە نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامییە لە شاندەکەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات: تا کورد لەناوماڵی خۆیدا تەباو بێ کێشە بێت، ئەوە کاردانەوەی لەسەر هەڵوێستو کارکردن دەبێت لە بەغدا.**

**ڕۆژنامە: وەک ئەندامێکی وەفدی دانوستکاری کورد، جیاوازی نێوان پرۆسەی دانوستان لە ئێستادا لەگەڵ چوارساڵی رابردوو چییە، ئایا توانراوە لەو تاکرەوییەی بڕیاردان دەربچن، کە پێشتر لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقیدا پەیڕەوکراوە؟**

* ئەم دوو قۆناغە جیاوازن لە رووی بارودۆخی سیاسییەوە، پێشتر سوننەکان لاوازبوونو کورد دووەم لیست بوو، ئێستا بارودۆخێکی دیکەیە لە عێراقو ناوچەکە، هەموو لیستو لایەنێک سەیردەکات کە چۆن لە رابردوودا کار کراوەو بیر لەوە دەکاتەو ئەوجا بڕیار لە ئایندە دەدات، ئێستا شیعەکانیش بوون بە دوو بەشەوەو سوننەکانیش دەنگێکی زۆریان هێناوە، بۆیە لیستی کوردی پێویستی بەوە هەبوو بە یەکڕیزیی و یەکدەنگیی بچێتە بەغدا، دواتر دەبوو لایەنە کوردییە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردن یەکدەنگ بن، چونکە هەر کەلێنێک بکەوێتە ناو فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە خەسارەتی گەورە تەواودەبێت بۆ کورد، بۆیە بڕیاردرا هەموومان یەکڕیز بینو رێکەوتینو کارنامەیەکمان ئامادەکرد کە ١٩ خاڵە، ئەگەر گلەیی و تێبینی هەبێت لە کوردستان لێرە بەجیا دانیشتنی لەسەر دەکەین، بەڵام لە بەغدا یەکهەڵوێست دەبینو دانوستانی باشیش کراوە، بەڵام هێشتا ئەوەی کراوە لە ئایندەدا بەرهەمەکەی دەردەکەوێت، کە تاچەند ئێمە لەم دانوستانانەدا سەرکەوتووبووینو تاچەند ئەو بەڵێنانەی پێمان دەدرێت جێبەجێ دەبێتو تاچەند پێگەی کورد لە بەغدا بەهێز دەبێت.

**ڕۆژنامە: ئەوە مانای ئەوە نییە کە پێکهێنانی ئیئتیلافەکە هێندەی ترس بوو لە بەهێزیی بەرامبەر، ئەوەندە پشتی بە گەلاڵەبوونی قەناعەتێک نەبەستووە لە کوردستان بە بوونی ئیئتیلافێکی لەوجۆرە؟**

* من پێموایە هەردووکیانە، کۆمەڵێک خاڵ هەبووە کە لە کارنامەی هەریەک لەم لیستانەی ئێمەدا هەبووە لەکاتی هەڵبژاردنداو دروشمی ئێمە بووە، کە هەموومان کۆکبین لەسەر ئەو دروشمانە ئاسایشە کە یەکدەنگ بین، قەناعەتمان بەوە هەبووە کە ئەو دروشمانە جێبەجێبکەینو بە یەکڕیزیش نەبێت داواکانمان جێگای خۆی ناگرێتو رەنگە لیستەکانی دیکە بەشێوەیەکی تر سوودی لێ ببینن، بەشێکی تریشی بتەوێت یان نا، ناچارییە، لەبەرئەوەی کاتێک دەبینیت کە دوور نییە بە سوننەو شیعە یەکڕیزییەک پێکبهێنن، بۆیە دەبێت یەکدەنگ بیت، بە رای من حکومەت لە عێراق دروست نابێتو سەرکەوتوو نابێت ئەگەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی تێدا نەبێت، ئیفلیج دەبێت.

**ڕۆژنامە: ئەوە لە لۆژیکی تەوافوقی سیاسیدا وایە، بەڵام لە دیموکراسییەتدا وانییە؟**

* بەڵێ، لە دیموکراسییەتدا ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام واقیعی عێراق وا ناڵێت، ئەگەر بە دیموکراسییەتی تەوافوقی کارنەکەین، کورد (٦٠) کورسی هەیەو گریمان هەر نەیبوو، لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا پێکەوە (١٨٠) کورسینو حکومەت دروستدەکەن، بەڵام ئایا بەبێ کورد دەڕوات بەڕێوە؟ ئایا کورد دەتوانێت بایکۆتی بکات؟ بە رای من ناتوانێت لەبەرئەوەی هەرێمێکی فیدراڵمان هەیەو کاروباری هەرێمیش پابەندە بە پێگەی کورد لە بەغدا، چەند لە بەغدا بەهێز بیت، دەتوانیت ئەوەندە رۆڵت هەبێت، ئەگەرنا ئەوەش بۆ کورد بە زیان تەواو دەبێت لە ماوەی چوارساڵی رابردوودا هەموولایەنەکان لە حکومەتدا بەشداربوون، لەگەڵ ئەوەشدا سەدان کێشە هەبوو، بەڵام ئەگەر لایەنێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بێتو دەستوەردانی دەڵێت: بەبێ کوردو سوننە ناتوانم حکومەت دروستبکەمو کوردیش داوای حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیی دەکات، بۆیە بەبێ کورد حکومەت دروست نابێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەبێت کورد ترسی ئەوەی هەبێت کە جارێکی تر کوتلەو لیستە عەرەبییەکان بە بۆچوونە جیاوازەکانەوە یەکدەنگییەک دروستبکەن لەسەر زۆرێک مەسەلە، کە ئێمە مەبەستمانەو ئەگەر بێتو لەسەر بنەمای تەوافوقو فشاری سیاسیی نەبێت، پێموایە بەپێی دەستووریش لەوەدا دەیدۆڕێنین.

**ڕۆژنامە: وەرەقەیەکی (١٩) خاڵیتان پێشکەش بە لیستە سەرەکییەکان کردووە، بڕیار بوو ئەو وەرەقەیە رانەگەیەنرێت، بۆ بڵاوکرایەوە، ئایا ئەوە وەرەقەی دانوستان بوو یان داواکاریی و مەرج؟**

* ئەوە وەرەقەی دانوستانە، لەگەڵ پاڵێوراوانی سەرۆک وەزیراندا باسکراوەو لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکانیشەوە ئەو وەرەقەی دانوستاندنە بڵاونەکراوەتەوە، دوای ئەوەی دامان بە کاندیدی لیستەکان، لە کەناڵەکانی ئەوانەوە بڵاوکرایەوە، ئاساییشە وەرەقەی دانوستان هەر بڵاودەکرێتەوە.

## دەبێت خاڵەکان زیاتر روون بکرێنەوە

## مالیکی پێیوایە کورد ئامادەیە لێی بێتە پێشەوەو لەگەڵیدا حکومەت پێکبهێنێت قبوولیشیەتی سەرۆک وەزیران بێت

**ڕۆژنامە: رەخنە لەوە دەگیرێت کە هەندێک لە خاڵەکانی ئەو وەرەقەیە بۆ قۆناغی دوای رێکەوتنی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییە، لەوانە پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، کە پێشتر کورد تێبینی لەسەر ئەو پۆستە نەبووە؟**

* کاتێک کە گفتوگۆ دەکەیت لەگەڵ لیستێکدا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی، ئەگەر لە پێشدا خاڵەکانت روون نەبن دواتر جاریکی تر وەک هەموو دانوستانەکان کە کورد کردوویەتی گەیشتوونەتە دەرئەنجام، بەڵام شتەکان روونننەکراونەتەوە، ئەوەی کە کورد مەبەستی بووە جێبەجێنەکراوە، ئێمە کە سەرۆک وەزیرانمان نییە دەبێت ئەمینداری گشتیمان هەبێت تا بزانێت بڕیارەکان چینو چۆن دەردەکرێنو چەند لە بەرژەوەندیی کوردە.

**ڕۆژنامە: ئەی وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیرانتان نابێت؟**

* وەزیر بە تەنیا ئاگای لە هەموو بڕیارەکانی سەرۆک وەزیران لە سکرتێری گشتییەوە تێدەپەڕێت، ئەگەر لە ئێستاشەوە ئەو مەسەلانە نەبڕێنینەوە بە مەرجێک لەگەڵ مالیکی هاوپەیمانیی بکەین کە ئەو شتانەمان بۆ بکاتو کە ئێستا ئامادەنەبێت، دواتر دەڵێت بۆم ناکرێتو ناشتوانیت هاوپەیمانێتییەکە هەڵبوەشێنیتەوە، بۆیە دەبوو کورد ئەو خاڵانە بە روونی بنووسێت، زۆر جاری تر بەڵێنیشیان پێداوین جێبەجێنەکراوەو رێکەوتن کراوەو خاڵەکان روونننەکراونەتەوەو جێبەجێنەکراوە، پێموایە دەبێت خاڵەکانیش زیاتر روون بکرێتەوە.

**ڕۆژنامە: هەڵوێستی لایەنەکان لەسەر ئەو داواکارییانە چین؟**

* هەڵوێستەکان لە لیستێکەوە بۆ لیستێکی تر جیاوازە، هەندێکیان پێیانوایە هەندێک لە داواکارییەکانی کورد دەستووریی نینو هەندێکی تریش لە لیستەکان ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە لەسەر بنەمای دژایەتی کورد هێناویەتی تا مادەی (١٤٠) هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە پێموایە ئەگەر ئەو لایەنانە بەڵێنیش بدەن، ئامادە نین جێبەجێی بکەنو ئەگەر جێبەجێشی بکەن جەماوەرەکەیان لەدەستدەدەن، هەرکاتێکیش شیعەو سوننە رێکەوتن، کورد ئامادەیە بچێتە پێشەوە بە هێندەی ئەوەی گوێ بۆ داواکارییەکانی دەگرن، گرنگ ئەوەیە ئێمە وانەیەکمان لە رابردوو وەرگرتبێتو ئەم چوار ساڵەی کە دێت بەفیڕۆی نەدەینو چوار ساڵی تر لە بازنەیەکی بەتاڵدا بسووڕێینەوە.

**ڕۆژنامە: یەکێک لە خاڵەکانی تر ئەوەیە، کە ئەگەر کورد کشایەوە لە حکومەت ئەو حکومەتە بە هەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێت، لە رووی پرۆتۆکۆلییەوە ئەمە رێی تێدەچێت، بەڵام لە رووی واقیعییەوە ئەم داوایەتان پاڵپشتی دەستووریی هەیە؟**

*دەزانین کە ئەو خاڵەمان دەستووریی نییەو لە دەستووردا حکومەتی عێراقی بەوە هەڵناوەشێتەوە، بەڵام ئێمە ئەم خاڵەمان نووسیوە، کاتێکیش ئەم خاڵە لەگەڵ لایەنێک دیاریکراو ئیمزا دەکرێت، ئەمە پابەندبوونی ئەخلاقیو ئەدەبی لەسەر لایەنی بەرامبەر پێویست دەکات، کە خۆشی قایلەو ئیمزای دەکات، کە ئەگەر ئەو خاڵانەی جێبەجێنەکرد، کورد پاشەکشێ دەکاتو حکومەتەکەشی بە هەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێت.

**ڕۆژنامە: بەڵام پێشتر عێراقییەو سەدرییەکانو تەوافوق لە حکومەت کشانەوەو حکومەتیش هەڵنەوەشایەوە؟**

* راستە، بەڵام ئەوە جیاوازە، مالیکی بۆ خۆی شیعەیەو زۆر ئاساییشە کوتلەیەک لەناو سوننەکاندا یان شیعەکاندا یان لەناو کوردا پاشەکشێ بکاتو دەرەکیش هەبێت، ئەم حکومەتە چۆن بەڕێوەدەبرێت؟ لەوانەیە حوکمی چەند پارێزگایەک نەکات، کوردیش ئۆپۆزسیۆن بێت، بەهەمانشێوە دەبێت، لەبەرئەوە هەر کەسێک بیر لە بەڕێوەبردنی حکومەتی عێراق دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، باس لەوە دەکات کە دەبێت پێکهاتە سەرەکییەکانی تێدابێتو مالیکی خۆشی کاروباری وەزارەتەکەی خۆیەتیو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا را دەردەبڕێتو مەسەلەکان تاوتوێ دەکاتو جێگری سەرۆک وەزیرانیش بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە سەرۆک وەزیران پێیداوە رۆژانە کاروباری خۆی ئەنجامدەدات، بەڵام دەسەڵاتەکەی لە سەرۆک وەزیرانەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر پێکهاتەی کورد بە یەک دەنگ بەشداریی حکومەتی نەکرد، کە حوکمی لایەکی عێراق دەکاتو دابڕانێک دروستبوو وەک پارچە پارچەبوونی عێراق، کە ئەمە خاڵیکی گرنگە ئەوان لێی دەترسن، بۆیە پێم وانییە، کورد کاتێک ئەو بڕیارە دەدات ئەگەر بتوانێت بیداتو ئەوان بتوانن لێی پاشگەز ببنەوە، بەڵام ئەم خاڵانەی ئێمە بۆ دانووستانەو مەرج نییە هەموویان جێبەجێبکرێت، مەرجیش نییە لەکاتێکی دیاریکراودا جێبەجێبکرێت، من پێموایە کورد پێگەی بەهێزە ئەگەر بەرنامەی هەبێتو بە وردیی کاری بۆ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەدانیم کورد خۆی تەسلیمی هیچ وڵاتێک بکاتو هەموو هێلکەکانی خۆی بخاتە سەبەتەیەکەوە.

**ڕۆژنامە: هەست ناکەن عەلاویو مالیکی وەڵامنەدانەوەی داواکارییەکانتان وەک وەرەقەی گوشار بۆ سەر یەکتری بەکاردەهێنن، واتە ئەوان بە وەرەقەی ئێوەوە یاریی دەکەن؟**

* پێموانییە بەو شێوازە بێت، ئەوان بەدوای هاوپەیمانێکی جدیدا دەگەڕێن، ئەگەر بێتو کورد ببێتە هاوپەیمانی هەرلایەکیان، داواکارییەکانی قبووڵ دەکەنو دواتر چەند جێبەجێی دەکەن نازانم، بەڵام ئەوکات دەبێت کورد ببێتە بەشێک لەو هاوپەیمانییە، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر کوردو دەوڵەتی یاسا هاوپەیمانیی دروستبکەن، بەپێی ژمارەی کورسییەکانیان ناتوانن حکومەت دروستبکەن، دەبێت بەدوای شتێکی تردا بگەڕێن، بەڵام ئەگەر لە کاردانەوەی ئەم هاوپەیمانێتییەدا لیستەکانی تر هاوپەیمانێتییان دروستکرد، کورد زەرەری تێدا دەکات، مالیکی پێیوایە کورد ئامادەیە لێی بێتە پێشەوەو لەگەڵیدا حکومەت پێکبهێنێت، قبوولیشیەتی سەرۆک وەزیران بێت، لەبەرئەوە کێشەی لەگەڵ کورد نییەو کێشەی لەگەڵ ئیئتیلافو عەلاویدایە، عەلاویش بەهەمانشێوە کە کورد لاریی نییە ببێتە سەرۆک وەزیران، بەڵام دوو لیستە شیعەکە عەلاوییان قبووڵ نییە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر هیچکام لە لیستەکان ئامادەنەبوون مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکەن، کورد ئەلتەرناتیڤی چی دەبێت؟**

* مالیکی دەڵێت ئامادەم کە مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکەمو هەنگاویشی بۆ ناوە، ئەگەر مالیکی بۆ موزایەدەی سیاسیش وا بڵێت، لایەنەکانی تر ناتوانن بڵێن دژی ئەو مادەیەینو نایانەوێت پاڵپشتی کورد لەدەستبدەنو ئەگەر ئەوەش روویدا، دەبێت کورد هەڵوێستی زۆر جدیی هەبێت هەتا ئەگەر لە حکومەتیش پاشەکشێ بکات.

**ڕۆژنامە: لە کۆبوونەوەیەکی شاندەکەتاندا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا، باس لە چاکسازیی سیاسیی کرا لە هەرێمدا، ئەوە پەیوەست کراوە بە یەکڕیزیی کورد لە بەغدا؟**

* نەخێر، باس لەوەکرا کە یەکهەڵوێستیمان لە بەغدا نەبەستینەوە بە بارودۆخی ناوخۆی کوردستان تا تەفسیرێکی بۆ نەکرێت، بەڵام داوامان کرد کە چاکسازیی سیاسیی بکرێتو سەرۆکی هەرێمش داواکەی پەسەندکردو لەوێ بڕیاردرا کە لیژنەکە دروستبکرێتو لەگەڵ سەرۆکی حکومەت دابنیشتێتو سەرۆکی هەرێمش لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی حیزبە سیاسییەکان دابنیشێت، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بە راشکاویی باس لە کێشەکان بکرێت تا چارەسەر بکرێت، ئێمە تا لەناوماڵی خۆمان تەباو بێ کێشە بین، ئەوە کاردانەوەی لەسەر هەڵوێستو کارکردن دەبێت لە بەغداو ئاساییشە لێرە ئۆپۆزسیۆن بینو لە بەغدا یەکهەڵوێست بین، بەڵام دەبێت هەمووان لە کوردستان هاوڵاتی بین، مافمان وەک یەک هەبێت، یاسا وەک یەک جێبەجێبکرێت بەسەر هەموولایەکدا، یاساش سەروەر بێت، دەسەڵاتی حیزبیی نەمێنێت، حکومەت هی میللەت بێتو گرتنو بێسەروشوێنکردنو سزای سیاسیی نەمێنێت.

## ئێمە تا لە ناوماڵی خۆمان تەباو بێ کێشە بین، ئەوە کاردانەوەی لەسەر هەڵوێستو کارکردن دەبێت لە بەغدا

ریفۆرمی دەستووریی تورکیا: بە بەڵێ، یان نەخێر 12

### هێشتا سەرۆک کۆمارو دوو وەزیری کورد بێ وەڵامن

# تەنیا سێ پەرلەمانتاری کورد داهاتیان بۆ دەستەی نەزاهە ئاشکرا کردووە

راپۆرتی: هەستیار قادر

**بەپێی نوێترین ئاماری دەستەی نەزاهەی عێراق، لە کۆی (٣٢٥) پەرلەمانتاری نوێی عێراق، (٥٦) یان فۆرمی تایبەت بە سەروەت و سامانیان پڕکردووەتەوە، کە تەنیا سیانیان کوردەو هێشتا سەرۆک کۆمارو دوو وەزیری کوردن و سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و چەند بەرپرسێکی کورد ئەو فۆڕمەیان رادەستی دەستەی ناوبراو نەکردووە.**



### (١٧٪)ی پەرلەمانتاران سامانیان دیارە

بەپێی نوێترین ئاماری دەستەی نەزاهەی عێراقی، کە لەسەر ماڵپەڕە رەسمییەکەی بڵاویکردووەتەوە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠)وە تا ٢٠١٠/٨/٢٩ لە کۆی (٣٢٥) پەرلەمانتاری نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تەنیا (٥٦) پەرلەمنتار فۆڕمی زانیاریی تایبەت بە سەروەت و سامانیان پڕکردووەتەوە، کە دەکاتە (١٧,٢٪) تێکڕای پەرلەمانتارە نوێکان و لە نێویاندا تەنیا سێ پەرلەمانتاری کورد ناویان لەو لیستەی دەستەی نەزاهەدا هاتووە، کە فۆڕمی مەبەستیان پڕکردووەتەوەو هەریەک لە کەسایەتییەکانی، نوری مالیکی سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاساو ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقییەو عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆمار وەک پەرلەمانتاری نوێ فۆڕمی تایبەت بە ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان بۆ ئەمساڵ پڕکردووەتەوە.

### سەرۆکایەتی کۆمارو حکومەت

لە بەشێکی دیکەی ئەو ئامارە نوێیەی دەستەی نەزاهەدا ئاماژە بە رادەی وەڵامدانەوەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق کراوە سەبارە بە پڕکردنەوەی فۆڕمی زانیاریی سەروەت و سامان و تیایدا هەریەک لە تاریق هاشمی و عادل عەبدولمەهدی جێگرانی سەرۆک کۆمار فۆڕمیان پڕکردووەتەوە، تەنیا سەرۆک کۆمار ئەو فۆڕمەی رادەستی دەستەی ناوبراو نەکردووەتەوەو رێژەی وەڵامدانەوەی سەرۆکایەتی کۆماری دابەزاندووە بۆ (٦٦,٧٪).

هاوکات خشتەی وەزیرەکانی حکومەتی ئێستای عێراقی ئەوەی دەرخستووە، کە لە کۆی (٣٧) وەزیری ئەو حکومەتە، (٩) وەزیریان فۆڕمی زانیاریی سەروەت و سامانیان رادەستی دەستەی نەزاهە نەکردووە، کە سیان لەو وەزیرانە کوردن، ئەوانیش وەزیرانی دەرەوەو ژینگەو پیشەسازیی و وزەن و رێژەی وەڵامدانەوەی وەزیرەکانیشی سەبارەت بە پڕکردنەوەی فۆڕمی زانیاریی سەروەت و سامان گەیاندووەتە (٧٦,٥٪)ی تێکڕای رێژەی سەدیی وەزیرەکان.

هەرچەندە لەو لیستەدا ناوی پۆستی یەکێک لە جێگرانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە د.رۆژ نوری شاوەیس، بەڕێوەی دەبات، هاتووە، کە لیستی زانیاریی سەروەت و سامانی پڕ نەکردووەتەوەو دوای دوو رۆژ بەدوای دەرچوونی ئەو ئامارە، دەستەی نەزاهە لە ٢٠١٠/٨/٣١دا لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرایکردووە، کە هەریەک لە د.رۆژ نوری شاوەیس و سێ وەزیری ناوخۆو بەرگریی و تەکنۆلۆژیاش فۆڕمی زانیاریی سەروەت و سامانیان پڕکردووەتەوەو رێژەی وەڵامدانەوەی وەزیرانی حکومەتی عێراقی بۆ ئەو هەنگاوە بۆ (٨٠٪) بەرزکردووەتەوە.

### ئەنجومەنی پارێزگاکان

بەپێی ئەو ئامارانەی دەستەی نەزاهەی عێراق تا ٢٠١٠/٨/٢٩ هیچ کام لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، موسڵ، دیالە، نەجەف و بەسرە فۆڕمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان رەوانەی دەستەی نەزاهە نەکردووەو بە هەمان شێوەش سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و دیالە کە هەردووکیان کوردن لەگەڵ هاوتاکانیان لە پارێزگای سەلاحەدین، دیوانیە، نەینەوا، کەربەلا، نەجەف، زیقارو بەسرە فۆڕمی زانیاریی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان پڕنەکردووەتەوە ئەمە جگە لەوەی لە کۆی (١٥) پارێزگای عێراقدا تەنیا (٥) پارێزگار ئەو فۆڕمەیان پڕکردووەتەوە، بەبێ ئەوەی وردەکاریی زیاتر بدات لەسەر ناوی پارێزگارەکان.

### پۆستە هاوتاکانی وەزیر

لەو ئامارەی دەستەی نەزاهەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە لە کۆی (٢١) پۆستی هاوتای وەزیر لە پێکهاتەی حکومەت و دەوڵەتی عێراقیدا تا (٨/٢٩)، تەنیا (٦) بەرپرس لەو ئاستەدا فۆڕمی زانیاریی سەروەت و سامانیان پڕنەکردووەتەوە، ئەوانیش سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە کوردە، سەرۆکی دەستەکانی موڵکداریی و بانکی ناوەندی و لێپرسینەوەی دادپەروەریی سەرۆکی دەستەی خزمەتگوزاریی پەخش و بڵاوکردنەوەو حەج و عەمرەو لیژنەی ئۆلۆمپیی و تێکڕای رێژەی وەڵامدانەوەش سەبارەت بەو پۆستە ئاست وەزیرانە گەیشتووەتە (٧١,٤٪)ی تێکڕای ژمارەی ئەو پۆستانە.

# بازنەی دەسەڵات لە شیعەکان ناچێتە دەر

### پسپۆڕێکی سیاسیی: شیعەکان کۆکن لەسەر ئەوەی سەرۆک وەزیران نەدرێتە کوردو سوننە

ڕۆژنامە

**خاڵی هاوبەشی ململانێی لیستە سەرەکییەکان لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران، شیعەبوونی پاڵێوراوەکانیانەو پسپۆڕێکی سیاسیش پێیوایە؛ هەرچەند ناکۆکییەکانی شیعە گەورە بێت، لەسەر هەندێک خاڵی گرنگ کۆکن وەکو ئەوەی نابێت پۆستی سەرۆک وەزیران بدرێت بە کوردو سوننە.**

یەکێک لە دیارترین سیماکانی و دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی لە عێراق، دابەشبوون و پەرتبوونی عەرەبی شیعە بوو لە عێراقداو پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش فاکتەری سەرەکیی ئەو پەرتبوونەبوو، سەرەڕای فشارەکانی ئێران و کاریگەریی مەرجەعیەتەکان لەناو عێراقدا، عەرەبی شیعە دابەشبوون بۆ پێنج گرووپی جیاوازو بێهێزکردنی هاوپەیمانیی نیشتمانیی لێکەوتەوەو ناکۆکیی خستە نێوانیان، تا ئەو ئاستەی هەریەک لە دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی بەجیا هەوڵی هاوپەیمانێتی بدەن لەگەڵ کوردو عێراقییەدا.

هەرچەندە لیستی عێراقییە بە نوێنەری سوننەکان دەناسرێت بەشێکی زۆر لە عەرەبی شیعە دەنگیان داوە بە ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی ئەو لیستە کە شیعەیەکی تەکنۆکراتەو بەشداربووانی لیستەکەشی بە «کۆنە بەعسی و شۆڤێنیست»و عەلمانی ناوزەند دەکرێن و لەئێستادا پشتگیریی لە ئەیاد عەلاوی دەکەن کە ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەریەک لە نوری مالیکی، پاڵێوراوی لیستی دەوڵەتی یاساو عادل عەبدولمەهدی، کە پاڵێوراوی ئیئتیلافی نیشتمانییە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، لە پاڵ ئەیاد عەلاویدا سەرجەمیان شیعە مەزهەبن.

لەو بارەیەوەشەوە کەریم علێوی، پەرلەمانتاری قەوارەی رێکخراوی بەدر کە یەکێکە لە قەوارەکانی ئیئتیلافی نیشتمانیی بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد؛ «ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی و رێکخراوی بەدر کە هەردووکیان خاوەن (٢١) کورسین، عادل عەبدولمەهدی کاندیدیانە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران».

سەدریەکانیش کە خاوەنی (٤٠) کورسین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراقدا، لەپاش ئەنجامدانی راپرسییەک لەنێو لایەنگرانیاندا بەئاشکرا پشتگیریکردنیان بۆ کاندیدکردنی ئیبراهیم جەعفەری دووپات کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو لە رکەبەری نێو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی ئەو لیستە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران پاشەکشێی کرد بە پاساوی ناقایلبوون بە میکانیزمی یەکلایی کردنەوەی پاڵێوراوەکان لەنێو لیستی ئیئتیلافدا ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتریش رەوتی سەدر جەعفەری بە پاڵێوراوی خۆی نەدەزانی. نەسار روبەیعی، سەرکردەی رەوتی سەدر ئاماژەی بەوەدا؛ کە رەوتەکەیان کاندیدێکی نییە کە نوێنەرایەتی رەوتەکە بکات، بەڵام ئەوان پشتگیرییان لە ئیبراهیم جەعفەری دەکرد بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەربگرێت.

لەگەڵ ئەوەی بەمدواییە باس لە ئەگەری گۆڕینی مالیکی کرا بە پاڵێوراوێکی تری لیستی دەوڵەتی یاسا بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، عەبدولهادی حەسانی، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا کە خاوەن (٨٩) کورسین، سووربوونی لیستەکەی لەسەر کاندیدکردنی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران عێراق دووپات کردەوە.

ئەگەرچی لیستی عێراقییە بە لیستێکی نزیک لە سوننەکان ناسراوە، بەڵام نزیکەی (١٨) ئەندام پەرلەمانی شیعەی هەڵبژێردراوی هەیە، لەوبارەیەشەوە محەمەد عەلاوی، سەرکردەی لیستی عێراقییەو هۆکاری دەنگدانی بەشیک لە شیعە مەزهەبەکانی بە لیستی عێراقییە گەڕاندەوە بۆ شکستهێنانی حیزبە ئاینییەکان و جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە ئەیاد عەلاوی، تاکە پاڵێوراویانە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران.

هەندێک لە لایەنە شیعەکانیش تائێستا خۆیان لەنێو پاڵێوراوانی لیستەکاندا یەکلایی نەکردووەتەوە لەگەڵ ئەوەی سەرجەمیان شیعە مەزهەبن.

لەوبارەیەوە عەممار توعمە، پەرلەمانتاری قەوارەی حیزبی فەزیلە رایگەیاند: «هەتا ئێستا هیچ کاندیدێکمان نییە کە پیشتگیریی لێ بکەن بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، لە هەمان کاتیشدا هێڵی سوورمان دانەناوە لەسەر هیچ کاندیدێکی لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانیی.

پسپۆڕێکی سیاسیش پێیوایە: سەرەڕای ناکۆکیی، شیعەکان رێکن لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران نەدرێت بە کورد، یان سوننە، د.سەعد حەدیسی، کە لێکۆڵەرێکی سیاسیی سوننە مەزهەبە ئاماژەی بەوەدا، کە هەرچەند ناکۆکییەکانی شیعە گەورە بێت، بەڵام ئەوان لەسەر هەندێک خاڵی گرنگ کۆکن وەکو ئەوەی نابێت پۆستی سەرۆک وەزیران بدرێت بە کورد یان سوننە.

ئەو پسپۆڕە سیاسییە هۆکاری ململانێی شیعەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە بۆ نەمانی متمانە لە نێوانیانداو بە رۆژنامەی راگەیاند: «ناکۆکییەکانی شیعە لەسەر بەدەستهێنانی پۆست و دەسەڵاتەو نەبوونی متمانەیە، بەهۆی رووبەڕووبوونەوە سەربازیی و سیاسییەکانی رابردووەوە لەنێوان حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی و رەوتی سەدر دا».



# ـــان نـەخـێـر



بنێت، بۆ راکێشانی دەنگی هاوڵاتییان. لە بەرامبەردا هەریەکە لە مەهەپەو جەهەپەش بەدوای شێوازی نوێدا دەگەڕێن بۆ رازیکردنی هاوڵاتییان بە دەنگدان بە نەخێرو بەدەپەش هەوڵدەدات خەڵکی زیاتر بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن.

ئەم پێشبڕکێیەش تەنیا بۆ راکێشانی هاوڵاتییان نییە بۆ دەنگدان بە بەڵێ، یاخود نەخێر، بەڵکو وەکو بوڵەنت ئارنیچی، جێگری سەرۆک وەزیران دووپاتیدەکاتەوە، چەندێتی رێـژەی دەنگەکان بۆ ئەکەپە زۆر گرنگە، ئارنیج چەند جارێک باسی لـەوە کـردووە کە پارتەکەی دەیەوێت (٦٠٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەی زەنگی ئاگاداکردنەوە بۆ گشت لایەنە سیاسییەکان لێبدات، کە پێشبینیی کەمبوونەوەی دەنگەکانی ئەکەپە دەکەن لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوودا.

ئەو هاوڵاتییانەی دەنگ بۆ ریفۆرمە دەسـتـووریـیـەکـان دەدەن لـە چەند گرووپێکن، هەندێکیان ئەوانەن کە لایەنگری ئەردۆغانن، هەندێکی دیکە دەیانەوێت دەنگ بدەن بە بەڵێ، چونکە مەبەستیانە سزای سوپاو دەسەڵاتی دادوەریی بدەن، ئەمانەش تەنیا لە ئەندامانی ئەکەپە نین، بەڵکو ئەندامانی پارتەکانی جەهەپەو مەهەپەشی تێدایە، هەندێکیش لەبەرئەوەی لە پارتی سەعادەت نزیکن‌و هەندێکی دیکەش لەبەرئەوەی لایەنگری بەدەپەن، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم گرووپانە لە دەوری ئامانجێکی دیاریکراو کۆنابنەوە، ئەمە جگە لەوەی دەنگدانی ئەم گرووپانە بە «بەڵێ» بە مانای دەنگدانیان نییە بە ئەکەپە لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١١)دا.

ئەو هاوڵاتییانەی دەنگ بە «نەخێر» دەدەن، هیچ ئامانجێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە، ئەوان بڕیاریان داوە دەنگ بە «نەخێر» بدەن، تەنانەت گەر ئەردۆغان باشترین هەنگاویش بنێت، ئەمانەش ئەوانەن کە دژایەتی ئەردۆغان‌و پارتەکەی، ئەکەپە دەکـەن، هەندێکیان لایەنگری مەهەپەو هەندێکی دیکەش لایەنگری جەهەپەن، بەڵام دەبێت بوترێت کە بەشێک لە لایەنگرانی ئەم دوو حیزبە بە پێچەوانەی خواست‌و ئیرادەی پارتەکەیانەوە دەنگ دەدەن، هەر لەبەرئەمەشە دەوترێت کە ئەکەپە پێویستی بە (٦٠٪)ی دەنگەکان هەیە بۆ ئـەوەی دڵنیابێت لـەوەی لە هەڵبژاردنی (٢٠١١)دا دەتوانێت بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت، چونکە گەر دەنگی «نەخێر» (٤٧٪) یان تەنانەت (٤٥٪)یش بێت، ئەوا مەترسیی لەسەر ئەو ئامانجەی ئەکەپە هەیە، چونکە وا چـاوەڕوان دەکرێت هەندێک لە لایەنگرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەنگ بە بەڵێ بدەن.

ئەمە لەکاتێکدایە کە هەر یەکە لە ئەردۆغان‌و سەرۆکی جەهەپە، کەمال کلیچدارئۆغلو، دووپـاتـی دەکـەنـەوە کە ریفراندۆمەکە هیچ پەیوەندیی بە حکومەت‌و پارتە سیاسییەکانەوە نییە، بـەڵام گومانی تێدانییە کە ئەنجامی ریفراندۆمەکە کاریگەریی لەسەر پێگەی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی تورکیادا دروستدەکات.

ئەنجامی ریفراندۆمیش لەلایەن ئەکەپەوە زۆر بەجدیی وەردەگیرێت، بـەپـێـچـەوانـەی هەڵوێستی کەمال کلیچدارئۆغڵوە، کە پێیوایە؛ هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو زیاتر دەنگدان دەبێت بە خودی خۆی‌و لە رێگەی پێڕەوکردنی چەند چالاکییەکی تایبەتەوە دەنـگ بەدەستدەهێنێت، هەربۆیە ئەو پێیوایە ناتوانرێت ئەنجامی ئەم ریفراندۆمە وەک پێوەر وەربگیرێت.

## بەدەپەو بایکۆت

پارتی پرۆکوردی ئاشتی‌و دیموکراسی (بەدەپە)، سوورە لەسەر بایکۆتکردنی ریـفـرانـدۆم‌و چەند جارێک داوای لە ئەندامانی کرد کە بایکۆتی ریفراندۆم بکەن، چونکە هیچی نوێی بۆ کورد تێدا نییە، ئەم پارتە کە گرووپێکی لە پەرلەمانی تورکیادا هەیەو بە گەورەترین پارتی یاسایی کوردی تورکیا دادەنرێت، داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد کە پێشوازیی لە سەردانەکەی هەینی رەجـەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانیش نەکەن، بە پاساوی ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پەیامێکی نوێی لێناکەن.

لە راپۆرتێکی رۆژنامەی رۆژانـەی جمهوریەتی تـورکـیـدا سەلاحەدین دەمیرتاشی، سەرۆکی بەدەپە داوا لە لایەنگرانی پارتەکەی دەکات کە پێشوازیی لە ئەردۆغان نەکەن.

جێگری سەرۆکی بەدەپە، ئایلا ئاکات ئاتا، وتی: «هیچ گۆڕانێک لە پێگەی ئێمەدا روونادات (دەربارەی بایکۆتی ریفراندۆمی ١٢ی سێپتەمبەر)، ئێمە چاوەڕوانی هیچ شتێکی نـوێ لە پەیامەکانی سـەرۆک وەزیران ناکەین». پێشترو بەدەپە ئاماژەی

> **ئەحمەد تورك: چاوەڕوانی هیچ پەیامێکی گرنگ ناکەم، چونکە پرۆسەی ریفراندۆم بە رەوتێکی ناسیۆنالیستانە ئەنجامدەدرێت**

ئەوەی دابوو بە پارتی دەسەڵات کە پێگەی خۆی بەپێی چەند مەرجێک دەگۆڕێت، وەکو ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکان‌و کەمکردنەوەی رێژەی پێویست بۆ بوون بە ئەندام لە پەرلەمان، ئەتا وتی: «گەر سەرۆک وەزیران بیەوێت پەیامێک بدات، دەتوانێت لەهەر شارێکی تورکیاوە بیلێت. بەڵام پێموایە؛ ئەردۆغان چارەسەری کێشەی کوردی لە ئەجێندادا نییە».

ئەحمەد تورکی، سیاسەتوانی کوردی‌و سەرۆکی پارتی پرۆکوردی یاساغکراوی دەتەپە بەهەمان شێوەی ئاتا قسەیکردو وتی: داهاتووی تورکیا کراوە بە قوربانی ناسیۆنالیزم.

ئەحمەد تورک، بە رۆژنامەی میللیەتی تورکی وت: «چاوەڕوانی هیچ پەیامێکی گرنگ ناکەم، چونکە پرۆسەی ریفراندۆم بە رەوتێکی ناسیۆنالیستانە ئەنجامدەدرێت»، ئەحمەد تورک، پێیوابوو: گۆڕینی پێگەی ئەکەپە خۆکوشتنی سیاسیی ئەو پارتەیەو دەبێت پێگەی خۆی نەگۆڕێت، «بەدەپە پێگەی خۆی ناگۆڕێت، گەر بیگۆڕیایە، کۆتایی خۆی دیاریدەکرد».

عوسمان بـایـدەمـیـری، سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکریش ئەوەی راگەیاند: هاوڵاتییانی دیاربەکر لەلایەن ئەندامانی ئەکەپەو کۆمەڵگەی ئایینیی گولەن‌و میدیای تایبەت بـەو کۆمەڵگەیەوە هەڕەشەیان لێکراوە، چونکە چاوەڕوان دەکرێت رێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی ئەم پارێزگایە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن.

لە وتـارەکـەی رۆژی هەینی ٩/٣، ئەردۆغان داوای لە هاوڵاتییانی ئەو پارێزگایە کرد کە بەشداریی لە ریفراندۆمدا بکەن‌و ئازادن لەوەی دەنگ بە «نەخێر»، یان «بەڵێ» بدەن، ئەو ئەوەی دووپاتکردەوە کە رێز لە هەردوو ئیختیارەکە دەگیرێت، بەڵام بەشدارینەکردن‌و بایکۆت کردەیەکی نادیموکراتییانەیە.

## بەرەو دەستوورێکی نوێ

رەجـەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ دیاربەکرو لەبەردەم هاوڵاتییانی ئەو شارەدا پەیمانی ئەوەیدا، کە دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا دابڕێژێت گەر بێت‌و هاوڵاتییان دەنگ بە «بەڵێ» بدەن.

رۆژی هەینی، (٣)ی ئـەم مانگە، ئەردۆغان سەردانی شاری دیاربەکری کـرد بە مەبەستی راکێشانی دەنگی ئەو هاوڵاتییانەی کە خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە، وتی: ریفراندۆمی (١٢)ی سێپتەمبەر یەکێک دەبێت لە ساتە هەرە گرنگەکانی مێژووی تورکیاو دەرگا بۆ دەستوورێکی نوێ دەکەینەوە، «خەڵک، دیموکراسی‌و ئازادیی، براوەکانی ئەو رۆژە دەبن»، ئەمە لەکاتێکدا هەوڵیدەدا کە بەخەڵکی بڵێت پارتەکەی ئەو (ئەکەپە) نوێنەرایەتی تەواوی چین‌و توێژەکانی تورکیا دەکـات‌و لەپێناوی تورکیایەکی دیموکرات‌و ئازاددا هەنگاو دەنێت.

ئەم بانگەوازەش لە دیاربەکر هۆکاری ئـەوەبـوو، کە دەیویست کـوردەکـان رازیبکات دەنگی «بەڵێ» بە هەمواری دەسـتـووری بـدەن، تـا لـە هەنگاوی دووەمداو لە دەستووری نوێدا مافەکانیان جێبەجێ بکرێت، مەبەستی ئەوەش بوو بڵێت گەر نەتوانین دەستوور هەموار بکەین، ئەوا پلانی دەستوورێکی نوێش لەباردەچێت‌و بەمشێوەیەش چانسێکی گەورە لەبەردەم کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی لەدەستدەچێت.

# میوانی درەنگوەخت



شاڵاو فەتاح

هەفتەیەکی دیکە نابات تورکیا چانسی وەرچـەرخـانـێـکـی دیـکـەی مـێـژوویـی ئـەزمـوون دەکـات، گەر کەمێک چاوقایم بـوومـایـە دەمـوت، زیـاتـر (٥٥٪)ی هـاوڵاتـیـیـان دەنـگ بە «بـەڵـێ» دەدەن، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ ئەردۆغان‌و پارتەکەی، چونکە هەم وەک هاوڵاتی تورک‌و هەم وەک سیاسییش سوودمەند دەبن.

نامەوێت حوکم لەسەر هەڵوێستی بەدەپەو کوردەکان بدەم، هەرچییەک بڵێم لـەوەوەیـە کە دەنگی دەهـۆڵ لە دوور خۆشەو ئـەو دەردەی لە هـەژارە، لە دەوڵەمەند نییە! بەڵام وتارەکەی ئەردۆغان هەڵدەگرێت یەک دوو قسەی لەسەر بکەین، ئەردۆغان وتـارێـکـی تـەواو عاتفییانەی داو بەقەولی کوردە سیاسییەکانی تورکیا «هیچ پەیامێکی نوێ»ی پێنەبوو، هەر چاوەڕوانی ئەوەشمان لێدەکرد، میوانی درەنگوەختبوو، بۆیە لە بەرامبەردا گلەیی لـەسـەر خـۆیـەتـی، جا بەم رەمەزانەش.

ئەردۆغان نەیدەتوانی شتێکی تازە بڵێت، پاکێجە دەستوورییەکەی دەمێکە لە پەرلەماندا قبووڵکراوەو بۆ ریفراندۆم ئـامـادەکـراوە، دەستکاریکردنی لە خەیاڵەوە نزیکە، ئەمە جگە لەوەی هەر پەیماندانێکی بە هەنگاونانی جدیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد تەنیا وەک بانگەشەیەک بۆ بەشدارییپێکردنی کـوردەکـان دەشکایەوە، خۆ ئەوەی لە (٩٠) ساڵدا چارەسەرنەکراوە بە (نۆ) رۆژ چارەسەر ناکرێت، پەیمانی دانانی «دەستـوورێکی نـوێ» دوای ریفراندۆمیش هەر لەو چوارچێوەیەدا لێکدرایەوە، وێڕای ئەوەی کوردەکان دڵنیانین لەوەی لەو دەستوورە نوێیەدا مافیان دەپـارێـزرێـت، یاخود وەکو هەموارەکە بێ ماف دەمێننەوە.

سیاسییە کوردەکانیش چارێکیان نییە، مەگەر دەکرێت هانی لایەنگرانت بدەیت دەنگ بە گۆڕانکارییەک بدەن کە دوورو نزیک مافەکانتی تێدا باسنەکراوە، لەکاتێکدا گەورەترین چانس بوو بۆ ئاشکرا ناساندنی کێشەی کـوردو هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی، کەچی ئەو ئەردۆغانەی پێشتر «قارەمان»ی کوردەکان بوو، لە ئێستادا بەوە ئیزعاج دەبێت بڵێت؛ با زمانی کوردیش زمانی رەسمیی بێت! دەبێت چـاوەڕوانـی کلیچدارئۆغلو، بن پەیمانی گەورەیان بداتێ، دەی خۆ راستی ئەویش دوای دوو خول سەرۆکایەتیی دەردەکەوێت، هیچ پەلەی ناوێت، لە «دۆست» زۆریان بینی، ئینجا لە «بێگانە».

ئاگربەستەکەی پەکەکەش هەر میوانی درەنگوەخت بوو، لەکاتێکدا دەکرا فشار بخرێتە سەر ئەکەپە بۆ هەنگاونانی جدیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کـورد، چەند پێکدادانێک روویداو پاساوی دایە دەست ئەردۆغان کە لەجیاتی ئـەوەی بە چارەسەری کێشەکەوە مەشغوڵ بێت، بـەوەوە مەشغوڵ بوو یەکەیەکی دژەتیرۆری تایبەتی بەدیسپلین، ئەوانەی کە نەک هەر راهێنانیان، بگرە سمێڵیشیان دەبێت وەک یەک بێت، دروستبکات، ئەمەش بووە هۆی شاردنەوەو ناونەهێنانی چـارەسـەری کێشەی کـوردو ئەو دەستپێشخەرییەی پێشتر بانگەشەی بۆ دەکراو خاڵی شکستی گەورەی بوو.

ئێستاش کە ئێوارەیەو هەموو لایەک دەیەوێت ئیسراحەت بکات، وابزانم خورمای رۆژوو شکاندن لای هیچیان نەماوەو ئەم بەربانگەشیان بەیەکەوە نەکرد، وابزانم کێشەکەش درەنگوەختی نییە، بەڵکو تاکو لای یەکتری میوان بن، هەر گلەیی لەسەر خۆیانە.

بەڵێندەرەكان تەندەرەكانی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی وەرناگرن 14

# ریفۆرمی دەستووریی توركیا: بە بەڵێ، یـ




ئا: شالاو فەتاح

**هەمواركردنی دەستووری توركیا هەنگاوی یەكەمە بۆ گۆڕینی تەواوەتی دەستوورو دەستپێكێكی نوێ بۆ كۆمار، بەڵام گەر ئەم هەنگاوە سەرنەگرێت، دوورنییە تەواوی نەخشەكانی پارتی دادوگەشە (ئەكەپە) بۆ ئاراستەكردنی دەوڵەتی توركیا لەباربچێت.**

هەرچەندە بەرپرسانی ئەكەپەو ئۆپۆزسیۆنیش جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، كە ریفراندۆمی دەستووریی كێشەی هاوڵاتییانەو هەرگیز بۆ پێشبڕكێی حیزبەكان نییە، بەڵام شارەزایان پێیانوایە لە ریفراندۆمی هەمواركردنی دەستووریی (١٢)ی ئەم مانگەدا پارتی دەسەڵاتدار پێویستی بە (٥٥٪) زیاتری دەنگەكان هەیە، بۆ ئەوەی بیر لەوە بكاتەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا تاكە حیزبی ناو حكومەت بێتو (٥٠٪) كەمتر گومان دەخاتە سەر توانای ئەو حیزبە بۆ پێكهێنانەوەی حكومەت.

بەمشێوەیەش ئەم ریفراندۆمە بۆ ئەكەپەو بۆ «توركیای نوێش» سەنگی مەحەكە، ئەمە جگە لەوەی سەركەوتنی ریفراندۆم مانای هەنگاوێك نزیكبوونەوەی زیاتری توركیایە لە بوونە ئەندام لە رێكخراوی یەكێتیی ئەوروپا. ریفۆرمە دەستوورییەكان چەند ئەنجامی پێویستی ناوخۆیی بێت، دوو هێندە ئەنجامی فشاری دەرەكیی ئەمریكاو بەتایبەتتریش یەكێتی ئەوروپایە بۆ پەرەپێدانی دیموكراسیو مافەكانی مرۆڤ لە توركیا.

لەم گۆڕانكارییە دەستوورییانەدا زیاتر تەركیز خراوەتە سەر ئەو مادە دەستوورییانەی، كە رێكخراوی یەكێتی ئەوروپا داوای گۆڕین، یان هەمواركردنی كردوون.

## مێژووی گۆڕانكارییە دەستوورییەكانی توركیا

توركیا نزیكەی دوو سەدە ئەزموونی لە دروستكردنی یاسای دەستووریی‌و (١٣٤)ساڵ ئەزموونی دەستووریی هەیە، بەڵام ریفراندۆمی دەستووریی ئەمجارە جیاوازە، لەبەرئەوەی یەكەمجارە جەماوەرو خەڵكی توركیا یاسای دەستووریی دادەنێن، نەك تەنیا پیاوانی دەوڵەت.

یەكەمین یاسای دەستووریی توركیا دەتوانرێت بەو دۆكیۆمێنتە دابنرێت كە ناوی نرا (تەنزیمات فەرمانی)، یاخود بڕیاری ریفۆرمی ئیداریی ساڵی (١٨٣٩)، كە تێیدا پاراستنی مافە بنەڕەتییەكانی دەستەبەركردبوو، سوڵتان خۆی پەیمانی پاراستن‌و فراوانكردنی مافە بنەڕەتییەكانی دا، دواترو لە ساڵی (١٨٥٦)دا (ئیسڵاحات فەرمانی)، یاخود بڕیاری چاكسازیی دەركرا، ئەمەش دۆكیۆمێنتێكی گرنگ بوو كە باسی لە پاراستنی ئازادیی ئایینی دەكرد.

یەكەمین دۆكیۆمێنتی دەستووریش بوو، كە یاسای یەكسانی هاوڵاتییانی دارشت، بەڵام یەكەمین دەستووری رێكخراو لە ساڵی (١٨٧٦)دا دەركرا، دواتر لە ساڵی (١٩٠٩)دا هەمواركرا، لە ساڵی (١٩٢١) یاسای بنەڕەتی رێكخراوەكان دەركراو دواتریش لە ساڵی (١٩٢٤) لەلایەن پەرلەمانەوە دەستوورێك دارێـــژرا، لە ساڵی (١٩٦١و ١٩٨٢)، لە ئەنجامی كودەتا سەربازییەكانەوە دوو هەمواری دەستووریی نوێ وەگەڕخرا.

یەكەمیان توانی بۆ ماوەی نۆزدە ساڵ كاربكات، بەڵام ئەوەی دووەمیان هێشتا لەكاردایە، لە تەواوی ئەو گۆڕانكاریی‌و هەمواركردنانەدا، جەماوەر تەنیا رۆڵی تەماشاكاری دەبینی، یاخود لەڕێی نوێنەرەكانییەوە لە پەرلەمان دەستكاریی دەستووری دەكرد، بەڵام ریفراندۆمی ئەم مانگە بۆ یەكەمجار جەماوەر راستەوخۆ بەشداریی لە گۆڕینی دەستووردا دەكات.

## ١٢ی سێپتەمبەر

دوانزەی سێپتەمبەر لە مێژووی توركیادا نوێ نییەو ئەمە یەكەمین رووداوی گرنگ نییە كە لەم رۆژەدا رووبــدات، ســاڵی (١٩٨٠)و لە هەمان رۆژدا چەند ژەنەراڵێكی سوپای توركیا پلانی كودەتایەكی سەركەوتوویان بەســەر دامـــــەزراوە حكومییەكاندا جێبەجێكرد.

ئەو كودەتایە لەلایەن ژەنەراڵێكەوە كرا بەناوی كەنعان ئێڤرەن، كە ئێستا لە نەوەدەكانی تەمەنیدایەو كاتەكانی خانەنشینی بە وێنەكێشان‌و پۆرترێتكردنی دیمەنەكانی دەریای ناوەڕاست بەسەر دەبات، دیاریكردنی ئەم رۆژە بووە هۆی مشتومڕێكی زۆر لە توركیا، رەنگە هەر لەو رووشەوە بێت كە ئۆپۆزسیۆنی گۆڕانكارییە دەستوورییەكان هەندێك كات پلانەكەی ئەكەپە بە «كودێتای سپی» بەسەر كۆماردا لەقەڵەم دەدات.

ئەو پرۆپۆزەڵەی لەلایەن ئەكەپەوە ئامادەكراوە، پێكهاتووە لە (٢٧) مادەی دەستووریی.

ئامانجە گشتییەكانی بەهێزكردنی حوكمی یاسا، قورسكردنی یاساغی پارتە سیاسییەكان، زیادكردنی شەرعیەتی دیـمـوكـراتـی دەســەڵاتـی دادوەریـیـە، ئەمەش گرنگترین ریفۆرم‌و گۆڕانكارییە دەستوورییەكانە:

**داخستنی پارتە سیاسییەكان:** ریفۆرمەكان یاساغكردنی پارتە سیاسییەكان قورستر دەكـات، رێكخراوی یەكێتیی ئەوروپا زۆرجار رەخنەی لە یاسای پارتە سیاسییەكانی توركیا دەگـرت، ئەمەش لەبەرئەوەی تائێستا نزیكەی (٢٠) پارتی سیاسیی بەو یاسایە لەكارخراون، كە لە دەستووری ساڵی (١٩٨٢)دا جێگیركرا، ئەكەپەش رووبــەڕووی هەوڵی داخستن بـووەتـەوەو زۆر بە قورسیش رزگـاری بووە، هەربۆیە ئەم یاسایە زۆر بەرچاوەو یەكێكە لە مادە هەرە بەرچاوەكان كە جێگەی مشتومڕی نێوان لایەنە سیاسییەكانە.

لـەژێـر یـاسـای ئێستای تـوركـیـادا، جێبەجێكاری گشتیی كەیسی یاساغكردنی پارتە سیاسییەكان‌و رێنەدان بە ئەنجامدانی كـاری سیاسیی لەلایەن بەرپرسانەوە تەسلیم بە دادگـای دەستووریی دەكات، رەخنەگرانیش پێیانوایە؛ ئەم یاسایە لەلایەن عەلمانییە كۆنزەرڤاتیڤەكانی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بەكارهێنراوە.

بەڵام لەژێر ئەم یاسا نوێیەدا داخستنی حیزبەكان تەنیا كاتێك قبووڵدەكرێت، كە لەلایەن كۆمیتەیەكی پەرلەمانی پێنج كەسییەوە (هەر گرووپێكی پەرلەمانی كە (٢٠) كورسی، یان زیاتری هەبێت ئەندامی دەبێت) قبووڵبكرێت، سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكی كۆمیتەكەش دەبێت.

**دادوەرو جێبەجێكاران:** یەكێكی دیكە لەو مادانەی كە مشتومڕێكی زۆری لەسەر دەكرێت، دەربارەی ریفۆرمی ئەنجومەنی باڵای دادوەران‌و جێبەجێكارانە، كە ئەندامانی باڵای دادگاكان دیاریدەكات، رێكخراوی یەكێتی ئـەوروپـا داوای ریفۆرمی ئەم دەزگایەی كردووە تا لە سەربەخۆیی ئەو دەزگایە دڵنیا بێت، بەڵام رەخنەگران دەڵێن ئەكەپە دەیەوێت دەست بەسەر دەسەڵاتی دادوەریدا بگرێت بۆ وەگەڕخستنی ئەجێندای خۆی.

ئەم دەزگایە لە پێنج دادوەرو وەزیری دادو بریكارەكەی پێكدێت، حكومەت دەیەوێت ژمارەی ئەندامانی ئەم دەزگایە بكاتە (٢١)و ئەندامانیش لەلایەن سەرۆك، دادگـــای دەســـتـــووریـــی، دادگـــای بـــاڵای تاوانەكان، ئەنجومەنی دەوڵەت‌و ئەكادیمیای دادوەریی توركییەوە دیاریبكرێن، ئەوەی دەبێت بوترێت ئەوەیە؛ كە ئەم دەزگایە لە رابردوودا چەندین ململانێی لەگەڵ حكومەت دروستكردووە.

**سوپا:** لەم ریفراندۆمەدا حكومەت دەیەوێت ئەو سەركردە سوپاییانە لە دادگای مەدەنییدا (گـەر پێویستی كـرد) دادگایی بكات، كە رۆژانێك خۆیان بە تاكە پارێزگاری كۆماری عەلمانی توركیا دەزانـــی‌و تەنیا خۆیان دەیانتوانی ئەندام هەڵبژێرن بۆ پۆستە باڵاكان. هەر كەیسێك كە لەدژی سەرۆكی سوپاو سەرۆكی بەشی وشكانی‌و دەریایی سوپاو سەرۆكی جەندرمە بەرزبكرێتەوە، دادگای باڵا مامەڵەی لەتەكدا دەكات، لەم چەند هەفتەیەی رابردوودا دەیان ژەنەراڵ‌و سەركردەی سوپا بە تۆمەتی پلاندان بۆ وەگەڕخستنی كودەتایەك دژی ئەكەپە لە دادگا مەدەنییەكاندا دادگایی كراون، ئەمە جگە لـەوەی حكومەت لە ریفۆرمەكاندا دەیەوێت كۆتایی بە مافی پاراستن بۆ ئەو سەركردە سوپاییانەی كودەتای (١٩٨٠) بهێنێت، كە دەستیان هەبووە لە دارشتنی پلان بۆ كودەتاكردن بەسەر ئەكەپەدا.

**دادگای دەستووریی:** حكومەت دەیەوێت چاكسازیی لە دادگای دەستووریشدا بكات، كە ئەركی پاراستنی دەستووری عەلمانی توركیای پێسپێردراوە، ئەمەش لەڕێگەی رێـگـەدان بـە ســەرۆكو پـەرلـەمـان بۆ دیاریكردنی تەواوی ئەندامانی ئەو دەزگایە.

لە ئێستادا ئەم دەزگایە یانزە ئەندام‌و چوار یەدەگی هەیە، سـەرۆك تەنیا بۆی هەیە سێ ئەندام بەشێوەیەكی راستەوخۆ هەڵبژێرێت، ئەندامانی دی دەبێت لەنێوان ئەو كەسانەدا هەڵببژێردرێن كە لە دادگا مەدەنی‌و سەربازییە باڵاكان‌و ئەنجومەنی خوێندنی بـاڵاوە كاندید كـراون. لەژێر هەمواری ئێستادا، ئەم دەزگایە فراوان دەكرێت بۆ (١٧) ئەندام، پەرلەمان سێ ئەندام هەڵدەبژێرێت‌و سەرۆك (١٤) ئەندامەكەی دی، رەخنەگران پێیانوایە؛ ئەم یاسایە دەسەڵاتی ئەوە دەدات بە سەرۆك كە دادگای دەستووریی ئاراستە بكات.

**مافو ئازادییە تاكەكەسییەكان:** یەكێكی دیكە لە گۆڕینە هەرە بنەڕەتییەكان بریتییە لە فراوانكردنی ئـازادیـی‌و مافە تاكەكەسییەكان، بۆ نموونە لەم دەستوورەدا هاوڵاتییان مافی خۆیانە لای ناوبژیوانێكی یاسایی داوا تۆماربكەن، بەبێ ئەوەی پێویست بكات لەبەردەم دادگادا ئامادەبن، ئەمەش ماوەیەكی زۆرە لەلایەن رێكخراوی یەكێتیی ئەوروپاوە داوا دەكرێت جێبەجێ بكرێت، تا رەوشی مافو ئازادییە تاكەكەسییەكان لە توركیا بـەرەو پێش ببات‌و ئەو وڵاتە بگەیەنێتە ئاستێكی شیاو بۆ بەئەندامبوون لە رێكخراوەكەدا، كە توركیا ماوەیەكی زۆرە هەوڵی بۆ دەدات.

## كێ دەنگ بە بەڵێ‌و كێ دەنگ بە نەخێر دەدات؟

هەرچەندە روونە كە هـەردوو گەورە ئۆپۆزسیۆنی توركیا، (جەهەپە)و (مەهەپە) دژایەتی ریفۆرمە دەستوورییەكان دەكەن‌و داوا لە هاوڵاتییان دەكەن دەنگ بە نەخێر بدەن، بەڵام پارتی (ئەكەپە)ی خاوەن دەسەڵاتیش لە بەرامبەردا كەمپەینی گەورەی كردووە بۆ هاندانی هاوڵاتییان بۆ دەنگدان بە «بەڵێ» واتە، بەڵێ بۆ هەمواركردنی دەستوور.

ئەنجامی راپرسییەكان بەشێوەیەك جـیـاوازن، كە ناتوانرێت بەشێوەیەكی كۆنكرێتی پشتیان پێ ببەسترێت، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان دەكرێت ئەوەیە، لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوودا هەریەكە لە حكومەت‌و ئۆپۆزسیۆن چەند هەنگاوێكی كۆنكرێتی بە ئاراستەی راكێشانی دەنگی هاوڵاتییان بنێن، پێدەچێت حكومەت هەنگاوی ئابووریی دیكە وەك كەمكردنەوەی باج لەسەر پیشەگەران

# ئەمساڵ کوردستان هەنگوین بەرهەمناهێنێت

بەدواداچوونی:
ئارام محەممەد- هەولێر

سەرۆکی کۆمەڵەی هەنگەوانان رایدەگەیەنێت؛ ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو (٩٠٪) بەرهەمی هەنگوین کەمیکردووەو هۆکارەکەشی تۆپباران‌و ئاگرکەوتنەوەو چۆڵبوونی کوێستانەکانە.

ئاوارەبوونی گوندنیشەنەکان‌و چۆڵبوونی کوێستانەکان بەهۆی تۆپبارانی سنوورەکان‌و ناهاوسەنگیی ئاووهەواو خۆڵبارین‌و کەوتنەوەی ئاگری گەورە لە کوێستانەکان، ڕێژەیەکی زۆر لە کورە هەنگەکان لەناچوون‌و بەهۆیەوە بەرهەمی هەنگوینی ئەمساڵ بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە.

## کەمبوونەوەی بەرهەم

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵی رابردوو (٧٢٠) تەن هەنگوین لە کوردستان بەرهەم هاتووە لەو ڕێژەیەش (٤٢) تەنی رەوانەی وڵاتی ئیمارات کراوە، بەڵام ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی هەنگوین بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دابەزیوە بەراورد بە ساڵانی رابردوو، کە بەردەوام لە زیادبووندابوو.

عارف عەبدوڵڵا، سەرۆکی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان بارودۆخی بەرهەمی هەنگوینی ئەمساڵی بە ئاستێکی خراپ داناو بە رۆژنامەی وت: «لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەرهەمی هەنگوین گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیبوو، بەرهەمەکەشی باش‌و نایاب بوو، بەڵام ئەمساڵ بەرهەمەکە بەتەواویی کەمبووەتەوە، تۆپبارانەکان‌و کەش‌و هەواو ئاگرکەوتنەوەکان کاریگەریی بەرچاویان هەبووە».

سەرۆکی کۆمەڵەی هەنگەوانان گومانی هەیە، کە تۆپبارانەکان مادەی کیمیاییان بڵاوکردبێتەوە ئەو کاریگەرییەیان دروستکردبێت: «ساڵانی رابردووش تۆپباران هەبوو سنوورەکان نائارام بوون، بەڵام قەت وەک ئەمساڵ نەبووە، ئەوەش بەڕوونی دیارە کە دەکرێت ئەو مادە کیمیاییانە بووبنە هۆکاری لەناوچوونی کورە هەنگەکان، ئەو ئامارەی من لەبەردەستمدایە ئەمساڵ نزیکەی (٧٠٠) کورە هەنگ لەناوچوون».

## پێشینەی کشتوکاڵیی سوودی نەبوو

وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بڕیاریانداوە، کە (٨٠) ملیۆن دینار وەک پێشینە بدەنە هەنگەوانان، بەپێی مەرجەکانی وەزارەت (٤٠٪)ی پارەکە هەنگەوان دەیدات‌و (٦٠٪) لەلایەن بانکی کشتوکاڵییەوە دابین دەکرێت، قەرزەکەش بۆماوەی سێ ساڵەو گرنگترینی مەرجەکانیش؛ دەبێت ئەوکەسە کێڵگەی هەبێت‌و شوێنەکەی نەگۆڕێت.

عەلی حەسەن، هەنگەوانێکی دەشتی هەولێرە، خەرجکردنی ئەو پێشینەیەی بۆ هەنگەوانان وەک هەر بەشێکی تری کشتوکاڵی بەکارێکی باش دانا، بەڵام مەرجەکانی بەزۆر زانی‌و بە رۆژنامەی وت: «مەرج‌و ناوەڕۆکی پێدانی پێشینەکە، ئێمەی نیگەران کردووە کە ناتوانین وەریبگرین، چونکە بەپێی بڕیارەکە نابێت کورە هەنگەکە بگوازیتەوە، ئێمەش وەرزانە دەیگوازینەوە بۆ کوێستانەکان، هەروەها دەبێت لەماوەی سێ ساڵدا پارەکە بدرێتەوە، ئەمەش زۆر زووە، وێڕای ئەوەی کە پێشەکی دەبێت (٤٠٪) بدەیت، کە بێگومان ئەمەش زۆرە».

سەبارەت بە مەرج‌و ناوەڕۆکی پێشینەکە سەرۆکی کۆمەڵەی هەنگەوانان وتی: «ئەو پێشینەیە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی هەنگ، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاریی لە مەرجەکانی وەرگرتنی پێشینەکەدا بکرێت، بەوپێیە تائێستا نزیکەی (٥-٦) کەس ئەو پێشینەیەیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا نزیکەی (٩٠٠) هەنگەوانمان هەیە لە کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش داواکاریی‌و پێشنیارمان کردووە کە مەرجەکان گۆڕانیان تێدا بکرێت».


## رووپێویی هەنگەکان دەکرێت

بەهۆی ئەوەی کە هەنگ مێروویەکی ناسکەوبەهۆی بارودۆخەجۆراوجۆرەکانەوە زیادو کەم دەکات‌و پێویستی بە ژینگەیەکی گونجاوە بۆی فەراهەم بکرێت، لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە لە هەرێمی کوردستان هیچ رووپێوییەک بۆ هەنگ ئەنجامنەدراوە بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ئامارە ئامادەکاریی‌و پێداویستی تەرخان بکرێت‌و پلان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمەکەی بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە ئەمساڵ ئەو رووپێوییە ئەنجام بدرێت.

عارف عەبدوڵڵا، سەرۆکی کۆمەڵەی هەنگەوانان وتی: «بۆ دیاریکردنی ژمارەی هەنگەکان پێویستە ساڵانە رووپێویی بۆ هەنگ ئەنجام بدرێت، ئامادەکارییەکانیش تەواوبوون تەنیا چاوەڕوانین تا ئەمساڵیش لە مانگی ئۆکتۆبەر کە کورە هەنگەکان دەگەڕێنەوە لە کوێستانەکان، رووپێوییەکە ئەنجامبدەین».

سوودی رووپێویی هەنگەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پلان هەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان‌وچارەسەرکردنی گرفتەکان، بۆ ئەوەی بەرهەمی هەنگوین زیادبکرێت، چونکە ژینگەی کوردستان ئامادەیی تەواوی تێدایە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرهەمی هەنگ، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی هەرێم کارگەیەکی قوتووبەندی هەنگوینی لە شەقڵاوە داناوە، کە لەتوانایدا هەیە ساڵانە (١٥٠٠) تەن هەنگوین بخاتە قوتووەوە، بەڵام پێشبینییەکانی سەرۆکی کۆمەڵەی هەنگەوانان مەترسیی کەمبوونەوەی بەرهەم‌و لەناوچوونی هەنگەکان دەکات‌و داوای بەرنامەی بەپەلە لە حکومەت دەکات.





هەنگوین بەرهەمێکە نابێت حکومەتی هەرێم پشتگوێی بخات

فۆتۆ: ئینتەرنێت

## بەڕێوەبەری گەشتوگوزار: کەموکورتیی‌و مەرجی سەلامەتیی لە ئوتێلەکانی هەولێردا هەیە

# لەهەولێر چادر جێگەی ئوتێل دەگرێتەوە

بەدواداچوونی:
هەنگاو هاشم- هەولێر

بەڕێوەبەرێتی گەشتوگوزاری هەولێر وەک ئامادەکارییەک بۆ جەژنی رەمەزان، بەهۆی کەمیی ئوتێل‌و زۆریی گەشتیاران چادرگەیان بۆ گەشتیاران ئامادەکردووە، پێشبینیش دەکەن نیو ملیۆن کەس روو لە هەولێر بکات.

مەولەوی جەبار، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەولێر ئاماژە بەوە دەکات؛ لە ساڵی پاردا نزیکەی (٤٠٠) هەزار گەشتیار سەردانی هەولێریان کردووەو لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە تا مانگی ئاب نزیکەی (٣١٣) هەزار گەشتیار سەردانی هەولێریان کردووە، پێشبینیش دەکەین لەمساڵدا ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەولێر دەکەن، بگاتە نیو ملیۆن کەس.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە ساڵی (٢٠٠٨) لە شاری هەولێر (٣٣) ئوتێل هەبووە، بەڵام لە ئێستادا (٧١) ئوتێلی گەشتیاریی هەیە، مەولەوی وتیشی: «هەر ئوتێلێکیش بە مەبەستی گەشتیاریی نەبێت مۆڵەتیان پێنادەین».

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەولێر، بەپێویستی دەزانێت (١٥) هەزار قەرەوێڵە هەبێت لە ئوتێلەکانی شاری هەولێر، بۆ ئەوەی شەوانە جێگەی (١٥) هەزار گەشتیار ببێتەوە، بەڵام لەئێستادا کەمتر لە (١٠) هەزار قەرەوێڵە هەیە.

لە سێ ساڵی رابردوودا بەهۆی خراپبوونی باری ئەمنیی ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق‌و بووژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان خەڵکێکی زۆر لە ناوەڕاست‌و خوارووی عێراقەوە روویان لە شارەکانی هەرێم کردووە، پێشبینیش دەکرێت لەداهاتوودا زیاتربێت، بەڵام پێشوەخت هەرێمی کوردستان ئامادەکاریی پێویستی نەکردووەو بەشێک لەو گەشتیارانەی ساڵانی پێشوو لەسەر شەقامەکان دەخەوتن.

سەرۆکی لیژنەی شارەوانی‌و گواستنەوەو گەیاندن‌و گەشتوگوزاری پەرلەمانی کوردستان بەپێویستی دەزانێت ژمارەی ئوتێلەکان زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە گەشتیاران روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، پێشی وایە، ئەم بوارە داهاتی باشی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان‌و دەروازەیەکی باش دەبێت بۆ ناساندنی کلتووری کوردی بە گەشتیاران‌و وڵاتانی دەرەوە.

لەدوای رووداوی سووتانی ئوتێل (سۆما) لە شاری سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی ئەو ئوتێلانە پێکهێنا، کە ئێستا گەشتیاران لەخۆدەگرن، بەم هۆیەشەوە دەرکەوت کەموکوڕیی زۆر لە ئوتێلەکاندا هەیە، بەتایبەت نەبوونی مەرجی سەلامەتیی، ئەمەش مەترسیی بۆ سەر ژیانی گەشتیاران دروستدەکات.

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەولێر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کەموکورتیی مەرجی سەلامەتیی هەیە لە ئوتێلەکانی شاری هەولێر، کە سەرجەم مەرجەکانی سەلامەتیش (٩) خاڵن، هەروەها دەبێت کارمەندانی ئوتێلەکان لە خولی بەرگریی شارستانیدا بەشداربن، بۆ ئەوەی بتوانن بەرەنگاریی حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە ببنەوە.

ئاماژە بەوەشدەکات، پێشبینی دەکرێت ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەولێر دەکەن بۆ جەژنی رەمەزان زۆر بێت، بۆ ئەم مەبەستە چادری گەشتیارانمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بەکاری بێنین بۆ گەشتیاران.

ناوبراو ئەوەش دەخاتەڕوو، ماوەی چەند ساڵێکە توانیویانە بایەخ بە کەرتی گەشتوگوزار بدەین، بەڵام لەوکاتانەی کە گەشتیاران بەڕێژەیەکی زۆر روو لە هەولێر دەکەن، دەبێتە هۆی کێشەی نەبوونی ئوتێل.

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین‌و پسپۆڕی بواری ئابووریی، دەڵێت: لەڕووی ئابوورییەوە ئوتێلەکان بەتەواوکەری کەرتی گەشتیاریی دادەنێت، لە کوردستان بەرهەممان نییە، بەڵام جێگەی گەشتوگوزارمان هەیە، بۆیە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت.

سماقەیی، وتیشی: «ژمارەی ئوتیلەکان لە شاری هەولێر لە ئێستادا کەمە، لەو کاتانەی کە ژمارەی زۆر گەشتیار دێن، هەروەها ئەو ئوتێلانەی کە هەن نرخەکانیان گرانە، نرخەکانیان پۆلین نەکراوە، پێویستە نرخەکانیان بەپێی جۆری ئوتێلەکان دیاریی بکرێت».

ئەو پسپۆڕەی بواری ئابووریی بەپێویستی دەزانێت، حکومەتی هەرێم مۆڵەتی کردنەوەی ئوتێل لەو شوێنانە بدات، کە گەشتیارین‌و ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران رووی تێدەکەن، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دابەشکردنی ئابووریی بۆ ئوتێلەکان نەکراوە.



هەولێر پێویستی بە خزمەتی زیاتر هەیە

فۆتۆ: رۆژنامە

بەغدا (٨٥٠) کورسی خوێندنی باڵا بۆ هەرێم تەرخاندەکات 16

# هێرش موحەڕەم: پێش کۆتایی ساڵ، دروستکردنی (٧٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون دەستپێدەکات

راپۆرتی:
شارا عەبدولڕەحمان

تا ئێستا کاروبارەکانی دروستکردنی (٧٠٠٠)یەکەی نیشتەجێبوون، تەواو نەبوون‌و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش ئاماژە بەوە دەکات: دروستکردنی ئەو یەکانە ناکەونە کۆتایی ساڵەوە.

لەگەڵ پەسەندکردنی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا، بڕیاردرا کە (٧٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بۆ هاوڵاتییان دروست بکرێن، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕیارە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو: ئەوان هەموو شتێکیان بۆ دەستپێکردن بە دروستکردنی یەکەکان ئامادەیە، تەنیا چاوەڕوانی فەرمانن لە دەستەی وەبەرهێنانەوە، وتیشی: «نازانین، دواکەوتنی دروستکردنی یەکەکان، پەیوەندیی بەچییەوە هەیە».

دەنگۆی ئەوە هەبوو کە دواکەوتنی دروستکردنی ئەو یەکانە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە سندووقی نیشتەجێبوون پارەی تێدا نەماوەو بەو هۆیەشەوە هاوڵاتییان ناتوانن سوودمەندبن لەو یەکەی نیشتەجێبوونانە، هەربۆیە دروستکردنی یەکەکان راگیراوە. بەڵام، یاسینی فەقێ سەعید ئەوەی رەتکردەوەو رایگەیاند: سندووقی نیشتەجێ پارەی بۆ تەرخانکراوەو قەرز دەدات بەو هاوڵاتییەی لە پرۆژەکانی ئێمە یەکەی نیشتەجێ دەکڕێت، بەو مەرجانەی کە لە سندووقی نیشتەجێدا هاتوون، ئەگەر مەرجەکانی تیادابوو، قەرز وەردەگرێت بە رێژەی (٣٠٪) بۆ (٥٠٪)و تا ئێستاش پارە لەسندووقدا هەیەو رۆژانە مامەڵەکان بەرزدەکرێنەوەو هاوڵاتییان پارە وەردەگرن.

دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، لەهەوڵدایە کە زۆرترینی ئەو یەکەی نیشتەجێیانەی بڕیارە دروست بکرێن، بباتە قەزاو ناحیەو گوندەکان.

سەبارەت بەدواکەوتنی دروستکردنی ئەو (٧٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوونەش، هێرش موحەڕەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پلانێکمان داناوە تا لە رێی ململانێیەکی شەفافەوە، دروستکردنی یەکەکان بدەینە وەبەرهێنەران، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری وەبەرهێنەر داوای دروستکردنی ئەو یەکانەیان لێکردووین، بەڵام ئێمە بنەمای ململانێکەمان بەوەوە بەستووەتەوە کە چ وەبەرهێنەرێک، دەتوانێت زۆرترین خزمەتگوزاریی پێشکەشی هاوڵاتییان بکات».

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، ئاماژەی بەوەشکرد: هەوڵیانداوە وانە لە هەڵەکانی رابردوویان وەربگرن، ئەگەر لە دروستکردنی یەکەکاندا روویدابێت، ئەویش لە رێی سەرپەرشتیاری تایبەت‌و راوێژکاری بە خەڵکی پسپۆڕەوە، وتیشی: «هاوڵاتییان دڵنیا دەکەینەوە کە دروستکردنی ئەو (٧٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوونە، ناکەوێتە کۆتایی ساڵەوە».



# بەغدا، رێگرە لە کردنەوەی سێ بازاڕ لە سنووری نێوان هەرێم‌و ئێران

ئەحمەدباڵەکی- حاجی ئۆمەران

حکومەتی عێراق، رێگریی دەکات لە کردنەوەی سێ بازاڕی رەسمیی لەنێوان هەرێم‌و ئێراندا لە سنووری پارێزگای هەولێر کە پێشتر هەردوولا لەسەری رێککەوتوون.

درەسیم تەحسین، بەرپرسی پەیوەندییەکان لەمەرزی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی راگەیاند: بڕیارە سێ (بازاڕچە) بکرێنەوە لە سنووری پارێزگای هەولێر کە هەموویان لە سنووری پارێزگای هەولێرن، بەڵام ئەگەرچی هەرێمی کوردستان‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران رێککەوتوون کە ئەم بازاڕانە بەشێوەیەکی رەسمیی بکرێنەوە، بەڵام تائێستا بەغدا رەزامەندیی نیشان نەداوە بۆ ئەوەی کە ئەو شوێنانە بکرێنە گومرگ، «بەبیانووی ئەوەی کە دەبێت لە سنووری هەر پارێزگایەک یەک مەرز هەبێت».

وتیشی: «ئەم خاڵە سنوورییی‌و بازاڕە بچووکانە، سەرەتا نابنە نێودەوڵەتیی، بەڵکو بەشێوەیەکی سست کار لەم گومرگانە دەکرێت، رۆژانە نزیکەی (٢٠)ئۆتۆمبێل هاموشۆی بازرگانیی دەکەن لەو شوێنانەوە».

سەبارەت بە سەردانی وەفدێکی وەزارەتی دارایی هەرێم‌و بەشدارییی لەکۆنگرەی سەرمایەگوزاریی لە ئێران‌و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی گومرکی ئێران، دەرسیم تەحسین، وتی: «گفتوگۆ لەسەر بەرەوپێشبردنی کاری بازرگانیی لەنێوان هەردوولادا کراو گفتوگۆ لەسەر بەرەسمیکردنی ئەو مەرزانە کرا کە تا ئێستا بەڕەسمیی نەکراونەتەوەو بڕیاردرا، لەداهاتوودا، هەموو هەفتەیەک کۆبوونەوەکان بۆ بەرەوپێشچوونی بزاوتی بازرگانیی بکرێن لەنێوان هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکانی گومرگی باشماخ‌و مەرزی حاجی ئۆمەران».

# بەڵێندەرەکان تەندەرەکانی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی وەرناگرن

بەدواداچوونی: چاوان عەلی

تەندروستی سلێمانی کێشەی ئامێرکڕینیان هەیەو پرۆژەکانیشیان دوای تەندەرین بە ئەنجام ناگەن، ئەمەش بۆ «خراپیی بەڕێوەبردن»و ترسی بەڵێندەرەکان لە چاودێری دارایی دەگەڕێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی تەندروستی بە رۆژنامەی راگەیاند: زۆرێک لە پرۆژەکانی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لەگەڵ ئەوەی تەندەرینیان بۆ دەکرێت، بە ئەنجام ناگەن.

لەمبارەیەوە، د.رێکەوت حەمە رەشید، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی ئەوەی نەشاردەوە؛ کە تائێستا (٣) جار ئاگادارییان بۆ پرۆژەکان کردووەو کەس نەهاتووە بە دەنگیانەوە، بەڵام هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە خەمڵاندنی ئەو پرۆژانە کۆن بوون، بەتایبەت ئەوانەی هەڵەبجەی تازەو باوەنوورو سەیدسادق، کە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا کراون، پێویستیان بە دووبارە خەمڵاندنەوە هەیە.

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەکەی وەزارەتی تەندروستی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە «هۆکاری سەرەکیی خراپیی بەڕێوەبردنە، بەتایبەت لە کارە کارگێڕییەکان‌و دانانی لیژنەکان».

تەنیا پرۆژەکانی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی نییە، کە بەئەنجام ناگەن، بەڵکو بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، بۆ رۆژنامەی ئاشکرا کرد، کە کێشەی کڕینی ئامێرە پزیشکییەکانیش هەیە کە فەرمانگەکە ناتوانێت بیانکڕێت.

هەرچەندە د.رێکەوت، ئەوەی رەتنەکردەوە بەڵێندەر درەنگ بەدەم تەندەرەکانیانەوە دێن، بەڵام پێی وابوو کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قورسیی مەرجەکانیان لەسەر بەڵێندەرو کۆمپانیاکان، هەر بۆیە بڕیاریان داوە کە بە مەرجەکاندا بچنەوەو جارێکی دیکە ئاگاداریی بۆ بکەنەوە.

سەرۆکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامە ئەوەشی خستەڕوو؛ کە ئەوان بەپێی یاسا کاردەکەن‌و (٣) جار ئاگاداریی بڵاودەکەنەوەو لە رێگەی کبێبرکێوە باشترین‌کۆمپانیا دەستنیشان دەکەن، ئەمەش کاتی دەوێت.

لە بەرامبەردا، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی جەختی کردەوە؛ کە ترسی بەڵێندەرەکان لە چاودێری دارایی‌و خراپیی ئەو لیژنانەی بۆ کاری تەندەرین لەم دواییەدا دانراون لە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی سلێمانی، هۆکارن بۆئەوەی زیاتر لە (٢٥) تەندەر بۆ کڕینی ئامێرو کەلوپەلی پزیشکی لە ئێستادا هەن‌و هیچ کۆمپانیاو بەڵێندەرێک ئامادە نییە بیانکڕێت، چونکە شارەزایی تەواویان نییە، ئەمەش لە کاتێکدایە لە ماوەی رابردوودا کارەکان زۆر بە باشی بەڕێوەچوون‌و بەجۆرێک کاتی واهەبووە بەرلەوەی تەندەر لێبدرێت بەڵێندەرەکان هاتوون‌و داوایان کردووە ئەوان کەلوپەلەکان بکڕن، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی خراپیی ئیدارەوەیە ئیشەکان ناڕوات بەڕێوەو پێداویستییە پزیشکییەکانیش کەس نییە بیانکڕێت، هەربۆیە وەک ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: «پێویستە لایەنی بەرپرس لەم کێشانەی فەرمانگەی تەندروستی بکۆڵێتەوە».



هەر بە مەبەستی ئاگاداربوونیش لەو کێشانەی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە ماوەی رابردوودا، وەزیری تەندروستی‌و بریکاری وەزارەتی دارایی لەگەڵ بەرپرسانی فەرمانگەی تەندروستی کۆبوونەوەو داوای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیان کرد، چونکە وەک سەرچاوەکەی وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی پێکرد، ئەم کێشەیە تەنیا لە سلێمانی هەیەو فەرمانگەی تەندروستی هەولێرو دهۆک هەر لە رێگەی تەندەرەوە کارەکانیان بەڕێوەدەچێت‌و ئامێرەکانیان لەکاتی خۆیدا دەکڕدرێن.

### یەکێتی، دەست لە کاروبارەکانیان وەردەدات

# دەستەی داکۆکیی لە زیندانە سیاسییەکان، لەنێوان هەڵوەشانەوەو بەردەوامبووندایە

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی بوونەتە دوو بەشەوە، ژمارەیەکیان ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی دەستەکە دەکەن‌و ژمارەیەکیشیان دەڵێن: «لە کارەکانمان بەردەوام دەبین تا مافە زەوتکراوەکان لە حکومەتی هەرێم وەردەگرینەوە».

## ئامانج لە پێکهاتنی دەستە

دەستەی داکۆکیی لە زیندانە سیاسییەکانی کوردستان سێ ساڵ لەمەوبەر وەک دەستەیەکی نارازیی لەناو کۆمکاری زیندانە سیاسییەکانی کوردستان دروستبوو، ئەو دەستەیە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە چەندین ڕێپێوان‌و خۆپیشاندان‌و مانگرتنی ڕێکخست‌و چەندینجار نارەزاییان لە پێشێلکردنی مافی زیندانە سیاسییەکانی کوردستان بردووەتە بەردەمی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، بەڵام گوێیان لێنەگیراوە.

لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٨دا لەسەر ڕاسپاردەی کۆسرەت ڕەسوڵ، وەک جێگری ئەوکاتەی سەرۆکی هەرێم، دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجامداو تێیدا نوێنەری تازەی دەستەی داکۆکیی لە زیندانییان هەڵبژێردران، کە لە (٧) نوێنەرو (٢) ئەندامی یەدەگ پێکهاتبوون، کە لەدوای ئەو کۆبوونەوەیە دەستە بەستراتیژێکی نوێوە دەستی کردەوە بە کارەکانی لەپێناو هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی عێراق، کە تایبەتە بەماف‌و ئیمتیازاتی زیندانییانی سیاسیی.

محەمەد پشدەری، ئەندامی دەستەی داکۆکیی لە زیندانە سیاسییەکان، ئاماژەی بەوەکرد: هۆکاری سەرەکییان لە پێکهێنانی دەستە، ئەوەبووە کە کۆمکاری زیندانە سیاسییەکان وەک پێویست کارو چالاکییەکانی بەڕێوەنەبردووەو زیاد لە پێویست گوێڕایەڵی هەردوو حیزبە باڵادەستەکەی کوردستان بووە.

بە وتەی ئەندامانی دەستەکە، ئامانج لە بەستنی ئەو کۆبوونەوە فراوانەو پێکهێنانی دەستەی نوێ، ئەوەبووە، کە پەیوەندییان لەگەڵ جێگری سەرۆکی هەرێم لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە بێت، بەڵام بە وتەی محەمەد پشدەری، جێگری سەرۆکی هەرێمیش داواکارییەکانیانی پێ جێبەجێنەکراوە، «هەربۆیە ئێمە ئەو دەستەیەمان هەڵوەشاندەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا دروستمان کردبوو، بە دەستە کۆنەکە ماینەوە».

## دەستێوەردانی حیزب

دوای ئەوەی کە زیندانییانی سیاسیی بە بەڵگەوە سەلماندیان کە مافی ڕەواو ئیمتیازاتیان لەساڵی (٢٠٠٦)ەوە تا ساڵی (٢٠١٠)، کە بڕی (١٣٤) ملیار دینارە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ڕادەستی حکومەتی هەرێم کراوەو لێیان زەوتکراوە، دەستەی داکۆکیی لە زیندانە سیاسییەکانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٢دا لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند، بەڵام چەندجارێک لەلایەن کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی‌و بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتییەوە بانگهێشت کران بۆ ئەوەی لەسەر مافەکانیان قسەیان لەگەڵدا بکەن‌و کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن، هەرچەندە چەند ئەندامێکی دەستەکە نارازیی بوون، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا کە ئەو سەردانە ئەنجامبدرێت، ئەوەبوو دوای زیاتر لە (١٠) ڕۆژ لە مانگرتن، چەند ئەندامێکی دەستەی داکۆکی لە زیندانییان سەردانی (هێرۆ ئیبراهیم)، بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانییان کردو ئەویش بەڵێنی پێدان کە لە ڕێگەی سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی لە پەرلەمان ئەو داوایەیان بۆ جێبەجێبکات.

خالید ئەوڕەحمان، ئەندامی پێشووی دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: پێشتر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای لە سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی کردووە کە سەردانمان بکات، بەڵام ئەو سەردانی نەکردوون، وتیشی: «بەڵام لەسەر ڕاسپاردەی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی، هەر ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەکە سەردانی خێمەی مانگرتنەکەی کردین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر داخوازییەکانمان».

## سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی‌و شکاندنی بەڵێنەکەی

لە سەردانی سۆزان شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی بۆلای زیندانییانی مانگرتوو، بە خەتی خۆی کە جەخت لە بەڵێنەکەی دەکاتەوە، نووسیویەتی: «ئێمە وەک لیستی کوردستانیی، پشتگیریی لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ماف‌و ئیمتیازاتی زیندانییانی سیاسیی دەکەین‌و کارمان کردووە بۆ ئەم مەبەستە کە ئەم یاسایە ئینفازی پێبدرێت، بەروار ٢٠٠٩/٣/١١»، ئەو بەڵگەنامەیەش لای دەستەکە پارێزراوە.

بەڵام لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٨ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەمی پەرلەمان، کە تایبەت بوو بە پرۆژەیاسای بودجە، لیستی دەسەڵات کە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان پێکدێنن، بە تێکڕای دەنگ پرۆژەیاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق، کە تایبەتە بە ماف‌و ئیمتیازاتی زیندانییانی سیاسیی، ڕەتکردەوە، دەستەی داکۆکیش ئەمە بە شکاندنی بەڵێن ناودەبەن.

## دەستێوەردان‌و ناکۆکیی

سەردانی سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی بۆلای زیندانییانی سیاسیی، ناکۆکیی دەخاتە نێو دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسییەوە، بەشێوەیەک بۆ شکاندنی مانگرتنەکەیان، کە سۆزان شەهاب داوای دەکات، ئەندامانی دەستەکە دەبنە دوو بەشەوە، کە بەشێکیان پێیان باشە پشت بە بەڵێنەکەی سەرۆکی لیستی کوردستانیی ببەستن‌و مانگرتن بشکێنن‌و بەشێکیشیان بەهۆی بێ متمانەیی بە بەڵێنەکە لەگەڵ درێژەپێدانی مانگرتنەکەن.

خالید ئەوڕەحمان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «من پێم وتن کە متمانەم بە بەڵێنی دەسەڵات نییە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانمان، بۆیە پێویست ناکات مانگرتنەکەمان بشکێنین، بەڵام ئەوان لەسەر بەڵێنی سۆزان شەهاب مانگرتنەکەیان شکاند، دواتریش دەرکەوت کە فریودران‌و بەڵێنەکە نەهاتەدی».

هەربۆیە ئەو ڕۆژە ناکۆکیی کەوتە نێوان ئەندامانی دەستەکەوەو بە وتەی محەمەد پشدەری، خالید ئەوڕەحمان هەر ئەو ڕۆژە چووە ماڵەوەو وازی لە دەستە هێنا.


جمهورية العراق
وزارة المالية
الى / مؤسسة السجناء السياسيين / اللجنة الخاصة
م / تأييد مصادرة
مع التقدير

## هەڵوەشانەوەو بەردەوامبوون

ئێستا دەستەی داکۆکیی لە زیندانە سیاسییەکان لە کێشمەکێشی هەڵوەشانەوەو بەردەوامبوونیدایە، هەروەک خالید ئەوڕەحمان ئاماژەی پێکرد: لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ٢٣ی تەمووزی ئەمساڵ بەستوویانە، بە کۆی دەنگی پێنج ئەندامی دەستەکە بڕیاریان داوە کە دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی هەڵبوەشێننەوە.

بە وتەی ئەو ئەندامەی دەستەکە، هۆکاری هەڵوەشانەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ، کە هۆکارێکیان ئەوەیە کە ئەوان نەیانتوانیوە ئەو بەڵێنەی کە لەپێناویدا دەستەکەیان پێکهێناوە، جێبەجێی بکەن، هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە لەناو دەستەکەدا حیزبایەتی کراوە، هەروەک وتی: «بۆیە نەمانویست وەزعی زیندانییە سیاسییەکان ببێتە کێشمەکێشی حیزبایەتی‌و دەستەکەمان هەڵوەشاندەوە».

بەڵام ئەندامانی دیکەی دەستەکە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە دەستەکەیان هەڵوەشابێتەوەو جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی، کە کاری دەستەکەیان بەردەوام دەبێت هەتا ئەو کاتەی یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی عێراق لە هەرێمیش جێبەجێدەکرێت.

ڕزگار تاهیر، ئەندامی دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی، کە ژمارەیەکی زۆر ئەندامی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان‌و لە دەرەوەی کوردستانیش هەیە، بەهیچ جۆرێک هەڵنەوەشاوەتەوەو لە کارەکانی بەردەوام دەبێت، ئەو ئەندامانەشی کە دەڵێن هەڵوەشاوەتەوە، نە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو نە ئەندامی دەستەی باڵای دەستەکەن».

بەڵام بە وتەی محەمەد پشدەری، هەموو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو ئەندامانەی بانگەشە بۆ هەڵوەشانەوەی دەستەکە دەکەن، چوونەتەوە ناو دەسەڵات‌و «لەپێناوی ئەوەی پۆست‌و ئیمتیازیان پێبدرێت، بانگەشەی هەڵوەشانەوەی دەستەکە دەکەن، بەڵام دەستەکە لە کارەکانی بەردەوام دەبێت هەتا هەموو مافەکانی زیندانییانی سیاسیی لە حکومەتی هەرێم دەسەنێت».

## هەڵدانەوەی مەلەفی شەخسی

دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی بۆ سەلماندنی ڕاستی‌و دروستی زیندانیبوونی ئەندامەکانیان، ناوی سەرجەم ئەندامانی دەستەکەیان ئاراستەی وەزارەتی دارایی بەغدا کرد، بەڵام بەپێی نووسراوێک کە ئاراستەی دامەزراوەی زیندانە سیاسییەکانی کردووە، دەرکەوتووە یەکێک لە ئەندامانی دەستەکە بەناوی (خالید ئەوڕەحمان) بە مادەی (٣١٣) سزادراوە، کە بە وتەی محەمەد پشدەری، ئەو مادەیە سیاسیی نییەو زیندانییانی سیاسیی بە مادەکانی (١٥٦ تا ٢٢٣) لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا حوکم درابوون، وتیشی: «ئێمە ئێستا شەرمەزارین کە کەسێک زیندانیی سیاسیی نەبووە لە ڕیزی دەستەکەماندابووەو ئێمە پێمان نەزانیوە».

بەڵام خالید ئەوڕەحمان جەخت دەکاتەوە کە زیندانیی سیاسیی بووە، هەروەک بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو نووسراوەی وەزارەتی دارایی عێراق بەڵگەی زیندانیبوونەکەمە کە لەلایەن (مەحکەمەی سەورەوە) حوکم دراوم بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە مادەی (٣١٣)، کە نازانم ئەو مادەیە چییە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە یاساکانی مەحکەمەی سەورە جیاوازە لەگەڵ مادەکانی یاسای سزادانی عێراقی، ئەمە جگە لەوەی مەحکەمەی سەورە لە عێراقدا خۆی تایبەت بووە بەو کەسانەی کە موعارەزەی دەسەڵات بوون‌و دژی ڕژێمی بەعس کاریان کردووە».

هەربۆیە بەداخەوەیە لەوەی کە ئەو هاوڕێیانەی کە پێشتر لەیەک دەستەدا کاریان کردووە، ئێستا کەوتوونەتە تانەلێدانی.

## پێداگریی لەسەر مافی زیندانە سیاسییەکان

ئەو ئەندامەی پێشووی دەستەی داکۆکیی لە زیندانە سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکات: لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانەوە داوایان لێکراوە کە پرۆژەیاسایەکی تایبەت بۆ ماف‌و ئیمتیازاتی زیندانە سیاسییەکان دابڕێژن‌و ئاراستەی ئەوانی بکەن تا بیکەنە یاسا، هەربۆیە ئێستا ئەو پرۆژەیاسایەکی (٢٢) خاڵیی دارشتووەو لەو ڕێگەیەوە داکۆکیی لە ماف‌و ئیمتیازاتی زیندانییە سیاسییەکان دەکات.

خالید ئەوڕەحمان، وتی: «ئێمە وازمان لەو مافەی زیندانە سیاسییەکان نەهێناوەو ئەو پرۆژەیاسایەمان ئامادەکردووەو پێنج ئەندامی پێشووی دەستەکە دەنگیان لەسەر داوەو لە ئایندەیەکی نزیکدا پێشکەشی پەرلەمانی دەکەین، کە هیچی کەمتر نییە لە یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی عێراق‌و ئیمتیازاتی زۆرتریشی تێدایە».


مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا

فۆتۆ: ڕۆژنامە

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان فەرامۆشکراون 18

# بەغدا (٨٥٠) کورسی خوێندنی باڵا بۆ هەرێم تەرخاندەکات

لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق (٥) هەزار کورسی تەرخاندەکات بۆ خوێندنی باڵاو لەو ڕێژەیەش (٨٥٠) کورسی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

د. عەبد زیاب عجیلی، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق، ئاشکرایکرد: وەزارەتەکەیان (٥) هەزار کورسی تەرخانکردووە بۆ خوێندنی باڵا لە بوارە جیاوازەکاندا.

بەپێی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق، ئەو ڕێژەیە ئەم کەسانە دەگرێتەوە (یەکەمەکان، قبووڵ مەرکەزی، ڕێژەی تایبەت، پاڵەوانی وەرزشکاران، فەرمانبەرانی دەزگاکانی خوێندنی باڵا، فەرمانبەرانی وەزارەتەکان، کەسوکاری شەهیدان، زیندانە سیاسییەکان)، هاوکات ڕۆژی (٩/٧) تاقیکردنەوەی ئەو کەسانە دەکرێت کە داوایان پێشکەشکردووەو ئەنجامی تاقیکردنەوەکە لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئاشکرادەکرێت.

د.گۆڤەند شێروانی، بەڕێوەبەری گشتیی ناردن لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق ڕێکەوتووین کە لە هەموو پلانەکانیاندا (١٧٪) بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، لە ئێستادا (٨٠) کورسی بەتاڵی ساڵانی ڕابردوو ماونەتەوەو ئێمە ناوەکانمان بۆ ناردوون، جگە لەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پلانێکیان هەیە بەناوی «دەستپێشخەری تەعلیمی»و تەنیا لە ئەمساڵدا (٥٥) کورسی بۆ هەرێم تەرخانکراوە.

سەبارەت بە تەرخانکردنی (٥) هەزار کورسی، د. گۆڤەند وتی: «لە سەرەتادا ڕێژەکە (١٠) هەزار کورسی بوو، بەڵام کەمکراوەتەوە بۆ (٥) هەزار کورسی، تائێستا بە ڕەسمیی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم ئاگادارنەکراوەتەوە، بەڵام لەو ژمارەیە (١٧٪) بۆ هەرێم دەبێت».

هەروەک لە چوارچێوەی بەرنامەی تواناسازیدا ساڵانە (١٢٠) ملیار دینار، (١٠٠) ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم تەرخاندەکرێت بۆ پەرەپێدانی تواناسازیی مرۆیی لە بواری خوێندنی باڵا.

بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێم سەبارەت بە بەرنامەی تواناسازیی «خولی یەکەمی بەرنامەی تواناسازیی تایبەتە بە یەکەمی سەر ئاستی بەشەکان‌و سێ یەکەمی سەر ئاستی کۆلێژ لەو کۆلێژو دەستە تەکنیکییانەی کە بەشیان نییە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩ ـ ٢٠١٠)»، هەروەک ئەوەش خراوەتەڕوو «خولی دووەمی بەرنامەی تواناسازیی بەم زووانە ڕادەگەیەنرێت، دەرچووانی ئەمساڵ‌و ساڵانی پێشوو دەتوانن بەپێی مەرج‌و ڕێنماییەکان داواکاریی پێشکەش بکەن».

جگە لەوەش بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق سەردانی هەولێری کردو لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستی هەرێم، بڕیاردرا یەکەمەکانی زانکۆو دەستەکانی خوێندنی تەکنیکی ساڵی (٢٠٠٨-٢٠٠٩)ی هەرێم بنێردرێنە دەرەوە.


زانکۆی سلێمانی
فۆتۆ: ئەرشیف

# کێشەی بینا، خوێندنگەکانی پێنجوێنی گرفتار کردووە

بەدواداچوونی: خالید مەحمود

«چوار منداڵم لە قوتابخانەی ملەکەوە دەخوێنن کە نزیکەی دووکیلۆمەتر دوورە لەماڵمانەوەو لەبەر بێقوتابخانەیی، ئەو ڕێگا دوورە دەبڕن، دڵم نایەت وازیان پێبهێنم‌و ڕۆژانە بەسەیارەی خۆم هاتوچۆیان پێدەکەم».

ئەمە وتەی عوسمان ئەمین (٥٧)ساڵی باوکی چوار خوێندکارە کە شۆفێرە لە هێڵی (باشماخ-پێنجوێن)!

کەمیی ژمارەی قوتابخانەکان‌و زۆریی قوتابی‌و قەرەباڵغی‌و دوو دەوامی‌و سێ دەوامی‌و دووریی‌و کەمخزمەتی‌و نەبوونی پێویستییە بنەڕەتییەکان، کێشەی سەرەکیی قوتابخانەو خوێندنگەکانی قەزای پێنجوێنن، کە تەنیا یەک قوتابخانەی ئامادەیی‌و حەوت قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە.

بینایی عومەر (١٣)ساڵ، خوێندکاری پۆلی حەوتەم لە قوتابخانەی (لەڕێ)ی بنەڕەتی، وتی: «پۆلەکانمان خوێندکاری زۆریان تێدابوو، بەناڕەحەت لەوانەکان تێدەگەیشتین، لەبەر قەرەباڵغی ناوپۆلەکان، بەباشی لەوانەکان تێناگەین».

ئەو خوێندکارە، باسی لەوەکرد: زۆرجار دوو تەختەی دانیشتنیان بەیەکەوە داناوەو پێنج‌و شەش خوێندکار لەسەری دانیشتوون «زۆر بەناڕەحەتی جێگەمان دەبووەوە، هەروەها جێی کتێبەکانمان تەواو ناڕەحەت بوو، چونکە زۆربەی وانەکان دوودوو کتێبیان هەیەو لەهەردووکیان دەخوێنین».

بینایی، وتیشی: «پۆلەکەمان (٦٠)خوێندکاری تێدابوو کە زۆرجار لە زستاندا دەبوو بەشەڕ لەسەر خۆگەرمکردنەوە لەبەر زۆپاکە، زۆرجاریش لەبەر غازکردنی زۆپاکە، دەمانبردە دەرەوەو لەبەر تەسکی شوێن‌و قەرەباڵغی پۆل‌و سەرما، ئاگامان لە وانەکان نەدەما ئەوەندەمان سەرمابوو، ئێمە باش بووین ڕەفیقمان هەبوو لە گەڕەکی زۆردوورەوە دەهاتن بۆخوێندن».

کێشەیەکی دیکەی قوتابخانەکانی سنووری قەزای پێنجوێن، پیسییە کە زۆربەی خوێندکارەکان ئاماژەی پێدەدەن، بۆ تەوالێتکردن‌و ئاوی خواردنەوە، پەنا دەبنە بەر ماڵە دراوسێکانیان.

ژیار یوسفی (١١)ساڵ، لە قوتابخانەی ملەکەوە دەرچووە بۆ پۆلی پێنجەم، ئاماژە بە پیسیی تەوالێتەکانیان دەکات‌و دەڵێت: «من نوێژدەکەم، تەوالێتەکانمان ئەوەندە پیسن، ناتوانم بڕۆمە ئەوێ‌و بێزمان نایەت، مۆڵەت لە مامۆستاکان وەردەگرین‌و دەڕۆینە ئەو ماڵانەی نزیک قوتابخانەکەمان تا لەنوێژ نەچین‌و پیس نەبین».

بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیش، ئاماژە بە گرفتی قەربالغی ناوپۆلەکان‌و کەمیی بینادەدەن، هەروەک عەزیز محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی (شلێر) لە پێنجوێن، وتی: «نزیکەی (٥٠)خوێندکار لەپۆلێکدان، جگەلەوەی کە خوێندکارانی گوندەکانی (کێلو، مەسۆ، بناوەسووتە، بادەلان، عەوالان) دێنە قوتابخانەکەمان، کە هەیانە لەماڵی خزمیان‌و هەشیانە بە ئۆتۆمبێل دێن، جگەلەوانەی کە وازدەهێنن لەناچاریدا، قوتابییانی تر لەناو پێنجوێنەوە دێن‌و قەرەباڵغییان دروستکردووە».

ئەو بەڕێوەبەرە، وتیشی: «لەهەمووی ناخۆشتر، قوتابخانەیەکی ئێواران کە نزیکەی (٧٠)خوێندکارن لەسەر ئەو قوتابخانەیەی ئێمەن‌و بوونەتە گرفت‌و کێشە بۆمان، لەوەش خراپتر کێشەی تەوالێتەکانە کە لەگەڵ سەرمای پێنجوێن ناگونجێت، لە دەرەوەی بینای خوێندن دانراوە، نەک لەناو بیناکە».

قوتابخانەی (شەهید محەمەد سدیق) کە قوتابخانەیەکی بچووکەو پێش دوو ساڵ بینای گومرگی پێنجوێن بوو، دوای گواستنەوەی گومرگ، نۆژەنکرایەوە بە قوتابخانە.

شەهلا محەمەد، بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە، وتی: «قوتابییان لە گەڕەکی دوورەوە دێن بۆ بووبان، بەڵام ئەوەی گرفتە، بوونی ڕاستە شەقامێکی قەرەباڵغە کە منداڵانی پیاتێپەڕدەبێت».

دەربارەی ئەو گرفتە، ڕەزا محەمەد، قایمقامی پێنجوێن، بە ڕۆژنامەی وت: «لە ڕێی پۆلیسی هاتوچۆوە، تاسەمان داناوەو لەهەوڵیشداین کە دوو پردی سەرداپۆشراویان بۆ دابین بکەین بۆ ئەو قوتابخانانە تا لەو مەترسییە ڕزگارمان بێت کە زۆرجار منداڵ تووشی کارەسات بوون».

یەکێکی تر لە گرفتی خوێندنگەکانی سنووری پێنجوێن، قوتابی گوندەکانی دەرووبەرن کە بەهۆی نەبوونی قوتابخانەوە، ناچارن ڕێگەیەکی دوور ببڕن، ئەمەش قەرەباڵغی زیاتری لەسەر خوێندنگەکان دروستکردووە.

محەمەد مەحمود، بەڕێوەبەری قوتابخانەی لەڕێ، وتی: «قوتابییانی گوندەکانی (قزڵجەو کانی سێف‌و ئەحمەد کلوان) دێنە قوتابخانەکەمان، جگە لە گەڕەکەکانی ڕزگاری‌و ڕاپەڕین‌و ناوشاخانی ناو پێنجوێن‌و پۆلەکانمان تەواو قەرەباڵغن».

تۆفیق مەحمود، (٤٠)ساڵ، بۆبردنی منداڵەکانی لەگەڕەکی ڕاپەڕینەوە بۆ قوتابخانەی شەهید محەمەد سدیق، ڕۆژانە چەند کیلۆمەتر ڕێگە دەبڕێت بۆ ڕۆیشتن‌و هاتنەوەو بە ڕۆژنامەی وت: «دوومنداڵی کەمئەندامم هەیە، هەموو ڕۆژێک بە نۆرە هەڵیاندەگرم، بەکۆڵ‌و شان‌و نزیکەی دووکیلۆمەتر ڕێگە دەبڕم کە بۆ زستان زۆرقورس‌و ناڕەحەتە، بە زمان ناگێڕدرێتەوە».

باوکی ئەو دوومنداڵە، گلەیی ئەوەی کرد کە سێ گەڕەکی گەورە، خوێندنگەی تێدا نییەو منداڵان ئەو ڕێگا دوورە دەبڕن بۆ خوێندن.

ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕاستە، لەچاو فراوانبوونی پێنجوێن‌و زۆربوونی ڕێژەی خوێندکاراندا، بینامان کەمەو پۆلەکان قەرەباڵغن، بەڵام لەهەوڵی چارەسەرداین بۆ ئەو گرفتە».

گرفتێکی تری قەزاکە، نەبوونی خوێندنگەی ئامادەیی کچانەو کچانیش لە ئامادەیی پێنجوێنی کوڕان درێژە بەخوێندن دەدەن.

قەزای پێنجوێن کە (٥٣)ساڵە قەزایەو زیاتر لە (٥٠٠٠) ماڵی تێدایە، بەڵام تەنها (١)قوتابخانەی ئامادەیی‌و (٧)قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایەو هیچ زانکۆو پەیمانگاش بوونی نییە لەو قەزایەدا.

قوتابخانەکانی ناوپێنجوێن، بریتین لە تاکە ئامادەیی پێنجوێنی کوڕان‌و قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ( شەهید محەمەد سدیق، پێنجوێن، لەڕێ، ملەکەوە، شلێر، شۆڕشی نوێ‌و قوتابخانەی جەلال مەحمودی بنەڕەتی کە خێرخوازێکی ئەوشارە دروستی کردووە).

بەپێی ئەو ئامارەی کە دەست ڕۆژنامە کەوتووە، لە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرانی قوتابخانەکانی ناوپێنجوێن، ژمارەی خوێندکارانی ناوقوتابخانەکان، ساڵی پار بەمجۆرە بووە: (پێنجوێنی بنەڕەتی (١٣٧) قوتابی، شۆڕشی نوێ (٤٠٠)قوتابی، شەهید محەمەد سدیق (٤٦٧)قوتابی، ئامادەیی پێنجوێن (٦٧٠)قوتابی، شلێر(٨٦٧) قوتابی، لەڕێ (١١٠٠)قوتابی، ملەکەوە (١٢٩٦)قوتابی)یان تێدابووە.

بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن، وتیشی: «بڕیارە کە دوو قوتابخانەی نۆپۆلی بکرێنەوە، بەڵام نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، تا ئەوە دەکرێت، هەوڵدەدەین کە ئەو بینایەی ئەمریکییەکان کردوویانەتەوە لە گەڕەکی ڕاپەڕین، بەشێکی بکەینە بنەڕەتی‌و بەشەکەی دیکەش بەنیازی کۆلێژی پەروەردەی بنیاتین.


خوێندنگەیەک لە پێنجوێن
فۆتۆ: ئەرشیف

## تائێستا بودجە بۆ هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان تەرخاننەکراوە

ڕۆژنامە

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان پێویستیی بە «بڕی ١٣٠ ملیۆن» دینار هەیەو بەرپرسی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەش دەڵێت «تائێستا حکومەت لەوبارەیەوە وەڵامی نەداونەتەوە».

وا بڕیارە (٩/٣٠) پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەڕێوەبچێت، هەروەک لە (٩/١٥)دا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

م. عەبدولواحید محەمەد، بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: داوامان لە حکومەتی هەرێم کردووە بڕی (١٣٠) ملیۆن دینار تەرخان بکات بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایان، کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا ئەنجامبدرێت، بەڵام تائێستا حکومەت وەڵامی داواکارییەکەی نەداوەتەوە.

سەبارەت بە وادەی بانگەشەی هەڵبژاردن، م. عەبدولواحید وتی: «(٩/١٥) بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات‌و تا (٩/٢٨) بەردەوام دەبێت».

## زانکۆکانی کەرکوک خاڵیی دەکرێن لە زمانی کوردی

هۆشەنگ هەرتەلی

مامۆستایانی بەشی کوردی لە پەروەردەی کەرکوک، داوای گەڕانەوەی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکوک‌و کردنەوەی زانکۆیەکی کوردی لەوشارە دەکەن، ئەگەر نا کاردانەوەیەکی خراپ لەسەر خوێندکارانی کوردی کەرکوک لە زانکۆکاندا دروستدەکات.

یوسف سەعید، بەڕێوەبەری بەشی کوردی لە پەروەردەی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێستا خوێندکارێکی زۆری ئاوارەی کەرکوک کە چەند ساڵێکە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئاوارەبوون‌و گەڕاونەتەوە شاری کەرکوک‌و لە زانکۆکاندا دەخوێنن، بەڵام ئەوەی بووەتە گرفت لەبەردەم ئەم خوێندکارە کوردانەدا، ئەوەیە کە زمانی عەرەبی نازانن‌و لەبەرامبەریشدا ئەو مامۆستایانەشی کە لەزانکۆکاندا وانە دەڵێنەوە، زمانی کوردی نازانن کە لەم نێوەندەشدا، خوێندکاری کورد زەرەرمەند دەبێت.

وتیشی: دووجار داوامان لە دکتۆر بەرهەم، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە زانکۆیەکی کوردی لە شاری کەرکوکدا بکرێتەوە، یاخود هیچ نەبێت، مامۆستایانی زانکۆکانی سەلاحەدین‌و سلێمانی‌و دهۆک‌و کۆیە، ئەوانەی خەڵکی کەرکوکن، بگێڕنەوە بۆ شاری کەرکوک، یا لە شارەکەی خۆیاندا خزمەت بە خوێندکاری کورد بکەن.

یوسف سەعید، ئاماژەی بەوەشکرد: ساڵی ڕابردووش ئەم داواکارییەمان خستەوە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سۆزانی خاڵەشەهاب کە خۆی لە پەرلەمان بوو، بەڵام داواکارییەکەی ئێمەیان بەگرنگ نەزانی‌و گوێیان پێ نەدا. بەڕێوەبەری بەشی کوردی لە پەروەردەی کەرکوک، ئەوەشی ڕاگەیاند: ئەگەر بێت‌و ئەم داواکارییەمان چارەسەر نەکرێت، ئەوا گرفتی زۆر لەبەردەم خوێندکارانی کوردی زانکۆی کەرکوکدا دروست دەکات‌و کاردانەوەی خراپیشی دەبێت.

### بەڕێوەبەری رەزگەریی و دارستان: ٩٥٪ی ئاگرکەوتنەوەکان (دەستی ئەنقەست و کەمتەرخەمیی)ن

# دوو ساڵە بەرنامەی کڕینی فڕۆکەی ئاگرکوژاندنەوە دواخراوە

**راپۆرتی: ئارام محەمەد**
**هێمن محەمەد**

بەڕێوەبەری رەزگەریی و دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ، هۆکاری زۆربەی ئاگرکەوتنەوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی و دەستی ئەنقەست و ئەو رووداوانەش بە کارەساتێکی ژینگەیی و ئابووریی ناودەبات.

## ئامار نەکراوە

ئەمساڵ رێژەیەکی زۆری دارستان و لەوەڕگاکانی هەرێمی کوردستان بە رووداوی نادیار سووتان، بەڵام ئامارێکی تەواو لەبەردەستدا نییە کە ئەو زیانانە دەستنیشان بکات.

حسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری رەزگەریی و دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تا ئێستا ئامارێکی تەواومان نییە سەبارەت بە رێژەی سووتانەکان و زیانەکانیان، بەهۆی ئەوەی کە هێشتا وەرزی هاوین تەواو نەبووە، بەرنامەمان هەیە لە کۆتایی وەرزدا، ئامارێکی ورد کۆبکەینەوە لەسەر هەموو ئەو رووبەرانەی سووتاون لە دارستان و لەوەڕگاکان، تا بتوانین ئەو زیانانە بخەملێنین کە بەر ئابووریی و ژینگەی کوردستان کەوتوون، چونکە بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو، شتێکی زۆر نائاساییە و هەرگیز ئەو رووبەرانە نەسووتاون لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت لەو کاتانەی کە بۆردوومانی سنوورەکانمان کراوە، بەو رێژەیە زیانمان پێ نەگەیشتووە».

## هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوە

سەبارەت بە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاگرکەوتنەوەکان، ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، دەڵێت: «بەشێوەیەکی گشتیی، دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ ئاگرکەوتنەوە لە هەموو جیهاندا، ئەوانیش: دەستی ئەنقەست و کەمتەرخەمین و بەپێی ئامارەکان، (٩٥٪) ئاگرکەوتنەوەکان بۆ ئەو دوو هۆکارە دەگەڕێنەوە و جۆرێکی تریش، کێشەی نێوان خەڵک و گوندەکان ئاسانترین رێگەیە بۆ زیانگەیاندن بەیەکتر، هەروەها لە رووی یاساییەوە زۆر ئەستەمە بزانرێت کە کێ بەرپرسە، لەبەرئەوە زۆرینەی ئەو راپۆرتانەی بۆ ئێمە دێن، هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان بەنادیار دانراون».

ئاگرکەوتنەوەکانی ئەمساڵ بە «کارەساتێکی ئابووریی و ژینگەیی و سروشتیی بۆ هەرێمی کوردستان» ناودەبات و ئاماژە بەوەدەکات: «لیژنەیەکی باڵا پێکدێت لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و کشتوکاڵ و پیشەسازیی بۆ ئەوەی بتوانین ئامار و هۆکارەکان دیاریی بکرێن، هەروەها بتوانین هەموو ئەو پێداویستییانە بۆ ساڵێکی تر دابین بکەین، ئەمساڵ زەنگێکی مەترسیدار بوو سەبارەت بە سووتانی دارستانەکان».

## پلانی داهاتوو

سەبارەت بە پلان و بەرنامەی ساڵانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، حسێن حەمەکەریم وتی: «ساڵانە و لەدوای بڕانی باران و پووش زەردبوون، تیمی هاوبەش دروستدەکەین و تانکەر و ئێشکگرو چەندین پێداویستی تر دادەنێین، بۆئەوەی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بین بۆ ئاگرکەوتنەوە، هەروەها تیمەکانمان هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی بەرگریی شارستانی، بەتایبەت بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان و ئامادەباشییەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازییان هەیە، بۆنموونە بە هاوکاریی پارێزگاری سلێمانی، ئیمکانییەتێکی باشیان خستووەتەگەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی حاڵەتەکان، پرۆژەکانی دارستان بودجەیەکی زۆری دەوێت، ئەگەر بمانەوێت چاکسازیی تێدابکەین، یاخود بیپارێزین، هەم لە چاککردن و پاراستن و دروستکردنی هێڵی ئاگربڕ، بەهۆی زۆریی و بەرفراوانی رووبەری دارستانەوە، ناتوانین هەمووی کۆنترۆڵ بکەین و هەروەها بەشێکی زۆری دارستانەکانمان دەکەونە ناوچە سنوورییەکانەوە کە ناوچەی سەخت و شاخاوین، رێژەیەکی زۆر مین هەیە، پێویستمان بە کەلوپەلی زۆر هەیە، لەپێش هەموویانەوە، ئەو جۆرە ئاگرانە بە فڕۆکە نەبێت کۆنترۆڵ ناکرێن، ئەمساڵ لە کۆبوونەوەیەکدا باسمان لەو پێداویستییانە کردو بەوهیوایەی لەساڵی(٢٠١١)دا، زیاتر بودجە تەرخانبکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی گرفتەکان».

سەبارەت بە دابینکردنی فڕۆکەش، وتی: «زیاد لە دوو ساڵە بەرنامەمان هەیە، بەڵام بیرۆکەکە دواخراوە، چونکە پێوستمان بەهەندێک شت هەیە، وەک فڕۆکەخانە و فڕۆکەوان، ئەوەی ئەمساڵ روویدا زەنگێکی گەورە بوو کە ئەو زیانەی بەر کوردستان دەکەوێت، قەرەبووکردنەوەی ئەستەمە، هەروەها لە بەرنامەماندایە رووپێویی دارستانەکان بکەین لە رێگەی مانگی دەستکردووە، ئێستا کاری ئامادەسازیی دەکرێت بۆ رووپێوییەکە، بۆ ئەوەی ئامارێکی وردمان لەبەردەستدابێت و لەو رێگەیەوە پلان دابنێین، بۆئەوەی کاری چاکسازیی بکەین».



ئاگر هەموو شتەکان دەسووتێنێت
فۆتۆ: AFP

# کڕین و فرۆش بە زەوییە مینڕێژکراوەکانەوە دەکرێت

**بەدواداچوونی: خالید مەحمود**

لەناو شارۆچکەی پێنجوێن و دەوروبەری، کڕین و فرۆشتن بەو پارچە زەوییانەوە دەکرێت کە مینڕێژکراون و پاکنەکراونەتەوە، بەوهۆیەشەوە چەندین زیانی گیانی و مادیی لێکەوتووەتەوە.

پێنجوێن، یەکێکە لەو ناوچانەی کە رێژەیەکی زۆری مینی پاشماوەی جەنگی عێراق- ئێرانی تێداماوە، جگە لەوەی کە زۆرێک لەو مینانە لە ناوچە شاخاوییەکانن، بەڵام زۆربەی گوندەکانی سنووری پێنجوێن مەترسی بوونی مینیان لێدەکرێت.

گەڕەکەکانی (بووبان، ناوشاخان، کانی گوێژ)ەی ناو پێنجوێن هێشتا مەترسی مینی لەسەر ماوە، کە بەپێی ئەو زانیارییەی کە دەست رۆژنامە کەوتوون، زیاتر لە (٦٠) پارچە زەوی گەڕەکی (بووبان)و (١٨٠) پارچە زەوی گەڕەکی (کانی گوێژە)، مینڕێژن.

لەساڵی (٢٠٠٥)دا، (٦٣) پارچە زەوی لەو زەوییانە دابەشکراون بەسەر هاوڵاتییاندا، بۆ هەر پارچە زەوییەک بڕی (١٢٠) هەزار دیناری عێراقی لە خاوەنەکانیان وەرگیراوە بەمەبەستی تاپۆکردن بۆیان.

مەجید ئەحمەد کەریم، (٣١) ساڵ دانیشتووی گەڕەکی ناوشاخان، یەکێکە لەو کەسانەی کڕین و فرۆشتن بەو زەوییانەوە دەکات، وتی: «سێ پارچە زەویم هەیە لەو ناوچە مینڕێژەو تائێستا دووکەسی کوشتووەو بە دوو سەیارەو مەکینەیەکدا تەقیوەتەوە».

وتیشی: «زۆرێک لەو زەوییانە کەلاوە بوون، بەشێکیان دراوە بە فەرمانبەران و ئێمە لەوانمان کڕیوەتەوە».

خەلیل محەمەد، (٣٧) ساڵ، ماڵی نزیکەی (١٥)مەتر دوورە لە ناوچە مینڕێژکراوەکان، وتی: «لەساڵی (١٩٩٢)ەوە جێ خانووم کڕیوەو نزیکەی شەش ساڵە ماڵم لێرەیە، کاتێک کردمەوە بە خانوو، خەڵک لۆمەی دەکردم و پێیان دەوتم تۆ گیانی خۆت و منداڵت لێ زیادە، بەڵام چارم نییەو هەژارم»،

عەبدولڕەحمان عەلی، (٣٥) ساڵ، خاوەنی نووسینگەی (ناوشاخان)ە لە قەزای پێنجوێن بۆ کڕین و فرۆشتن و بە کرێدانی خانوو زەوی، وتی: «هەرکەس کە کڕین و فرۆشتن بەو زەوییانەوە دەکات، پێیدەڵێین مینی تیایە با دوایی گلەیی نەکات، ئەوەی کە دەیکڕێت بەو مەبەستە دەیکڕێت کە هەرزانترە لەچاو زەوی دیکە».

وتیشی: «چەندجار رێکخراوی مینهەڵگرەوە هاتوون و هیچ کاریان لێنەکردووە».

ئەو زەوییانە جێ کەلاوەی ساڵی (١٩٧٨)ن، کە حیزبی بەعس چەند گوندێکی داگرت و چۆڵیکرد هێنانییە ئەو شوێنە، کە پێیاندەوت ئۆردوگاو لەکاتی شەڕی (ئێران- عێراق) خەڵکی پێنجوێن چۆڵیانکرد، کە راپەڕین گەڕاونەتەوە سەر کەلاوەکانیان، بەتەختی و پڕ مین بینیویانە.

سەبارەت بە چۆنێتی دابەشکردنی ئەو زەوییانە بەسەر خەڵکیدا، رۆژنامە پەیوەندیی کرد بە ئازاد عەبدوڵڵا، سەرۆکی شارەوانیی پێنجوێن، ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەبارەی ئەو زەوییانەوە بدات.

سەبارەت بە گلەیی و گازندەی هاوڵاتییان لەوەی کە کاری یاساییان بۆ ناکەن و لەبەرامبەردا پارەیان لێوەردەگرن، رۆژنامە پەیوەندیی کرد بە هۆشیار عەلی، تێبینەر لە تێبینەرایەتی پێنجوێن، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بدات، بە پاساوی ئەوەی ئاگادارکراون کە لێدوان بۆ هیچ راگەیاندنێک نەدەن.

هاوکات رەزا محەمەد، قایمقامی پێنجوێن، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد: بەشی زۆری ئەو زەوییانەی کەوتوونەتە ناو کێڵگەی مینڕێژکراوەوە، کەلاوە کۆنەکانی شارۆچکەی پێنجوێن بوون، کە خەڵک خۆی لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆیان کردوویانەتەوە بە خانوو، بێئەوەی رێگەپێدان و کاری یاسایی بۆ کرابێت».

وتیشی: «هەوڵمانداوە لە رێگەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی مینەوە چەند کێڵگەیەکی مین لەرێی کۆمپانیاکانەوە پاکبکرێنەوە، ئێستا کارکردن لە کێڵگە مینەکانی (ڕاوگان- ملەکەوە) بەردەوامەو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا کێڵگەکانی (کانی گوێژ-بووبان) بدرێتە بەڵێندەرو دەستبەکاربن تیایدا، کە لە ماوەیەکی کورتدا پاکدەکرێتەوە، دوای پاککردنەوەی کێڵگەکان هەموو خزمەتگوزارییەکیان لەرێگەی شارەوانی و تێبینەرایەتییەوە بۆ ئەنجام دەدەین».

فاروق عەبدوڵڵا، سەرپەرشتی تیم (گرووپ فایزەر) سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتیی مین، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە کێڵگەکان تەکنیکەڵ دەکەین، واتە سنووری راستەقینەی کێڵگەکەو زانیاری ورد لەسەر قووڵیی و جۆری مینەکان و چەند جۆر پارچەیان تێدایە دیاریدەکەین و دواتر دەیدەینە کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی پاکی بکەنەوە».

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە رۆژنامە لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی مین دەستی کەوتووە، ئەو مینانەی لە پێنجوێن و دەوروبەری هەن دروستکراوی وڵاتانی (ئیتاڵیا، رووسیا، بەلجیکا)ن و لە جۆرەکانی (ڤالمارا_V٦٩ پێنج چوکڵە_TUP٦٠__-VF٥٠)ن، کۆمپانیاکانی (خەبات، زەنگەنە، ئارارات، نۆڤیس) کاری هەڵگرتنەوەی مینەکان ئەنجامدەدەن.



منداڵان لەناو کێڵگەیەکی میندا
فۆتۆ: خالید

# نەبوونی زەنگی ئاگادارکردنەوە، مەترسی لە ئاوی سیروان دروستکردووە

**شەمزین عەباس- دەربەندیخان**

بەهۆی نەبوونی زەنگی ئاگادارکردنەوەوە، لە سەرەتای ئەمساڵەوە (٧) هاوڵاتی لەکاتی مەلەکردن لە ئاوی دەربەندیخاندا خنکاون.

بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە هاوڵاتییانی شاری دەربەندیخان رۆژانە بۆ بەسەربردنی کات و مەلەکردن روو لە رووباری سیروان دەکەن، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیی هاوڵاتییانە، نەبوونی زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە لەکاتی بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکەداو بەو هۆیەشەوە چەندین کەس لە ئاوەکەدا خنکاون.

هێمن محەمەد، گەنجێکەو رۆژانە بۆ بەسەربردنی کات روو لە رووباری سیروان دەکات، بۆ رۆژنامە وتی: «رۆژانە دێمە ئێرە بۆ مەلەکردن، بەڵام ترسێکی زۆرمان هەیە بەهۆی نەبوونی زەنگێکی ئاگادارکردنەوەوە لەکاتی بەردانەوەی ئاوەکەدا».

سەرچاوەیەکیش لە نەخۆشخانەی دەربەندیخان بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە سەرەتای ئەمساڵەوە تائێستا (٧)کەس لە ئاوی دەربەندیخاندا خنکاون».

لەم بارەیەوە پەیوەندیمان بە سەردار فەقێ، قایمقامی قەزای دەربەندیخانەوە کردو بۆ رۆژنامە وتی: «لە رێگەی خۆمانەوە بەڕێوەبەرێتی بەنداوی دەربەندیخانمان ئاگادارکردووەتەوە بۆ ئەوەی زەنگێکی ئاگادارکردنەوە دابین بکەن».

رووباری سیروان بە دووریی (١)کم دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری دەربەندیخانەوەو رۆژانە هاوڵاتییەکی زۆر رووی تێدەکەن بۆ مەلەکردن و کات بەسەربردن.

بینای خوێندنگەیەک، بۆ پڕۆژەیەکی بازرگانیی دەڕوخێنرێت 20

### بەرپرسی ناوەندی ئایندە، بۆ پرسەکانی گەنج:

# دارایی سەربەخۆو پێشینەی کۆمەڵایەتی... جیاوازیی دامەزراندن، گرفتە سەرەکییەکانی گەنجن

سازدانی: نووسینگەی هەولێر

**سیروان عەباس، بەرپرسی ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج ئاماژە بەوەدەکات؛ حکومەت کەمتەرخەمە بەرامبەر بە خواستو داواکانی گەنجانو ڕێکخراوەکانی گەنجانو لاوان، لەگەڵئەوەی ڕێکخراوەکان تارادەیەکی باش پڕۆژەیان خستووەتە بەردەم دەسەڵاتی تا ئەو بیانووەش نەمێنێت کە پێمان بوترێت پڕۆژەیان نییە.**

**ڕۆژنامە: دەسەڵاتی کوردی چەند ئاوڕی لە گەنج داوەتەوە دەڵێن گەنج پڕۆژەی نییە، ئایا گەنج پڕۆژەی نییە، یان گوێی لێناگیرێت؟**

* بەپێی ستانداردێکی جیهانیی، گەنج خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، لەوانە: وزە، گۆڕان، سەربەخۆبوون، یاخیبوون، داهێنان، هێز، کارو تایبەتمەندی دیکە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، دەبێت گەنجان خۆیان ئامادەییان هەبێتو داکۆکیکاربن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، تائێستا نەمانبیستووە ماف بەخشرابێت، بەڵکو بە داکۆکیکردن بەدەستهاتووە، بۆیە دەبێت گەنجان چاوەڕوانی بەخشینی مافەکانی نەبێت کە پێی بدرێت، بەڵکو بەڕێگەی مەدەنیانە کار بۆ گەیشتن بە مافەکانی بکات.

سەبارەت بە حکومەتیش کەمتەرخەمیی هەبووەو ئێستاشی لەگەڵدابێت هەر هەیە، حکومەت کەمتەرخەمە بەرامبەر بە خواستو داواکانی گەنجان بەڵێ، بە بۆچوونی من کەمتەرخەمی هەیە بەرامبەر بە خواستو مافەکانی گەنجانو ڕێکخراوەکانی گەنجانو لاوان، ئەمەش دیسان دەیگەڕێنمەوە بۆ هێزی فشار لەناو گەنجانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ داواو خواستەکانیان، بەڵام من پێموایە ڕێکخراوەکان تارادەیەکی باش پڕۆژەیان خستووەتە بەردەم دەسەڵات تا ئەو بیانووەش نەمێنێت کە پێمان بوترێت پڕۆژەیان نییە.

**ڕۆژنامە: بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای هەرێم، هۆکاری بەردەوامی کۆچکردنی گەنجی کورد بۆ تاراوگە چییە؟**

* هۆکارگەلێکی زۆر هەیە لە پشت کۆچکردنی گەنجان، ئەمەش لە سەروبەندی ئەوەوەیە کە گەنجان لە ڕستەدا شوێنێک نییە بۆ شیکردنەوەیان، هەمیشە وەک سفری پاش فاریزە ئەژماردەکرێن، بۆیە ئەم ڕەوشە لای گەنج ئەو باکگراوندە دروست دەکات کە لەم هەرێمەدا شوێنێک نییە بۆ ژیان بۆی، ئەمەش بە بۆچوونی من تاکە ڕێگەچارە نییە گەنج خۆی تەسلیم بکات بە هێندەی ئەوەی بێت لەو فەزایەدا بە هەوڵو تێکۆشانو داکۆکیکردن، بیرکردنەوەی دەسەڵات بگۆڕێت لە قۆناغی هەستنەکردن بە شتێک کە گەنجە، بۆ قۆناغێک کە گەنج بوونی هەیەو دەخوازێت جیا لە هەر توێژێکی تر ژیان بکات.

ئەو هۆکارانەشی وادەکەن گەنجان ڕوو لە ژیانی تاراوگە بکەن، دیارن لەوانە: «نەبوونی داراییەکی سەربەخۆ لەلای خودی گەنجو نەبوونی سیستمێکی پێشینەی کۆمەڵایەتیو دیار نەبوونی ئایندە دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن، ئایا دادەمەزرێت یاخود نا، جیاوازیی لە دامەزراندنی ئەو گەنجانەی



حیزبینو ئەوانەی حیزبیی نین، یاخود سەر بە حیزبی دەسەڵات نین.

**ڕۆژنامە: هەندێ جار دەوترێت گەنج ئینتیمای نەماوە، ئایا ئەوە بەوشێوەیەیە؟**

* ئینتیما شتێک نییە بەرجەستەبێتو بەرکەوتەی هەبێت، بەڵکو ئینتیما لە ساتە چارەنووسسازەکاندا ئامادەیی خۆی دەبێت، پێویستە دەسەڵاتیش لەوە بەئاگابێت ئینتیما بۆ حیزب لەگەڵ ئینتیما بۆ نەتەوەو نیشتمان زۆر جیاوازە.

**ڕۆژنامە: هیچ ئامارێکی ورد هەیە لەسەر گەنجانو کێشەکانیانو خواستەکانیان، نەبوونی ئاماری گەنجان چی کێشەیەکی دروستکردووە؟**

* شتێک هەیە بەڕاستی جێی نیگەرانییو هەڵوەستەکردنە، ئەویش ئەوەیە لەم هەرێمەی ئێمەدا هیچ حسابێک بۆ ئامار ناکرێت، واتا دەرئەنجامی ڕاپرسی ڕێزی لێناگیرێت، ئەوەش کێشەیە، چونکە گەر ویستت کارێک بکەیتو پلان دابنێیت، ناتوانیت بەبێ بوونی پلانێکی تۆکمەو لەسەر بنچینەی ئامار پلانەکەت سەر کەوتووبێت، چونکە پێناسێک هەیە لە پلاندا دەڵێت: هەمووکارێک بە پلان، هەموو پلانێکیش بە ئامار.

**ڕۆژنامە: کێ بەرپرسە لەوبارەیەوە؟**

* ئەگەر بمانەوێت لایەنێک بەرپرس بکەین لە نەبوونی ئامار لەسەر گەنج، یاخود هەر توێژێک یان هەر پرسێک ئەوە بە پلەی یەک دەسەڵاتە، دواجار ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین، بۆیە دەبێت حکومەت ناوەندێکی تایبەتی هەبێت بە ئامار بۆئەوەی ببێتە سەرچاوە بۆ دانانی هەر پلانێکو پلانەکانی پێ پشت ئەستوور بکرێت، چونکە بە بۆچوونی من ئامارە دەتوانێت دەستنیشانی کار بکاتو بمانگەیەنێتە دەرئەنجامێکی باش بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگە.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک ناوەندەکەتان چیتان بۆ گەنج کردووە؟**

* وەک ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج کار لە سەر بەشداریی سیاسیی گەنج دەکەین لە نێوەندەکانی بڕیاردا، لەهەمانکاتدا لایەنی کۆمەڵایەتیو ئابووریی گەنجانمان فەرامۆش نەکردووە، لەڕابردوودا ئێمە کارمان لەسەر پڕۆژەیەک کرد بەناوی پڕۆژەی هەڵمەتی (٢٥) ساڵ، خۆی لە کەمکردنەوەی تەمەنی خۆکاندیدکردن بۆ پەرلەمان دەبینییەوە، خۆشبەختانە توانیمان بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی تری گەنجانو لاوان ئەو پڕۆژەیە بگەیەنینە ئامانج دوای دووساڵ لە داکۆکیکردن بۆی.

بەهەمانشێوە، ئێستا کار لەسەر پڕۆژەی سندووقی پاڵپشتی گەنجان دەکەین، دانانی ئەم سندووقە بۆ زیاتر گرنگیدانە بە گەنجانو بەگەڕخستنی تواناکانیانو ئاوڕدانەوەیەکی جدیتر لێیان بۆ کەمکردنەوەی کێشە ئابوورییەکانیان، لە ئەنجامدا کەمکردنەوەی فشارو قورسایی لەسەر حکومەت بەوەی گەنجان تەنیا چاویان لەوەنەبێت لە دەزگاکانی حکومەتدا دابمەزرێن، بەڵکو گەنجان بتوانن سوود لە تواناکانی خۆیان وەربگرن لەڕێگەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئابووریی بچووک.

## کارگەیەک بۆ بەکارهێنانەوەی خاشاک دادەمەزرێت

ئەحمەد باڵەکی، شەقڵاوە

بەمەبەستی دووبارە سوودوەرگرتنەوە لە خۆڵو خاشاکی ماڵان، لە قەزای شەقڵاوە کۆمپانیای هەڵمەت کارگەیەکی ئیتاڵی لەو قەزایە دادەمەرزێنێت، لەکاتێکدا ئەمجۆرە کارگانە تائێستا لەناو سەنتەری شارەکانیشدا نین.

ئەسکەندەر ئەحمەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی کۆمپانیای هەڵمەت لە شارۆچکەی هەریر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەدانانی ئەمجۆرە کارگانە، واتە کارگەی ریسایکلین لە هەرێمی کوردستان، سوودێکی زۆر بە دانیشتووانی ناوچەکەو بە ژینگەی هەرێمی کوردستانیش دەگەیەنێت».

کارگەکە بەکاردێت بۆ دووبارە کەڵکوەرگرتنەوە لە پاشماوەکانی زبڵو خاشاک بۆ دروستکردنی پلاستیکو شووشەو ئاسن، کە ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە "سوودێکی زۆر" بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، کە بەپێی وتەی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە «ئەمەش زۆر گرنگەو یەکەمین جارە ئەم شتانە دروستبکرێن».

بەڕێوەبەری نووسینگەی کۆمپانیای هەڵمەت باسی لەوەشکرد: هەر لە ڕێگەی ئەم کارگەیەوە پاشماوە خۆراکییەکان لە ڕێگەی دەزگایەکەوە هەڵدەگیرێنو دەکرێنە پەیینی کیمیاییو پڕۆژەکەش لە سەرەتای مانگی (حوزەیران)ی ئەمساڵەوە دەستپێکردووە.

پرۆسەی ریسایکلینی خۆڵو خاشاک ئەگەر بەشێوە زانستییەکەی بکرێت، جگە لە پاراستنی ژینگەو دووبارە بەکارهێنانەوەی مادە بەکارهاتووەکان، لەهەمانکاتیشدا دەتوانرێت وزەی غازیشی لێ بەرهەم بهێنرێت، بەڵام ئەمە تائێستا لە کوردستان نەکراوە، بەڵکو خۆڵو خاشاک سووتێنراوە، یان بە گڵ داپۆشراوە.

# خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان فەرامۆشکراون

هاشم غەمگین

ئەگەرچی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕووی مووچەو دەرماڵەو بژێویی ژیانەوە لە هەرێمی کوردستان لە خوار چینەکانی دیکەوەیە، لەهەمانکاتدا لەڕووی پڕۆژەکانی خزمەتگوزارییو پێداویستیو پێشینەی خانووبەرەو سندووقی نیشتەجێبوونو پێدانی کارەوە فەرامۆشکراون، کە ئەمەش بۆ خۆی پێچەوانەی یاساو ڕێساکانی ئەورووپاو وڵاتە پێشکەوتووەکانەو لەگەڵ جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ناکۆکەو وێک نایەتەوە.

لە خوارەوە ئاماژە بەو سەرنجو تێبینیو پێداویستییە سەرەتاییانە دەکەین، بە ئومێدی ئەوەی حکومەتو پەرلەمان ئاوڕی جدیی لە دابینکردنو جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە بداتەوە.

### دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون:

یەکەم: یەکێک لەو هەنگاو و بڕیارانەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم من پێی سەرسامو گەشبینم، زیادکردنی بڕی پێشینەی خانووبەرەو دەرچوونی بڕیاری سندووقی نیشتەجێبوونە، بەڵام بەهۆی کەمیی بڕی مووچەوە، کەمئەندامانو نابینایان لەم بڕیارە سوودمەند نابنو بێبەش دەبن، چونکە بۆ ڕاکێشانی پێشینەی خانووبەرە دەبێت لانیکەم بڕی مووچەکەت لە (٣٦٠) هەزار کەمتر نەبێت، یان دانەوەی قەرزی سندووقی نیشتەجێبوون دەبێت لە بڕی (٢٠٠) دۆلار کەمتر نەبێت، هەڵسوڕاندنو پێدانەوەی ئەم بڕەش بۆ ئەم توێژانە قورسو گرانەو ئەو مووچەیەی وەریدەگرن، کەمەو تەنانەت بەشی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانو دابینکردنی بژێویی ژیانیان ناکات، بۆیە پێشنیازدەکەم حکومەت لە بڕی مووچەی تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە، ساڵانە بڕێک بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمئەندامانو نابینایان لە ناوچەکان تەرخان بکاتو بێبەرامبەر لەڕێی تیروپشک بەسەریاندا دابەشبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە دروستکردنی یەکەکاندا تایبەتمەندییەکانیان ڕەچاو بکرێت.

### لەڕووی تەندروستی:

ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خزمەتکردنی تەندروستیی کەمئەندامانو دابینکردنی پێداویستییەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر کورسینو توانای ڕۆشتنیان نییە.

یەکەم: دابینکردنو پێدانی سیسەمی کارەبایی کۆنترۆڵ.



خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان پێداویستییان زۆرە     فۆتۆ: ڕاستگۆ

دووەم: دامەزراندنی پزیشکو یاریدەدەری پزیشک لەو فەرمانگانەی تایبەتن بە کەمئەندامان. بۆئەوەی بە ئاسانیی کەمئەندامان بتوانن لەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە بە پزیشکەکانیان بگەن، یان ئەگەر پێویستی کرد پزیشک سەردانی ماڵەوەیان بکەن.

### ڕاهێنانی خوێندکاران:

بوونی پەیمانگایەک یان کۆلێژێک بۆ خوێندنو مەشقو ڕاهێنانو پێگەیاندنیان بەشێوەیەکی زانستیو ئەکادیمی بۆ چۆنێتی خزمەتکردنی توێژەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتو بەساڵاچووان، پێویستە لە هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە بەپێی یاساو ڕێساکانی ئەورووپا، ئەو کەمئەندامانەی هەردوو قاچیان لەدەستداوە دەبێت دووکەس بۆ خزمەتکردنیان تەرخان بکرێت، هەڵبەتە ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە پێویستە پێیهەستێت، چونکە بەبێ بەرجەستەکردنی مافەکانی ئەم توێژە، ناتوانین پێشکەوتنی خۆمان بۆ جیهان بسەلمێنین.

### دابینکردنی کورسی:

ئەو کەمئەندامانەی هەردوو قاچیان لەدەستداوە، پێویستیان بە سێ جۆر کورسی هەیە:

کورسییەکیان تایبەتە بۆ خۆشتنو چوون بۆ (WC)، کورسییەکی دیکەیان بۆ چوونە نێو ئۆتۆمبێلو هاتوچۆکردنیان لەنێو ماڵدا، هەروەها کورسییەکیش کارەباییەو شەحن دەکرێت بۆ چوونە دەرەوەو بازاڕو مارکێتەکانو شوێنەگشتییەکانەو بۆ ئەوەی پێویستیان بە هاوکاریکردنی کەس نەبێت.

دیارە دابینکردنی ئەم پێداویستیانە بۆ کەمئەندامان دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

### لە دروستکردنی پڕۆژەکان:

چەندجارێک لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا لەبارەی ڕەچاوکردنی دۆخی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دروستکردنی پڕۆژەکاندا دواوم، بۆئەوەی بتوانن وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، بەڵام بەداخەوە لە زۆر شوێن سەرنجم داوە ئەم کارە فەرامۆشو لەبیرکراوە، بەتایبەتی لە دروستکردنی شۆستەکاندا، تاوانی ئەمەش زیاتر دەخەمە ئەستۆی ئەو ئەندازیارانەی دیزاینو چاودێریی پڕۆژەکان دەکەن، لەلایەکی تر دەستەی وەبەرهێنانو دەزگاکانی ئاوەدانکردنەوە، کە ڕێنماییو مەرجو لێپێچینەوەیان نییە لەوبارەیەوە لە بەرامبەر کۆمپانیاکان.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تەنانەت لەکاتی نۆژەنکردنەوەی شۆستەو شەقامەکاندا بۆئەوەی ئاستەنگ بۆ هاتوچۆکردنی کەمئەندامان دروست نەبێت، بە تەختە ڕەمپایان بۆ دروستکراوەو دانراوە بۆ ئەوەی بەسەریدا بڕۆن، خۆ ئەنجامدانی کارێکی هێندە قورسو گران نییە، بۆیە پێویستە چیتر ئەم کارە فەرامۆش نەکرێت.

### ئامادەکردنی پڕۆژەیاسایەک:

ئەگەر لە هەڵەدا نەبم بۆ چۆنێتی خزمەتکردنی کەمئەندامانو بەرجەستەکردنی مافەکانیان پڕۆژەیاسایەک لە پەرلەماندا هەیە، ئیدی نازانم لەلایەن چ فراکسیۆنێکەوە ئامادەو پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراوە، ئەوەی بزانم نەخراوەتە دەنگدان بۆ پەسەندکردنی، مانەوەو پەسەندنەکردنی ئەو پڕۆژەیاسایە زۆر بە تاوانێکی گەورە دەزانم، بۆیە ئەگەر یەکبگرنو دەنگیان یەکبخەن لە حیزبێک زیاتر قەبارەو دەنگیان هەیە، کە مانگانە بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ سەرف دەکرێت. بەپێی ئەو ئامارانەی خراونەتەڕوو و بینراون تەنیا لە سنووری سلێمانی (٥٠) هەزار کەمئەندام هەیە، کە سێ کورسی پەرلەمان پێکدەهێنێت، بۆیە پێویستە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا گفتوگۆی چڕوپڕ بکرێت لەسەر پڕۆژەیاساکەو هەموو فراکسیۆنەکان کۆک بن لەسەر پەسەندکردنی، تکاشم وایە بە چاوی حیزبایەتی لەو توێژە مەڕوانن، چونکە شایەنی خزمەتی باشترن.

Hashim.xamgin@yahoo.com

# دەسەڵاتو بووکو خەسوو



مەهدی ئەبوبەکر

لە یەکێک لە ماڵپەڕەکاندا، هەواڵێکی سەیرم خوێندەوە کە باسی لەوە دەکرد، ڕێکخراوێک لە عەرەبستانی سعودی، خولێکی بۆ ڕاهێنانی کچان لەسەر چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەسودا کردووەتەوە. لە هەواڵەکەدا، لێپرسراوی ڕێکخراوەکە دەڵێت: دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە خولانەوە، پەیوەندیی نێوان بووک و خەسو باش بکەین.

خولی لەو جۆرە بۆ ئەمڕۆی کوردستان، کارێکی زۆر پێویستە، بەڵام نەک بۆ کچانو باشکردنی پەیوەندیی نێوان بووکو خەسو، بەڵکو بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان، تا لەسەر چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا ڕابێن.

بووکو خەسوەکانی کوردستان، پاش شەڕێکی درێژخایەنی چەند ساڵی، گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک کە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەی سلبی پێکەوە بژینو دەست نەخەنە ناوکاروباری یەکترەوە، چونکە دەزانن تا خۆر لە خۆرهەڵات هەڵبێتو لە خۆرئاوا، ئاوا بێت، بووکو خەسو هەر دەمێنێت، بۆیە ناکرێت هەتا هەتایە بە شەڕەوە لەگەڵ یەکتر بژین.

کێشەکە ئەوەیە کە بووکو خەسوەکان گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە، کەچی دەسەڵاتدارانی کوردستان بەو هەموو ماریفەتەی خۆیانەوە، تا هەنوکە ئەو قەناعەتەیان لا دروست نەبووە کە دەسەڵات بێ ئۆپۆزسیۆن نابێت.

بوونی ئۆپۆزسیۆن، مانای بوونی سیستمێکی سیاسیی سەغڵەمە، بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بۆئەوەی ئیمتیازاتەکەیان لەدەست نەچێت، بۆئەوەی پێگەی کورسیی عەرشەکەیان لەنگ نەبێت، لە دژی بوونی ئۆپۆزسیۆنن. کاتێک ئۆپۆزسیۆن دروست بوو، دەیان ناوناتۆرەیان خستە پاڵی، بە هەموو شێوازێک کەوتوونەتە بەربەرەکانیو دەیانەوێت لەسەر بێشکە سەری هەڵکەنن.

پرسیارێک هەیە کە ناچارین لە دەسەڵاتی بکەین، ئایا هەرگیز بیریان لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن کردبووەوە؟ دڵنیام نەخێر، چونکە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لەوە بکردبایەوە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا دروست دەبێت، ئەوا هەرگیز ئەو کارەساتە سیاسییو ئابوورییانەیان بەسەر وڵاتدانەدەهێنا. ئەگەر بەخەونیش بیاندیتبا کە هێزی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەریان لێدەگرێتو پێیان دەڵێت: ئیتر بەسە، بایی ئەوەیان تێدا دەهێشتەوە کە سبەی ڕۆژ، بتوانن دیفاعێک لە خۆیان بکەن، یان لانیکەم خۆیان لەسەر ئەوە ڕادەهێنا کە چۆن مامەڵەی دروستانەی دوور لە توندوتیژیی لەگەڵدا بکەن.

ئەوەی کە هەم جێگەی نیگەرانییو هەم بەزەییشە ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان، لەو بڕوایەدابوونو دیارە تا ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەن کە تا خوا دنیا کوێر دەکاتەوە، هەر خۆیان دەسەڵاتدار دەبنو دەسەڵات، لەسەر ئەو قەناعەتەیە، ئەو هێزەی لە پەرلەماندا ناوی ئۆپۆزسیۆنی هەڵگرتووە، بە تێپەڕبوونی کات وەکو بەفر دەتوێتەوەو بە مانایەکی تر، پاش چەند ساڵێکی تر هێزێک نامێنێت ناوی ئۆپۆزسیۆن بێت، بۆیە نایانەوێت مامەڵەیەکی سیاسییانەی نۆرماڵی لەگەڵدا بکەنو پەیوەندییەکی سروشتییانەیان لەگەڵیدا هەبێت. هەندێک لە دەسەڵاتداران کورتبینانەتر بیردەکەنەوە، کاتێک شەوان دەخەون بەیانی پرسیار دەکەن: ئەرێ ئۆپۆزسیۆن ماوە؟

وەکو دەڵێن: قسە قسە دەهێنێتو پرسیار، پرسیاری تر دروست دەکات؛ ئایا حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەنیازن تاکەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە؟ ئایا بەنیازن تەمەنی نوحیان لە دەسەڵاتدا هەبێت؟ ئێ ئەگەر تەمەنی نوحیشیان بۆ بێت، ئێ خۆ عاقیبەت حەزرەتی نوحیش مرد.

کەواتە، ئەوانیش ڕۆژێک دەسەڵاتیان چک دەکاتو کۆتایی پێدێت، ئەگەر ئەم ئۆپۆزسیۆنەی ئێستاش نەبێت، هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی تر لە ناو و بەرگێکی تردا جێگەیان دەگرێتەوە.

ئێ مادام جوڵە مێژووییەکە بەو ئاراستەیە دەڕوات، بۆ خۆیانو دەسەڵاتەکەیان باشتر نییە، چیدی بەو گرژییو توندییەی ئێستا ڕەفتار لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نەکەن؟ باشتر نییە، بڕیاری پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە با سلبیش بێت لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بدەن؟ ئەگەر وا بکەن لەلایەک «سەروەرییەکی مێژوویی» بۆخۆیان تۆمار دەکەنو هەمیش ئەو چەند ساڵەی لە دەسەڵاتدا ماویانە، بە شێوەیەکی نۆرماڵ بەڕێی دەکەن.

کێشەکە لەوەدایە، حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بڕوایان بە نەمرییو ئەبەدییەتی دەسەڵاتی خۆیان هەیەو ئامادە نین، بچنە ژێرباری پەیوەندییەکی ئاساییو دیموکراسییانە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا، بۆیە پێویستە ڕێکخراوێکی خێرخواز، وەکو ڕێکخراوەکەی عەرەبستانی سعودی، خولێکی مەشقیان بۆ بکاتەوەو پێیان بڵێت: عەیامی دەسەڵاتی ڕەها گوزەشت، بۆیە خۆتان لەگەڵ کاری ئۆپۆزسیۆن ڕابهێننو چیدی خەون بە مردنی ئۆپۆزسیۆنەوە مەبینن، لەجیاتی بینینی خەونی مردنی ئۆپۆزسیۆن، واقیعی پێکەوەژیان بەرجەستە بکەن.

# شـــۆفـــار*



هۆشیار عەبدوڵڵا

یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی بەختیار عەلی، قەسیدەی جەلادە کە لە دەستپێکەکەیدا دەڵێت((جەلادەکان کە بەشێکن لە منو تۆ، دەچنە بەهەشت، کەسیش نییە پێیان بڵێت، بەهەشت بەهەشتی تۆ نییەو گەمەی تۆ لە دەرەوەی ماڵی ئینسانە))، بۆ ئەم سەردەمو دۆخەی کوردستانیش، بۆ وڵاتێکی پڕ لە شۆفار، دەکرێت ئەم دێرە ئاواش بنووسینەوە ((شۆفارەکان کە بەشێکن لە هەموومان، دەچنە حکومەت، دەچنە پەرلەمان، دەبنە پاڵەوان، دەبنە کوردپەروەر، کەسیش نییە پێیان بڵێت: فایلەکەی تۆ لە قەبارەی خۆت گەورەترەو نیشتمان وڵاتی تۆ نییەو پێویستە شوێنی تۆ لە دەرەوەی کۆڕی دڵسۆزان بێت....)).

وڵاتێکمان دروستکردووە پڕ لە شۆفار، ئەوەی ئەمڕۆ بازاڕی گەرمە، شۆفارییە، ئەوەی شانازییە، ئەوەیە کە بتوانێت شۆفاری لایەنێکی گەورەترو وڵاتێکی کاریگەرتر بێت، بووینەتە نیشتمانێک، خۆی چەند بچووکو بەشبەشکراوە، هێندەش سیخناخە بە دوژمنی خۆماڵیو جاسوس..

ئەو کلتوورە لە بێدەنگییو لە هیچ نەوتنو بەڵکو بە ئاسایی سەیرکردنی خیانەت لە نیشتمانو نەتەوە، پرسیارێکی جدیی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیو بە تایبەت ئەو چەمکە دروست دەکات کە ناوی کوردایەتییەو لە ڕابردوو، ئێستاو ئایندەشدا حیزبە کوردییەکان وەک پیرۆزترین دروشمو ئامانج پێمان دەفرۆشنەوە، ئەوە کام کوردایەتییە کە حیزبی بەکرێگیراو، سەرکردەی بەکرێگیراو، خەڵکی جاسوس، بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەکو هەست بە نەنگیکردنێک، ئیش بۆ وڵاتێکی دراوسێ بکاتو هەموان دەستو پەنجەی لەگەڵ نەرم بکەنو بە گیانێکی وەرزشییانە قبووڵی بکەن؟! ئاخر ئەمە ئەو دۆخە مەترسیدارەیە کە وا دەکات، ڕووناکبیرێکی کورد پێی وابێت، مێژووی خەباتی ڕابردوو و ئاوڕدانەوە لەو مێژووە، جگە لە مایەپووچیو هەستکردن بە بۆشایی، هیچی تر نەبێت...

تا دێت سۆزی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەریی کاڵدەبێتەوەو ئەوەی پێیدەگوترێت ئینتیما بۆ پیرۆزییەکانو بۆ خاک، بەرەو نەمان دەڕواتو دوور نییە، ئەگەر لە ڕابردوودا مردن بۆ نیشتمان شانازیی بووبێت، ئێستا ئیدی شانازیی خیانەت بێت لە نیشتمانو ئەوەی کاری شۆفاری دەست نەکەوت، عەیبەو دەستوپێ سپیبوون بێت!

ئەو برینە یەکێکی ترە لە هەزاران برینی هاوشێوەی خۆبەکەمزانین لەبەردەم بێگانەو گەندەڵییو ڕووتاندنەوەی نیشتمانو هەرزانفرۆشکردنیو دروستکردنی جیاوازی کۆمەڵایەتیو چەندانی تر... بەڵام بە ڕای من، برینێکی قووڵو کاریگەرو مەترسیدارە، چونکە نەمانی ئینتیماو خۆفرۆشیو نیشتمانفرۆشی، وادەکەن کە ئیدی لە هەر زەمانو ساتەوەختێکدا بەبێ نیشتمان، بەبێ سیحری خۆشەویستییەکەی بمێنینەوە، نەتەوەیەک بەبێ نیشتمان، نەتەوەیەکە بەبێ پیرۆزییو بێئایندەیە، فرۆشتنی نیشتمان لە لایەن ئەم حیزبو ئەو سەرکردەوە کە پێویست بوو سوپەری پاراستنی بن، لە بارێکیدا، هێشتنەوەی هەموومانە بەبێ خاکو بەبێ وڵات...

دەبوو ئەگەر هێڵێکی سوور هەبووایە، بریتی بووایە لە خیانەتکردن لە نیشتمان، نەک شەخسو سەرکردەو مێژووەکانیان، هێڵی سوور بۆ نیشتمان بووایە کە بە هەزاران دڵۆپ خوێن ئاودراوەو چەندین گیان لەپێناویدا بوونەتە قوربانیی، بەڵام بڕوانن، ئایا ئەمڕۆ نیشتمانو بەرژەوەندیی نەتەوەیی هێڵی سوورن، یان شتی تر...

بونیادی کەسایەتیی تاکی کورد بەدرێژایی مێژوو، بە ئاراستەی تێکشکاندنو لەرزۆکییو لەقبوون ئیشی لەسەرکراوە، ئەوەی ئێستاو لەدوای حوکمی خۆماڵییەوە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بە تایبەت لەسەر ئاستی ئینتیما بۆ نیشتمانو بەرگریکردن لێی، ئێجگار بەدترو خراپترە لەسەردەمەکانی پێشوو، ئەوکاتانەی دوژمن فەرمانڕەوا بوو، گیانی بەرگرییو ڕەتکردنەوەی جاسوسیکردنو شۆفار بوون دەیان جار هێندەی ئێستا نەنگیو ڕەتکراوەتر بوو، لە زەمانی حوکمی کورد دا، هەموو شتێک بووەتە ئاسایی، هەرهەموو شتێکو لەسەروشیانەوە شۆفاری، حەقیقەتێک کە پێویستە ویژدانی ئەم میللەتە دەرزی ئاژەن بکات بەوەی کە دوێنێ شۆفارەکان بە سزای گەل دەگەیەنرانو ئەمڕۆ بوونەتە وەزیرو گزیرو سەرکردەو خاوەن کۆمپانیا لە نێوماندا.

* شۆفار: جاسوس





# فـــەوزا



پشکۆ ناکام

هەرکاتێک دەسەڵات، ڕووبەڕووی کێشەیەک بووبێتەوە، کەوتووەتە دۆزینەوەی ناووناتۆرەی ئاوا کە جگە لەوەی یارمەتی نادات لە چارەسەری کێشەکە، پاساوێکیش نابێت کە خودی دەسەڵاتیش قەناعەتی پێ بکات، بگرە زۆرجار پاساوەکانی دەسەڵات لەسەر وەزنی (عوزر لە قەباعەت خراپترە)ن.

ماوەیەکە لەو گێژاوە سیاسییو ئابوورییەی دەسەڵات دووچاری بووە، خۆی لێ کردووین بە (تولفی مەعسوم)و هەرچی هەیەو نییە دەیخاتە پاڵ خەڵکو کەسانی دیکە کە ئۆپۆزسیۆن بەشی شێری بەردەکەوێت..

ماوەیەکە دەسەڵاتو کۆراڵەکانی ڕاگەیاندنەکانی، کەوتوونەتە باڵۆرەیەکی تازە، ئەویش (فەوزا)یە، گوایە لەسایەی ئەو ئازادییە بێهاوتاییەی دەسەڵات وەکو (شەوی بەرات) بەخشیویەتی بە خەڵکی کوردستان، فەوزایەک دروستبووە کە مایەی قبووڵکردن نییە.

دیارە کە فەوزا بە مانای بێسەروبەرییو بێپرسیارێتییە کە دەسەڵات خۆی هەم نووقمی بێسەروبەرەیی بووەو هەم بەرپرسیاریشە لەهەموو ئەو کێشە ڕۆژانەیەی بەرەو ڕووی دەبێتەوە. دەسەڵات، نارەزایی خەڵکو بێزاریی لەڕادەبەدەری ئەو خەڵکە بەرامبەر بەو هەموو گەندەڵیو دزییو داهات ماشینەوەیە بە فەوزا دەزانێت، بەڵام بەبێ ئاگاداری حکومەت لە ئاودیوکردنی نەوتی هەرێم، فەوزا نییە؟! بێپرسیارێتیو بەقورس وەرگرتنی بەرپرسیارێتی نییە! کاتێک ئاودیوکردنی نەوتی هەرێم ئاشکرا دەبێت، وەزیری بەرپرس لەنەوت، دان بەوەدا دەنێت کە بەڵێ، نەوت ئاودیودەکرێتو داهاتەکەی دەخرێتە حساب (konto)یەکی تایبەت لەوەزارەتی دارایی هەرێمو وەزیری داراییش دەڵێت، (خوا عەلیمە، ئاگام لەو حسابە نییە)! ئەگەر ئەمە فەوزایەکی ئابووریی نەبێت، چییە؟! ئەو فەوزایە (میدیای ئەهلی) نە دروستیان کردووەو نە دایانتاشیوە، ئەوە فەوزای ئیداریی نییە کە بەسەدان خوێندکار (لەهەولێر قوتابی!!)ی دەرچووی زانکۆکانی هەرێم، نازانن چۆن بژێویی خۆیانو کەسوکاریان مسۆگەر بکەن، چونکە دامەزراندن زۆر کەمە، ئەم فەوزا ئیدارییە کێ دروستی کردووە، جگە لە بێبەرنامەیی دەسەڵاتو حکومەتە دەستەمۆکەی کە هەموو بێبەرنامەیەکیش فەوزای لێ دروست دەبێت، ئەوە چ فەوزایەکی خودی ڕاگەیاندنەکانی خودی حیزبەکانی دەسەڵاتە کە ڕاگەیاندنی پارتی دەڵێت، (سەرۆکی کوردستان)و ڕاگەیاندنەکانی (یەکێتی)یش دەڵێت (سەرۆکی هەرێمی کوردستان)!!...

ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێت کە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم، خەڵکی هەرێمی دووچاری دەیان فەوزا کردووەو ئەم هەرێمە هەر ڕۆژەی تووشی جۆرێک لە فەوزا دەبێت، هەر لە فەوزای نان پەیداکردنەوە تا دەگاتە فەوزای متمانەکردن بە دەسەڵات، بە هەنگاوەکانی، بە بەرنامە شاراوەکانی ژوورە داخراوەکان، بەو هەموو فەزیحە (skandal) ئابوورییانەی جگە لە گیرفانپڕکردنی دەسەڵات، بۆ هیچ مەبەستێکی تر نییە، پاش کەوتنە ڕووی دەستی دەسەڵات لە فەوزا ئابوورییەکان، تازە بەتازە دەسەڵات (بەڵێن)!! دەدا، بەشێک لەو داهاتە بۆ خزمەتگوزاریی دادەنرێت، وەک ئەوەی بودجەیەکی (٩)ملیار دۆلاری بەشی خزمەتگوزاری ناکاتو دەسەڵات لەخۆشەویستی خۆی بۆ خەڵکی هەرێم بەدزییەوە نەوتی فرۆشتووە بە دراوسێ (دۆستەکانمان)!! تا بە پارەی نەوتی ڕەش، خەڵک بە (چارە ڕەش)ی نەژی!!.

پەراوێزخستنی کوردەکانی دەرەوە تاوانە! 22

# خوێندنگەیەک بۆ پرۆژەیەکی بازرگانیی دەڕووخێنرێت

**بەدواداچوونی: ئاکام ئەبوبەکر**

خوێندنگەیەکی دواناوەندیی لە سلێمانی، دەڕووخێنرێت بۆ فراوانکردنی باڵەخایەکی بازرگانییو لەجیاتی ئەوەش، بینایەکی بچووکیان بۆ دروستدەکرێت کە جێی خوێندکارەکانی تێدا نابێتەوە.

بۆ فراوانکردنی پرۆژەی تاوەرەکانی قەیوان، لەسەر شەقامی سالم لە سلێمانی، خوێندنگای دواناوەندیی فریشتەی کچان، دەڕووخێنرێت، کە زیاتر لە (٦٥٠) خوێندکاری تێدایەو لەبری ئەوەش، بینایەکی (٩)پۆلیی لەلایەن کۆمپانیاکەوە بۆ ئەو خوێندنگەیە دروستدەکرێت.

پێشڕەو ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای قەیوان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆمپانیای مۆر، لقیکە لە کۆمپانیای قەیوان، کە پرۆژەی تاوەرەکانی قەیوان جێبەجێدەکات، کە پێکهاتووە لە بورجێکی نووسینگە بازرگانییەکانو مۆڵێکو ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەییو بۆ دروستکردنی ئوتێلەکە پێویستمان بە ڕووبەرێکی زیاتر سەوزایی هەبوو، کۆمپانیاکە سەرجەم خانووەکانی دەوروبەری کڕییەوە».

ساڵی ڕابردوو، بۆ زیاتر فراوانکردنی تاوەرەکان، کۆمپانیای مۆر، داوای زەویی خوێندنگەی فریشتەی کچانی کردو لەسەرەتادا وەزارەتی پەروەردە ڕازی نەبوو، بەهۆی ئەوەی کە خۆیان کێشەی کەمیی بینایان هەیە، بەڵام دواتر ڕازی بوون بەو مەرجەی بینایەکی نوێ بۆ خوێندنگەکە دروستبکرێت.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمپانیاکە، وتی: «ئێستا کۆمپانیاکەمان قوتابخانەیەکی تازەی لە گەڕەکی بەرانان دروستکردووە، بۆیە خەریکی ڕووخاندنی قوتابخانەکەینو بە ڕای ئێمە، ئەگەر جێگۆڕکێ بەشوێنی قوتابخانەیەک، یان دەزگایەکی تر بکرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەیەک، بەو مەرجەی بەدیلەکەی بە گونجاوی جێبەجێبکرێت، کارێکی پەسەندو یاساییە، چونکە ئەم پڕۆژەیە خزمەتێکی گەورەی شارەکەمان دەکات لە ڕووی جوانکارییو هەلی کارو سەرمایەوە».

ماوەی زیاتر لە ساڵێکە، کۆمپانیاکە چاوەڕوانی وەڵامی وەزارەتی پەروەردە بوو بۆ ڕووخاندنی قوتابخانەکە، دواجار بە دروستکردنی قوتابخانەیەکی (٩) پۆلیی، وەزارەت ڕەزامەندیی لەسەر ڕوخاندنی قوتابخانەکە دەربڕی.

سەرچاوەیەکیش لە قوتابخانەی فریشتەوە کە نەیویست ناوی بهێنرێت، بە ڕۆژنامەی وت: «ژمارەی خوێندکارەکانمان (٦٥٠) خوێندکارەو خوێندن بە زمانی عەرەبییەو ئەم ڕێژەیەش بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە، چونکە لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقەوە خوێندکارمان بۆ دێت، ئێستاش تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم لە خوێندنگەی خانزاد دەکەینو دواتریش دەبێتە بچینە بینایەکی ترەوە».

وتیشی: «خوێندنگەکەی خۆمان (٢١) پۆل بوو، ئێستا خوێندنگەی چوارچرایان پێداوین، کە (٩)پۆلەو زۆر بچووکەو دەبێت دەوامەمان بکەین بەدوو دەوام».

لەبەرامبەردا، حسێن شێخ مستەفای بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو خوێندنگەیەی بەر پرۆژەکە کەوتووە، زۆربەی خوێندکارەکانی عەرەبنو کۆمپانیاکە بە دروستکردنی بینای نوێ قەرەبووی بۆ کردووینەتەوە».

وتیشی: «ئەمساڵ دەست دەکەن بە کارکردن لەو دوو بینایەدا، یەکێکیان ئەمساڵ تەواو دەبێتو ئەوی تریشیان لە قوناغی جێبەجێکردندایە، لەم چەند ڕۆژەشدا ئیدارەی فریشتە دەچێتە بینای خوێندنگەی چوارچراوە تا خوێندنگەکەیان تەواو دەبێت، ئێستاش لە قوتابخانەی خانزادن بۆ تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمو بۆ کردنەوەی دەوامیش لە (٩/١٥) کێشەمان بۆ دروست نابێت، لەگەڵ قوتابخانەی سیرواندا دەوامیان پێدەکەین».

لەبەرامبەردا، سەرچاوەکەی قوتابخانەی فریشتەی کچان، وتی: «بینای قوتابخانەی سیروان، دوو قوتابخانەی دیکەی تێدایە، ئەوانیش (سیروانو چواس)ن».

سەبارەت بەوەی کە خوێندنگەی فریشتە لە خوێندنگەی خانزاد جێیان نابێتە، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی وتی: «پۆلی تەواومان هەیە، بەڵام کومەڵێک مامۆستای زیاد هەیە لە خوێندنگەی فریشتە، دەیانگوازینەوە بۆ خوێندنگەکانی دیکە».

شێخ حسێن، ئاماژەی بەوەشکرد: کومەڵێک قوتابخانەی دیکەش هەن کە پێویستە بڕووخێنرێن، چونکە شوێنەکانیان گونجاو نییەو قوتابییان کەمە، کە ئەوانیش (مەڵکەندیو شێخ مەحمود)نو داواشیکرد، بیناکانیان بڕووخێنرێنو لە شوێنی تر بینای نوێیان بۆ دروستبکرێت.



خوێندنگەی فریشە لەکاتی ڕووخاندندا

فۆتۆ: ڕۆژنامە

## وەزارەتی پەروەردەو خانەنشینکردن

لەگەڵ یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمو تا ئێستاش گشت ئەو وەزیرانەی کە دانراون، هەمیشە خەڵکانی حیزبیی بوون، بەتایبەتیش وەزیرانی پەروەردە، ئەمەش کەموکورتیی زۆری دروستکردووە، بۆ نموونە کە دەبووایە گشت کارە کارگێڕییەکانی فەرمانبەرانو فەرمانگەکان بە ئەوانە بدرایە کە پسپۆڕی کاری کارگێڕییو دەرچووی کۆلێژی کارگێڕین، کەچی بەسەدان مامۆستای قوتابخانەکانیان هێناوەتەوە دەرەوەو لە ئیشە سەرەکییەکانی خۆیان کە وانەوتنەوەیەو کردوویانن بە بەڕێوەبەری خۆیەتی، گەنجینە، پرۆگرامو ڕاگەیاندنو بەشەکانی دیکە، جگە لەوەی بەدەیانیان کراون بە ڕاوێژکاری وەزارەتەکان، تەنیا مەبەستیش ئەوەیە کە مووچەیەکی زۆر وەردەگرن لەسەر حسابی حیزبایەتیو خزمایەتیو مەحسوبیەت، جگە لەوەی کە بەدەیانیان کراون بە ڕاوێژکارو پاش ماوەیەک بە مووچەیەکی (١٠-١٥) وەرەقەیی خانەنشینکراون.

ئێستاش هەموو ساڵێک، لەدایکبووانی ساڵی دیاریکراو کە تەمەنیان دەگاتە (٦٣)ساڵ، خانەنشین دەکرێن، بەسەدان کەس ڕێگای یاسایی دەگرنەبەرو خانەنشین دەبن، کەچی ژێربەژێر بەدەیان کەس گلدەدەنەوە بە (٢) یان (٣) ساڵی دیکە، گوایە پێویستیان پێیانە، ئەمە چییە؟ مووچەی خانەنشین (٧٥٠) هەزار دینارێکە، بەڵام ئەگەر گلدرانەوە (٢) ملیۆن وەردەگرنو بەم جۆرە کێ ئازایە واسیتەو حیزبایەتیو خزمایەتی پەیدا بکاتو بهێڵرێتەوە، ئەوانی دیکە سەیر دەکەنو هاوار لەم ناعەدالەتییە دەکەن، ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەنو پێویستیانە، با هەموو خانەنشین بکرێن، پاش ئەوە بە ڕێگەی گرێبەست بیانهێننەوەو ئەم ڕێگە ناڕاستەش، چەندین ساڵە بەکاردەهێنرێتو وادەزانن کەس ئاگای لێ نییەو وڵات بێ خاوەنە.

داواکارین کە ئەنجومەنی وەزیران، دەستبەجێ گشت ئەو فەرمانانە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوەی تەمەنی تەواو بووە وەک هاوەڵەکانیان خانەنشین بکرێنو لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمان بەدواداچوون بکاتو گشت ئەو فەرمانبەرو مامۆستایانەی هێنراونەتە فەرمانگەکان بەناونیشانی وەهمی بۆ مووچەی بەرز، بەگوێرەی بڕوانامەکانیان شوێنیان بۆ دیاریی بکرێت، بپرسنو بزانن کە ئەوانەی بەرپرسی خۆیەتیو بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەن، کام بڕوانامەی کارگێڕییان هەیە، بزانن لەئاستی (٣)ی ناوەندیدا نین، یان مامۆستایەکی سەرەتایی نین بە خزمخزمێنە ئەو شوێنانەیان دراوەتێ.

لەگەڵ ڕێزدا

**چاودێرێکی پەروەردەیی- سلێمانی**

## لە ژمارەیەک بەڕێوەبەری کارگێڕییەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

لەژمارە (٥٩٧)ی ڕۆژی سێشەممە بەرواری (٢٠١٠/٨/٣١)ی ڕۆژنامەکەتان لەگۆشەی (ڕۆژنامە چات)دا بابەتێک بەناوی:

(وەڵامێک بۆ لێدوانەکانی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی)، بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا ڕەخنەی لێگیراوە سەبارەت بەپێدانی دەسەڵاتی کارگێڕیو دارایی بە بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکانو هەروەها جیاوازی کردن لەنێوان پزیشکو کارمەنداندا.

ئێمە وەک (بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانە گەورەکان) لەم نووسراوەدا دەمانەوێت ئەم خاڵانەی لای خوارەوە ڕوون بکەینەوە:-

١-سەبارەت بەپەیوەندی نێوان بەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکان پەیوەندیەکی بەتینو هاوڕێیانەو زۆر پتەوەو هەمیشە گوێگرتن بیروڕا گۆڕینەوە هەبووە لەنێوانمانو هیچ ڕۆژێک هەستمان نەکردووە کە وەڵامان بخاتو حەز نەکات دەورمان هەبێت.

٢-سەبارەت بەجیاوازی لەنێوان دکتۆرو کارمەندداندا هیچ بنەمایەکی نییەو هەمیشە ژووری بەڕێوەبەری گشتی کراوەیەو هەر کێشەیەک هەبوبێت بەسنگێکی فراوانەوە وەرگیراوەو گوێ لەکارمەندان گیراوەو لەکاتی سەردانەکانی بۆ نەخۆشخانەکان زۆربەی داواکاریەکانمان بۆ جێبەجێ دەکات، وەک: (شوێنی حەوانەوەیانو دابینکردنی باشترین جۆری خواردنو جلوبەرگی تایبەت بە نەخۆشخانەو کڕینی کەلوپەل بۆ ژووری کارمەندان).

٣-سەبارەت بەدەسەڵاتی کارگێڕیو دارایی بۆ بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکان پاش گفتوگۆو ڕاوێژکردن لەگەڵ بەشی یاساو بەشەکانی ناو فەرمانگەو کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکان بەپێی یاسا پێویستە یەک کەس سەرپشک بێت بەسەرفکردنی پارەکە، ئەویش بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانەو لەڕێی بەڕێوەبەرەوە هەموو دەسەڵاتەکان دابەزێتەوە بۆ بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکانو بەفەرمی ئەم کارە ئەنجام دراو، لەم کاتەدا هیچ بەڕێوەبەری کارگێڕییەک کێشەی دەسەڵاتی داراییو کارگێڕی نییەو هەموو دەسەڵاتەکان وەرگیراوەتەوەو بەڕێوەبەری گشتی کار بەدەسەڵاتەکانمان دەکات بەبێ جیاوازی.

٤-سەبارەت بە ناعەدالەتیو نایاسایی پارەی (حەوافز) بەشی قەستەرە لەناو نەخۆشخانەی (بووژاندنەوەی دڵ) ئەم بابەتە وروژاندنی لەم کاتەدا زۆر شتێکی سەیرو سەرنجڕاکێشە، ئەم کارە ئەگەر لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە بەم شێوەیە کراوە بۆ ئێستا باس دەکرێت ئەی بۆچی پێشتر باسنەکراوە؟

دیارە ئەوەی کە ئەم بابەتەی نوسیوە خۆی لەپێشتردا سودمەند بووە، بۆیە بێ دەنگی لێ کردووەو بەیاسایی داناوە، بەڵام ئێستا سودمەند نییە، هەر لەبەر ئەو هۆیە ئەم بابەتەی وروژاندووە.

ئێمە بەدڵنیاییەوە هەموو کارەکان بەپێی یاساو ڕێنمایی دەکەینو هەموو نووسراوەکانی شێوەی سەرفکردنی حەوافزی ئەم بەشە لەلایەن وەزارەتی داراییو تەندروستی هەیەو بەپێی ڕێنماییەکان سەرف دەکرێتو هەموو دکتۆرو کارمەندو فەرمانبەری بەشەکە لێی سوودمەندن، جگە لەوانیش هیچ کەسێکی دیکە سودمەند نییە.

لەگەڵ ڕێزدا..

**– نەوزاد محەمەد ئەحمەد- بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فریاکەوتن**

**– دڵشاد کاوە سەعید-کارگێڕی بەشی گورچیلە**

**– نەریمان سەلام ساڵح- بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی هەناوی**

**– خالید ڕەحمان ئەحمەد-فریاکەوتنی هەناوی**

**– سەروەر سدیق عەبدولکەریم- بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فێرکاری**

**– نەسرەدین قادر-ب.کارگێڕی سەنتەری نەخۆشیەکانی دڵ**

**– مەهدی حەمەساڵح مستەفا-بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی منداڵبوون**

**– عومەر شەریف کەریم-ب.کارگێڕی نەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ**

**– محەمەد عەلی محەمەد**

## نامەیەک بۆ بەڕێزان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو مام جەلال، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێزان من وەکو برایەکی شەهید، کە لەسەر خاکی ئەم کوردستانە گیانی بەخت کردووە، ئەم نامەیەتان ئاراستە دەکەم، بۆیە هیوادارم وەڵاممان بدەنەوە وەکو هەموو نامەکانی دیکەی هاوڵاتییان پشتگوێ نەخرێت، بۆیە بەمشێوەیە ئەم نامەیەتان ئاراستە دەکەین چەندینجار هەوڵمان داوە بگەینە لای جەنابتان، بەڵام بێسوود بووەو نەمانتوانیوە بگەینە لاتان تاکو سکاڵای خۆمانتان لا باسبکەین، ئێمە وەکو خانەوادەی شەهید موقەدەم کاکەڕەش، کە بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای چەمچەماڵ بووە، وەک دەڵێن شەهیدی دیاریکردنی سنووری کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەر ئەم کوردستانەو دەسەڵاتدارانی ئەم کوردستانە ساڵێکە برایەکی دیکەمانیان لەناو ناحیەی قەرەهەنجیر بێسەروشوێن کردووە، ئێمە زۆر شوێن گەڕاینو هەوڵماندا، کەس وەڵامی تەواومان ناداتەوەو ئەو کەسەی گومانمان لێی هەبوو گیراو ئازادیان کرد، ئێستاش بە هەردووکتان ڕادەگەیەنم تکایە هەوڵمان بۆ بدەن، ئەگەر ماوەو زیندانییە لای هەر لایەنێکتان پێمان بڵێن، ئەگەر کوژراوەو زانیاریتان هەیە هەر پێمان بڵێن، نازانم زۆر کات باسی مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام خۆ ئەو برایەی من مرۆڤەو خاوەنی چوار منداڵە، چی بەسەر هات، ئێوە بۆ خۆتان وشەیەک یان شتێک لەسەرتان بڵاودەکەنەوە ئەوپەڕی هێز بەکاردەهێنن یان جۆرەها ڕێگای یاسایی دەگرنەبەر، بەڵام براکەی من یەک ساڵە بێسەروشوێنە کەس هەر وەڵامیشمان ناداتەوە، بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، براکەم پێشمەرگەی زێرەڤانی بەڕێزتانە، چیتان لێکردووە بۆ وەڵامان نادەنەوەو بۆ پێمان ناڵێن. جەنابی تاڵەبانی، هاتیتە کەرکوک ئەو دایکە جگەرسووتاوەم چەندێک هەوڵیدا بتبینێت، بەڵام سوودی نەبوو، هەر حسابی کوردت بۆ نەکردایە وات بزانیایە خانەوادەیەکی عەرەبو تورکمانەو کێشەیەکیان هەیە.

مرۆڤێک لەو وڵاتەدا ونبووەو ئێوە لێی بەرپرسیارن، تکایە وەڵامو بەدواداچوونمان بۆبکەن، نەک بانگمان بکەنو پارەمان پێبدەن، ئێمە براکەمان دەوێت، براکەم لە کوێیە، یەکێتیو پارتی بەرپرسیارن، بۆیە ئەگەر وەڵاممان نەدرێتەوە، لە دادگای نێودەوڵەتیی داوای یاسایی لەسەر هەردووکتان تۆماردەکەم، چونکە ئێوە بەرپرسیاری یەکەمن لەم وڵاتەدا، چاوەڕێی وەڵامین.

**ستار محەمەد ئەمین- کەرکوک**

**برای جەلال محەمەد ئەمین بێسەروشوێنکراو، برای شەهید موقەدەم کاکەڕەش وەک دەڵێن شەهیدی دیاریکردنی سنووری کوردستان.**

Eml-aul1979@yahoo.com

ژم.٠٧٧٠٨٦٢٢١٣٨

# کاری هاوبەش، یان دابەشبوون



کاردۆ محەمەد

## پێویستە بۆ دامەزراوەیەکی بایەخداری نیشتمانی به پرس‌و رای هاوبەشی هەموولایەک پەسەند بکرێت

دوای دواخستنەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەناکاو پرۆژەیاسای دروستکردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن‌و راپرسیی کوردستان خرایەڕوو، هەرچەند پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پارێزگاکان دەقەکە نووسراوە، پرۆژە یاساکە لە ماوەیەکی کەمدا پێوانەی ئامادەکاریی بۆ کرا، بۆئەوەی لە وەرزی تازەی پەرلەمان بخرێتە بەرنامەی کارو پەسەند بکرێت، لە دەستووری عێراقیشدا لە دەرەوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵ ئەم مافەی بە هەرێمی کوردستان داوە، کە خاوەنی کۆمسیۆنێکی تایبەت بە هەرێم بێت، دووکەس نابینین ناکۆک بن لەسەر بەهێزکردنی هەرێم بە دامەزراوەی سەربەخۆ، لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتی هاوبەشدا لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان، جەختمان لەسەر چەند پرسێک کردەوە مایەی ناکۆکی‌و جیاوازییەکان بوو، بەهۆی یەکنەخستنی چەندین دامەزراوەی نیشتمانیی کە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پارێزگاریکردن‌و بەرێوەبردنی پرۆسەکان بە بێلایەنانە وەک (دامەزراوەی هێزەکانی چەکدار بەتایبەت هێزی ئاسایش‌و پۆلیس)، ئەزموونی تاڵیشمان زۆرە لە دەستتێوەردانی حیزبیی لە کاروبارەکان‌و رایەڵەی متمانەی نێوان لایەنەکان لە ئاستێکی لاوازدایە، بۆیە پێویستە بۆ دامەزراوەیەکی بایەخداری نیشتمانی بە پرس‌و رای هاوبەشی هەموولایەک پەسەند بکرێت، گرفتێکی تر تەنسیق‌و هەماهەنگییە بۆ سەرپەرشتی پرۆسە هاوبەشەکان لەگەڵ ناوەندا، ئەمە جگە لەوەی مەترسی لاوازکردنی کۆمسیۆنی عێراق لە نوێنەرانی هەرێمی کوردستان ئەگەرێکی زۆری هەیە بەهۆی دروستکردنی ئەم دامەزراوەیە لەکاتی ئێستادا، کە هێشتا پرسێکی نەتەوەیی کە پەیوەندیدارە بە ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی نەکراوەتەوە، رەنگە راپرسیی دیکە لە ئایندەدا ئەنجام بدرێت، لەوانە هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە بابەتێکی چارەنووسییە، سەرەڕای ئەم سەرنجانە، میکانیزمی چۆنێتی دانان‌و پاڵاوتنی ئەندامەکانی مەترسییەکی دیکەیە، چونکە لە پرۆژەکە ئەندامانی دەستە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کاندید دەکرێت، سەرۆکایەتییەکە بەدەرە لە ئۆپۆزسیۆن‌و سەر بە لیستی کوردستانییە، کەواتە ئەم دامەزراوەیەش بەدەردی دامەزراوەکانی دیکە دەچێت، بۆیە بۆ بەهێزکردنی هەرێمەکەمان پێویستە واقیعییانە بیربکەینەوە بۆ کاری هاوبەش، وەک سیاسەتمەدارێکی کوردستانیی ریالیستانە تەماشای ئەمڕۆی کوردستان بکەین، کە دەڵێت: (هەرێمەکەمان بە عێراقیشەوە لە قۆناغی گواستنەوەدایە بۆ رێکخستنەوەی دامودەزگاکانی پێویستی بە کاری هاوبەشی هەموو لایەنەکانە)، کەواتە دەبێت لە پەرلەمانی کوردستان دانانی ئەو دەستەیەی کە سەرپەرشتی هەڵبژاردن‌و راپرسییەکانی هەرێم دەکات، گرەنتی سەربەخۆیی‌و کۆتی هەموو لایەنەکانی لەگەڵدا بێت تا بتوانین بە متمانەیەکی راستەوە چارەنووسی خۆمان بدەینە دەست ئەم دەستەیە، دەنا دەبێت چاوەڕوانی ئەنجامی ناڕوون‌و ناڕەزایی‌و دابەشبوونی سیاسیی بکەین.

# چۆن مامەڵە لەگەڵ کەیسی نەوتدا بکرێت؟



هیوا جەمال

نەوتی کوردستان، سامانێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی کوردستانەو لەبری ئەوەی ئەم سەروەتە نیشتمانییە، ببێتە هۆی خۆشگوزەرانیی، هەمیشە هۆکار بووە بۆئەوەی کورد چەوساوەو ژێردەستە بێت.

ئێستا کورد کە خاوەنی دەسەڵاتی خۆجێیەتی خۆیەتی‌و نەوتی بەرهەمهێناوە، نابێت دیسانەوە نەوت ببێتە هۆی ناخۆشی‌و مەینەت بۆی.

دوور لە هەموو ئەو گوتارە ئیعلامییەی کە هەم ئۆپۆزسیۆن‌و هەم دەسەڵاتیش هەیانە بۆ کەیسی نەوت، پێویستە هەردوولا کۆکبن لەبارەی ئەوەوە کە ئەم پرسە نەتەوەیی‌و نیشتمانییە، زیانمان پێ نەگەیەنێت‌و نابێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش، بەهەموو ئەو قسانەی لەبارەی نەوتەوە دەکرێن، هەڵچن‌و لە رووی راگەیاندنەوە بەخەڵکدا هەڵشاخن‌و ئۆپۆزسیۆن بەوە تۆمەتبار بکەن کە نایانەوێت، کورد خاوەنی نەوتی خۆی بێت.

دەبێت، دەسەڵات ئەوەی لەبەرچاوبێت کە ئێستا گۆڕانکاریی لە هاوکێشەی سیاسییدا روویداوە، چونکە هەردوولا (ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات) خاوەنی خەباتی بەرگریی‌و نیشتمانیین، بۆیە نابێت موزایەدەی سیاسی لەوبارەیەوە بکرێت.

کەواتە، هەردوولا پێویستیان بە لێکتێگەیشتن (رێککەوتنێکی ئەخلاقی) هەیە بۆئەوەی ئەم کەیسە گرنگو هەستیارە بە رێڕەوی یاسایی‌و ئاسایی خۆیدا بڕوات‌و ببێتە خۆشبەختیی بۆ کوردستان.

بەپێی پێشبینییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەرێم خاوەنی (٤٥)ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگەو (٢٠٠)ترلیۆن مەتر سێجا غازی هەیەو پێشبینیش دەکرێت، تا (٥٠)ساڵی تر، هەرێمی کوردستان نەوتی هەبێت، بۆیە دەبێت:

١. ئۆپۆزسیۆن، چەند هەنگاوێک هەن لەوبارەیەوە، بیانگرێتەبەر:

* ژمارەیەک پسپۆڕ (لەدەرەوە، یان ناوەوەی وڵات) ئامادە بکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستی، کەیسەکە روون بکرێتەوە.
* لەسەر بنچینەی یاسای نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)، لێپرسینەوە لە حکومەت‌و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکات.
* خۆی بکات بە خاوەنی کەیسێکی گرنگی لەو شێوەیەو هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری‌و بەڵگەی زیاتر بدات.
*کۆڵنەدات لەو کەیسە تا بەتەواوی هەموو راستییەکان لەبارەی نەوتەوە روون دەبنەوە، تا خەڵک بەگشتی سوود لە داهاتەکەی وەربگرن.

٢. هەروەها دەسەڵاتیش، دەبێت هەندێک راستی هەیە روونیان بکاتەوەو چەند هەنگاوێکیش بنێت:

* ئەو بەڵێنانەی داویانە بۆ دەرخستنی داهاتی نەوت، بیبەنە سەر، لەوانە بەڵێنەکەی سەرۆکی حکومەت کە رۆژی (٧)ی ئاب، وتی «لەدوای کۆتایی هاتنی پشووی پەرلەمان، بە ژمارە وەڵامی پرسی نەوت دەدەینەوە».
* دەبێت، دەسەڵات بڕوا بەوە بهێنێت کە ئۆپۆزسیۆنیش لە پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن‌و پرسی ئەوان سەبارەت بە مەسەلەکان رەوایە.
* دەبێت، دەسەڵات لەم کەیسەو لە هەموو کەیسەکاندا وا مامەڵە نەکات کە هەر خۆی لەدەسەڵاتدا دەمێنێتەوەو بڕیارو یاساکان بە بەری خۆی بدورێت.
* گومانێکی زۆر هەیە کە بەرپرسەکان لە هەرێمی کوردستان، راستەوخۆ پشکیان لە دەرهێنانی نەوتدا هەبێت، بۆیە گرنگە ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە.
* هەموو شەفافییەتێک لەبارەی نەوت‌و ئەو گرێبەستانەی کراون بخاتەڕوو، بە پشتبەستن بەو یاسایەی کە بۆ نەوت‌و گازی هەرێم دەرچووە، کە داوای ئەوە دەکات، خەڵکیش لەبارەی نەوتەوە ئاگاداریيان هەبێت.
* بەهۆی ناردنەدەرەوەی نەوت‌و بەرهەمەکانییەوە، رێخۆش نەکەن بۆئەوەی ئەو سەربەخۆییەی هەمانە لەبارەی دەرهێنانی نەوتەوە، لەدەستمان بچێت‌و هەڵوێست‌و هەنگاوەکانمان لە بەغدا لاواز نەکەن.
* بەپێی وتەی د. ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، لە هەرێمدا (٤٠) پاڵاوگەی بچووک‌و (٣) پاڵاوگەی گەورە هەن، بەڵام بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکان، نزیکەی (٨٠) پاڵاوگە مۆڵەتیان نییە جگە لەوانەی مۆڵەتیان هەیەو ئەو نەوتە رەشەی دەنێردرێتە دەرەوە، ئەوە دیارە، بەڵام پێویستە ئەوە روون بکرێتەوە کە ئەو بەرهەمانەی لەنەوتی خاو دەردەهێنرێت، چین‌و داهاتەکەیان لەکوێیە، ئەی داهاتی ئەو نەوتە خاوەی بە پاڵاوگەکان دەفرۆشرێت چەندەو لە کوێیە؟
* بەپێی وتەی بەڕێز، هەورامی، کۆمپانیاکان بری (١٠٪)ی پشکیان هەیە، بەڵام لە فرۆشتنی پێکهاتەکانی نەوتدا لەماوەی (٢٠)ساڵدا، (٦٠٪) پشکیان هەیە، ئەم هاوکێشەیە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە، چونکە ئەو رێژانە قورسن.

وزارة العدل — نموذج (٢٨) تسجيل
مديرية التسجيل عقاري العامة — العدد ٢٧٣
دائرة التسجيل العقاري فى طق طق — بتاريخ ٢٠١٠/٨/٣١

اعلان
طلب تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ ٢٠١٠/٨/٣٠ لتسجيل تمام العقار تسلسل (١١) مقاطع (١) طق طق محلة رزكارى باسم (صبرية حسن محي الدين) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمدة القانونية. ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذا العقار تقديم مالديه من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالي لنشر هذا الاعلان كذلك الحضور فى موقع العقار في الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا العلان وذلك لاثبات حقوقة موقعيا في الكشف الذي يجري فى اليوم المذكور لهذا العرض.
ياسين ابراهيم صاير
مدير دائرة تسجيل العقاري في طق طق

# کشانەوەی ئەمریکاو کورد لە هاوکێشەکەدا



فەرەیدون حەمەڕەشید

کۆتایی مانگی ئاب وادەی کشانەوەی هێزە شەڕکەرە ئەمریکییەکان بوو لە عێراق، کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب، کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا، لەسەر ئەم کشانەوەیە قسەو پەیامی خۆیان راگەیاند.

کشانەوەی هێزە شەڕکەرە ئەمریکییەکان لە عێراق کۆمەڵێک پرسیارو هەڵوێستەکردن بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئایا ئەمە دەستبەرداربوونی ریشەیی‌و مەبدەئی سیاسەتی ئەمریکایە لە عێراق، یان کشانەوەی رەمزییە بۆ رازیکردنی سیاسەتی جیهانی عەرەب‌و رەوتە سیاسییەکانی ناو عێراق، یان بە روویەکی دیکەدا ماندووبوون‌و شکستی ئەمریکایە لە ململانێکانیدا لەگەڵ ئەجێنداو پەیامی هاودژ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە.

بە خوێندنەوەو شیتەڵی زۆرینەی سیاسی‌و چاودێرە خۆرئاواییەکان، گەرەنتی ئاسایشی نەتەوەیی‌و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا بەندە بە ئارامیی‌و سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و بە دیموکراسیبوونی رژێمەکانی ناوچەکە، بەم خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنە، عێراق وەک رژێمێکی سەرەڕۆ لە رابردوودا رۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ خاڵی دەستپێکی ئەو ئاڵوگۆڕەی بەرکەوت کە مەترسیی بوو لەسەر بەرژەوندییەکانی خۆرئاوا، بەڵام ئایا تا ئەمڕۆ عێراق بووەتە رژێمێکی دیموکراسیی لە ناوچەکەداو گەرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوای خسووەتە ئەستۆ.

ئەمڕۆ لەبەرامبەر کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی خۆرئاوا لە عێراقدا، وڵاتانی ئیقلیمی‌و جیهانی عەرەب لە ئاهەنگی شادی دان بۆ پاشەکشەکردن بەم هێزە، لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتانی ئیقلیمی‌و جیهانی عەرەب وەک وتەکەی قسەکەری کۆماری ئیسلامیی (ئاغای میهمان پەرست) نیگەرانن لە مانەوەی (٥٠) هەزار سەربازی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا لەژێر ناوو ئەرکی جیاوازدا.

پرسیارە گرنگو جەوهەرییەکە ئەوەیە، کە ئایا ئەمڕۆ عێراق چووەتە سەر هێڵێکی سیاسی خۆی‌و ئەم وڵاتە خاوەنی دامەزراوەی دیموکراسی‌و بەڕێوەبردنی سیاسییە بە مانا لۆژیکییەکەی؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵگەوە (نەخێرە)، تا ئەمڕۆ عێراق تێکەڵەیەکە لە هێڵی سیاسی ئاراستەکراوی دەرەکی، کە هیچ لایەن‌و رەوتێکی سیاسی رێز لە ئیرادەو قەبارەو سەنگی سیاسی یەکتری ناگرن‌و یەکتری بەدەستی دەرەکی تۆمەتبار دەکەن، باشترین نموونەی بەرچاومان تا ئەمڕۆ شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ تێپەڕدەبێت، بەڵام نەتوانراوە حکومەتێکی هاوبەش رابگەیەنرێت.

لەبەرئەوە کشانەوەو دەستبەرداربوونی مەبدەئیانەی ئەمریکییەکان شتێکی چاوەڕواننەکراوەو لە ئەگەرێکی مەحاڵ‌و جێبەجێبوونیشدا مەترسی گەورەیە بۆ پێکدادانی سیاسی هێزو رەوتە سیاسییەکانی ناو عێراق‌و ناوچەکە، چونکە تا ئەمڕۆ نەخشەو بونیادی سیاسیی عێراق بالەخانەیەکی کۆنکرێت نەکراوەو لەژێر هەیمەنەو نفوزی ئەمریکادا وەک یاری میکانۆ راگیراوە، لەبەرامبەریشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەوڵەتی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی سوننە لە هەوڵی جوڵاندنی داشی خۆیاندان بە قازانجی زۆرترین دەستکەوت‌و نفوزی سیاسی لە عێراقدا.

دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لەم حەوت ساڵەدا نەیتوانیوە گەمەیەکی دیبلۆماسی سەرکەوتووانە بباتەپێشەوە، تا لەبەرامبەر هێزە ناوخۆییەکانی عێراق زەمانەتی مافەکانی ئەم هەرێمە مسۆگەر بکات، بەهەمانشێوەش نەیتوانیوە خشتێک بخاتە سەر باڵەخانەی دیموکراسی‌و ئازادیی، تا لە بەرامبەر خۆرئاوادا متمانەی رژێمێکی دیموکراسی‌و ئازادیی مسۆگەر کردبێت.

پرسیارە چارەنووسسازەکە بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە، ئایا دەکرێت لە ئەمڕۆدا بەهەمانشێوەو کێرڤی پێکهاتەکانی دیکەی ناو عێراق کشانەوەی ئەمریکییەکان بکاتە جەژنی نیشتمانی‌و ئاهەنگی شادیی بۆ چوونە دەرەوەی ئەو هێزانە سازبدات، لەکاتێکدا باش لەبیرمانە کە حەوت ساڵ لەمەوبەرو رێک لە بەهاری (٢٠٠٣)دا ئاهەنگ‌و گوڵباران بۆ هاتنی ئەم هێزانە لە کوردستان نیشان دەدرا، دەکرێت ئەو راستییە بزانین، کە ئەمریکا هێزێکی فریادڕەس نییەو لەگەڵ هاوکۆیی‌و هاو بەرژەوەندیدا دەستی تەوقەو هاوپەیمانیت بۆ درێژ دەکات، بەڵام هەموومان دەبێت ئەو واقیعییەتە ببینین کە لە سەرخەت نەبوونی نفوزو هەیمەنەیەکی جیهانی وەک ئەمریکا ئەجێنداو مەرامی سیاسی هێزە ئیقلیمییەکان‌و رەوتە سیاسییە توندڕەوەکانی ناو عێراق زۆر دلڕەقانە لەبەرامبەرماندا لە بۆسەدان، کەواتە کشانەوەی مەبدەئیانەو دەستبەرداربوونی ریشەیی ئەمریکا لە عێراق بەبێ مەرج‌و دوور لە چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانی دوو نەتەوەی وەک (کوردو عەرەب) خەڵکی کوردستان زۆرترین باج‌و قوربانیی سیاسی بەردەکەوێت.

بەڵام جۆری کشانەوەو ئەجێندای سیاسیی ئەمریکییەکان رۆشنایی زیاتر دەخاتە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی عێراق‌و ناوچەکە، لەکاتێکدا مەحاڵە ئەمریکا بە سادەیی هەیمەنەو نفوزی خۆی لە ناوچەکە بەرەو پاشەکشە بەرێت‌و ناوچەکە بداتەوە دەست هەیمەنەی رژێمێکی تۆتالیتاری.

faraidun_73@hotmail.com

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین: سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com — هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری: شاخەوان ئەنوەر ٠٧٥٠١٢٤٩٤٩٤ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری: ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ info. rozhnama@gmail.com riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر: گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە ٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# پەراوێزخستنی کوردەکانی دەرەوە تاوانە!


دڵشاد حافز/ لەندەن

ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان، کوردانی دەرەوە بە پیلانێکی داڕێژراو لەلایەن دەسەڵاتدارانی خۆمالییەوە پەراوێزخران‌و مافی دەنگدان‌و کوردبوونیان لێ زەوتکرا، بەڵام جۆش‌و خرۆشێکی کەموێنەیان نواند، هەر لە ئاهەنگگێڕان‌و کۆڕو سمیناربەستن‌و چالاکی جۆراوجۆر لەپێناوی سەرخستنی لیستی گۆڕاندا، بەهەمانشێوە لە هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)ی پەرلەمانی عێراقیشدا، کوردانی دەرەوە، ئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیایان کردە گۆڕەپانی چالاکییەکانیان‌و دەیان سیمینارو کۆڕیان بەست بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە وڵاتەکانیاندا، هەروەها پەیام‌و بەرنامەی لیستی گۆڕان لە دەرگای هەموو پەرلەمانی ئەوروپای داو دۆستەکانی کورد لە پەرلەمانی ئەو وڵاتانەدا وەکو ئەندام پەرلەمان‌و ستافی حکومیی بەڵێنیان دا کە هاوکاریی کۆمەڵگەی کوردی بکەن لەپێناوی سەرخستنی بەرنامەکانی لیستی گۆڕان، کە بە رای ئەوان تەعبیر لە خواستەکانی کورد بەگشتیی‌و مرۆڤایەتی بەتایبەتی دەکات، بەتایبەتی لە بواری هەنگاونان بۆ پیادەکردنی دیموکراسی‌و پاراستنی مافی مرۆڤ‌و بنبڕکردنی گەندەڵیی ئیداریی‌و سیاسیی لە کوردستاندا.

دەسەڵات لە کوردستاندا ئەهەمییەت‌و قورسایی گۆڕانخوازانی دەرەوەی درک کردبوو، دەیانزانی کە (٨٠٪) کوردەکان دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن، بۆیە بە هاوکاریی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، کە ئەوانیش هەمان کێشە لەنێوانیاندا هەبوو (شیعەو سوننە) بەتایبەتی کە بەعسییەکان لە سوریاو میسرو ئەردەن دەژیان‌و مافی دەنگدانیشیان هەبوو، ڕێکەوتنێکی سیاسیی نهێنی لەنێوانیاندا دروستکرا، کە هەندێک داواکاریی قورس لە سەر کوردەکان دابنرێت تا نەتوانن دەنگبدەن، وەکو ئەوەی کە هەر دەنگدەرێکی کورد یان عێراقی پێویستە ناسنامەی باری شارستانی‌و پاسپۆرتی ئەو وڵاتەی هەبێت کە تیایدا نیشتەجێیە، سەرکردایەتی کورد چاکیان دەزانی کە زۆربەی پەنابەرەکان تەنانەت ناوی خۆشیان گۆڕیوە، یان کە بە ڕێگەی قاچاخدا گەیشتوونەتە ئەو وڵاتانە، بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە ئەو دۆکیومێنتانە لەگەڵ خۆیاندا ببەن، هەر ئەم پیلانەش بووە هۆی بێبەشبوونی زۆربەی کوردەکان لە دەنگدان‌و هەروەها فەوتانی دەنگێکی زۆر کە بە لیستی گۆڕان درابوو، ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە زەرەری پێگەیاندین، بەڵام فێری کردین کە چۆن خۆمان ئامادەبکەین بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە.

دەبێت گۆڕان چی بکات تا ئەو سەروەتە لەدەست خۆی نەدات!!

هەموو دەزانین کە ژمارەیەکی زۆر کورد لە تاراوگە دەژین، لەدوای ساڵی کۆچڕەوە مێژووییەکەوە، بە لێشاو کورد ڕووی لە ئەوروپا کردو داوای مافی پەنابەریان کرد، هەر بە ماوەیەکی کەم زۆربەیان بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئەکادیمییان، پەیوەندییان بە زانکۆکانەوە کردو ئەوانی دیکەش ڕوویان لە بازاڕ کردو کەوتنە کارکردن‌و گونجان لەگەڵ ژیانی نوێیاندا، چالاکوانانی سیاسیی کورد، کە پێشتر لەم وڵاتانە بوون، دەیان سەنتەری ڕۆشنبیریی‌و کلتوورییان دامەزراندبوو، هەر ئەوان بوون بە چاوساغی کوردەکان‌و ڕێگای گەیشتنیان بە پەرلەمان‌و ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانیان بۆ ئاسانکردن، لێرەوە تێکەڵبوون بە ژیانی سیاسیی ئەم وڵاتە دەستی پێکردو چالاکوانی نوێ پەیدابوون‌و دۆزی کوردیان بە دونیا باشترو ڕاستتر ناساند.

حیزبە کوردییەکانی خۆمان ڕۆڵی باشیان هەبوو لە پشتگیریکردنیان‌و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەیەکدا، کە خزمەت بە دۆزی کورد بگەیەنێت، ئەگەرچی هەردوو حیزبە باڵادەستەکەی کوردستان، لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیاش هەر لە ململانێیەکی ناتەندروستدا بوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی کوردەکانی دەرەوە ناکۆکییەکانی نێوان ئەوانیان وەلادەناو درێژەیان بە خەباتیان دەدا، هەر لە مانگرتن‌و خۆپیشاندان تا سازکردنی کۆبوونەوە لەگەڵ پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتانەو دروستکردنی کەمپەینی هاوبەش لەنێوان کوردو ئەوروپییەکان‌و دروستکردنی لۆبی کوردی، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بوایە.

کەواتە ئەرکی بزووتنەوی گۆڕان ئێستا لە ساڵەکانی نەوەدەکان سەختترە، لەبەرئەوەی:

– ژمارەی کوردەکان زۆر زیادیکردووە.

– ئەو منداڵانەی کە ساڵی (١٩٩٠) لە دایکبوون‌و ئەوکاتە منداڵ بوون، ئێستا هەم گەورە بوون‌و هەم مافی دەنگدانیان هەیە.

– ئەو گەنجانەی لێرە خوێندنیان تەواوکردووە، زۆر جیاوازتر بیردەکەنەوە لەوەی باوک‌و دایکیان.

– زۆربەیان تێکەڵ بە کاری سیاسیی بوون لە وڵاتەکانیاندا، کەواتە هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەدای بزووتنەوەی گۆڕان، هەم لە پەرلەمانی کوردستان‌و عێراقداو هەم لە جۆرو شێوەی داڕشتنەوەی هەیکلی ڕێکخستنیاندا زۆر جیاوازتر دەبێت لە خەڵکانی تر.

بە بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسیی کوردو دۆستە ئەوروپییەکانمان، زۆر گرنگە بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەستێ‌و چەندین گرووپ‌و لیژنە لە سەرتاسەری ئەوروپادا دروست بکات لەپێناوی پێشکەشکردنی دیراسەیەکی زانستی‌و مەعقول سەبارەت بە چۆنێتی بەگەڕخستنی ئەو وزە بەشەرییەو تەرخانکردنیان لەپێناوی گەیاندنی دۆزی کورد بە هەموو دنیا، جیا لەو ناساندنەی کە حیزبە تەقلیدییە کوردییەکان ئەنجامیان داوە لە سەدەی ڕابردوو، کە زیاتر بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەو شەخسی تێدا پارێزراوە، بزووتنەوەی گۆڕان لەدوای هەردوو هەڵبژاردنەکانەوە بەپێچەوانەی ویستەکانمان کە دەبوایە قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو، ڕێکخستنێکی مۆدێرن، بەگەڕخستنی گەنجەکان، واتە گۆڕانخوازە شۆڕشگێڕەکان لە بەرزڕاگرتنی ئاڵای بزووتنەوەکە.

کەچی ئەوەی هەستی پێدەکرێت پەراوێزخستنی کوردەکانی دەرەوەیە بە بیانووی ئەوەی کە تەکەتولات‌و .....هتد، ناتوانرێت لەم کاتەدا هیچ بکرێت، ئەمە کارەساتە بۆ دۆزی کورد بەگشتیی‌و بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی، چونکە گۆڕان خۆی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئینتیخابییە، واتە جگە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستمی ئیداریی، سیاسیی، ئابووریی لە کوردستاندا، پێویستی بە دەنگی دەنگدەری کورد هەیە بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات، هەروەها من دڵنیام لەوەی دوای (١٠) ساڵی تر چەندین کورد لە کچان‌و کوڕان دەچنە کێبڕکێی دەنگدانەوە بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، کەواتە گۆڕانخوازانی کورد لە دەرەوەی کوردستان زەخیرەیەکی گەورەیەو لە دەستی مەدەن.

# رۆژنامەنووسی سواڵکەر


هێمن مامەند

ئێستا دیاردەی رۆژنامەنووسی سولکەر پەیدابووە، بۆیە دەمەوێت باسی ئەو رۆژنامەنووسە سواڵکەرانەتان بۆ بکەم‌و هەرکەسێکیش ویستی ناوی ئەو رۆژنامەنووسە سواڵکەرانەی بۆ ئاشکرادەکەم.

تازە پاسەپۆرتی جۆری (A) دەرچووبوو، برادەرێکی رۆژنامەنووس، کە لە یەکێک لە دەزگا حیزبییەکان کاردەکات وتی: پێرێ چوومە لای فلان کەس‌و واسیتەیەکم کردو بە دوورۆژ پاسەپۆرتێکی جۆری (A)ی بۆ خۆم‌و هاوسەرەکەم دەرهێنا، کاتێک پێم وت، باشە تۆ رۆژنامەنووسی چۆن بۆ پاسەپۆرتێک واسیتە دەکەیت، پاشان ئایا دەرهێنانی ئەو پاسەپۆرتە بۆ تۆ پێویستبوو لەو کاتەدا، وتی: کاکەگیان ئەو وڵاتە بە من‌و تۆ چاک نابێت، جا واباشە ئێمە بۆخۆمان لێی بخۆین، وتیشی: دەرهێنانی پاسەپۆرتەکە بۆ ئەوەیە بەنیازین لەگەڵ هاوسەرەکەم هەر بۆخۆشیی سەفەرێکی تورکیا بکەین. ئەم رۆژنامەنووسە لەکاتێکدا بۆ خۆشیی سەفەردەکات، کە رۆژانە چەندین کەس لەو وڵاتە بەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنن‌و لەبەر نەبوونی پاسەپۆرت ناتوانن بچن چارەسەری خۆیان بکەن،

بەڕێوەبەری راگەیاندنی یەکێک لە وەزارەتەکانی کابینەی رابردوو، کە ئێستاش بەڕێوەبەری راگەیاندنی هەمان وەزارەتە، پێی وتم: لە کابینەی رابردوو پەیامنێرێک‌و وێنەگرێکی کەناڵی ئاسمانیی یەکێک لە حیزبەکان هات بۆ دیمانەیەکی وەزیر، منیش لەکاتی دیمانەکەدا وەک بەڕێوەبەری راگەیاندن ویستم لەمیانەی دیدارەکە ئامادەبم، بەڵام بەر لە دەستپێکردنی دیمانەکە لەلایەن پەیامنێرو وێنەگرەکەوە داوا لە وەزیر کرا کە من بچمە دەرەوە، منیش لەسەر داوای ئەوان‌و لەسەر داوای جەنابی وەزیر چوومە دەرەوە، دوای تەواوبوونی دیمانەکە وەزیر داوای لێبووردنی لێکردم‌و وتی: دەزانی ئەوانە بۆ داوایانکرد کە تۆ بچیتە دەرەوە، منیش وتم بۆچی، جەنابی وەزیر پێی وتم: ئەوانە داوای پارەیان لێکردم، بەڵام شەرمیان کرد لەدیار تۆ داوای پارە بکەن، هەربۆیە داوایانکرد کە تۆ بچیتە دەرەوە.

ئافەرین کاکی رۆژژنامەنووس لەگەڵ خۆت‌و سواڵکردنیشت، سەیرەکە لەوەدایە ئەو برادەرە رۆژنامەنووسەی کە سواڵی

**سەیرەکە لەوەدایە زۆربەی ئەو رۆژنامەنووسە سواڵکەرانە بارودۆخی مادییان زۆرباشەو هەروەها زۆربەشیان زەوییان وەرگرتووە**

کردبوو و داوای پارەی لە وەزیر کردبوو، چەند رۆژێک لەمەوبەر بینیم راپۆرتێکی لەبارەی سواڵکەرەکانی سەرشەقام کردبوو، کاکەگیان دە ئەمجارە راپۆرتێکیش لەبارەی ئەو سواڵکەرانەش بکە کە وەک تۆ تەنیا لە وەزارەتەکان‌و لە وەزیرەکان پارە وەردەگرن‌و سواڵ دەکەن.

وەرن با سواڵکەرێکی سەیرترتان پێ بناسێنم، (٢٩)ی مانگی رابردوو پەیامنێری یەکێک لە گۆڤارەکان دەچێتە لای یەکێک لە وەزیرەکان‌و دوای موجامەلەیەکی زۆر دیمانەیەکی پڕ موجامەلەی لەگەڵ دەکەن، دواتر داوای یارمەتی لە جەنابی وەزیر دەکەن‌و ئەویش بڕی (٣٠٠) هەزار دینار بەهەر یەکێکیان دەدات، ئەوەی جێگای نیگەرانییە، جەنابی وەزیر ئێوارە لەیەکێک لە دانیشتنەکان ئەم مەسەلەیە باس دەکات، ئەوکاتەش برادەرێکی رۆژنامەنووس لەو دانیشتنە دەبێت‌و جەنابی وەزیر بە توانج‌و بە پێکەنینەوە بەو برادەرە رۆژنامەنووسە دەڵێت: ها فلان ئەوە چییە ئێوەش فێری سواڵکردن بوون،ئەورۆژنامەنووسەش دەڵێت: سواڵکردنی چی، جەنابی وەزیریش دەڵێت: ئەمرۆ دوو رۆژنامەنووس هاتن بۆلام‌و دوای دیمانەیەکی پڕ موجامەلە دەستیان پانکردەوەو داوای پارەیان کرد، توخوا عەیب نییە بۆ رۆژنامەنووس سواڵ بکات، ئەو برادەرە رۆژنامەنووسەش پێی وتم: ئارەقەیەکی زۆرم کردو داوای ناوی ئەو رۆژنامەنووسانەم لە جەنابی وەزیر کرد، ئەویش ناوەکانی پێدابوو، پێشی وتبوو نابێت ناوی بڵاوبکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بۆ خۆی بیانناسێت.

دوایین سواڵکردن، سواڵکردنی رۆژنامەنووسێکە کە پڕە لە مەهزەلەو پێکەنین، رۆژێک پەیامنێری یەکێک لە گۆڤارە سێبەرەکان دەچێتە لای بەرپرسێک‌و دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دەدات، ئەو برادەرە پەیامنێرە لەناو دیمانەکەدا دەیەوێت وێنەی بەرپرسەکە بگرێت، لەناکاو دەڵێت بەخوا کامێراکەم تێکچوو، جەنابی فلان بەخوا هەقە کامێرایەکم بۆ بکڕیت، کاکەی بەرپرسیش بانگی سکتێرەکەی دەکات‌و پێیدەڵێت، کاکە پارەی کامێرایەکی بۆ سەرف بکە، دواتر جێگری ئەو بەرپرسە بەو مەسەلەیە دەزانێت، ئەویش بە بەرپرسەکەی سەرووی خۆی دەڵێت، کاکە گیان تۆ بۆ پارەی کامێرایەک بۆ ئەو رۆژنامەنووسە خەرج دەکەیت، منیش دوێنێ چوار سەد هەزار دینارم پێیداوە، هەربۆیە بەرپرسی راگەیاندنی ئەم بەرپرسانە تەلەفۆنێک بۆ جەنابی سەرنووسەری گۆڤارەکە دەکەن‌و پێیدەڵێن، کاکە شەرمە تۆ ئەو پەیامنێرانەت هەیەو سواڵ دەکەن، کاکی سەرنووسەریش دوای لێکۆڵینەوە تەماشا دەکات ئەو رۆژنامەنووسە بەبێ ئاگاداری ئەو چووە ئەم سواڵەی کردووە، بۆیە راستەوخۆ بڕیاری دەرکردنی دەدات، سەیرەکە لەوەدایە زۆربەی ئەو رۆژنامەنووسە سواڵکەرانە بارودۆخی مادییان زۆرباشەو هەروەها زۆربەشیان زەوییان وەرگرتووەو ئۆتۆمبێلی ئاخیر مۆدێلیش لێدەخوڕن‌و لەلای هەندێک بەرپرسی گەندەڵیش زۆر خۆشەویستن، چونکە ئەوان لەترسی گەندەڵیی‌و شەرمەزارییەکانی خۆیان ناوێرن هیچ هەواڵێک بڵاوبکەنەوە کە لە بەرژەوەندیی ئەو بەرپرسانە نەبێت، تەنیا هەواڵی چالاکی‌و موجامەلە نەبێت.

# بەر لە سەرژمێریی، نائارامبوونەوەی کەرکوک


هێمن کامیل

لە چەند ساڵی رابردوودا، ئەوانەی دژی ئەوە بوون، بەوشێوەیە کار لەسەر کەرکوک بکرێت کە بە تێڕوانینی ئەوان، لە بەرژەوەندیی کورد بووبێت‌و بەشێوەی یاساییانە ئەو مافەی چەندین دەیەیە لەم شارەدا لە کورد زەوتکراون، بەدەستبهێنرێنەوە، بە بیانووی نائارامیی کەرکوک‌و خراپبوونی بارودۆخی شارەکە، بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان دەربڕیوەو ئەوەندەی بۆیان کرابێت، ڕێگریی‌و بەربەستیان لەبەردەم ئەو هەنگاوانەدا دروستکردووەو ئەگەر هەوڵێک لە ئارادا بووبێت بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکوک، ئەوە لەباریانبردووەو بواریان نەداوە هیچ نەخشەیەکی ڕێگا ڕێچکەی خۆی بگرێت‌و شارەکە بەرەو کەناری ئارامیی ببات، تا چیتر ئایندەی کەرکوک نادیارتر نەبێت.

بۆ ئەوەی لە کەرکوک بچووکترین کارێک یان هەنگاوێک نەنرێت کە دواجار کورد لێی سوودمەندبێت، شەرمیان لە گرتنەبەری هیچ ڕێگایەک نەکردووە، هەر لە پەنابردن بۆ دەوڵەتانی دراوسێ‌و شێواندنی هەلومەرجە لەبارو شیاوەکان بۆ نزیکبوونەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان‌و هەروەها هەڕەشەکردنیان بەوەی کە کەرکوک بەرەو تەقینەوە دەبەن.

هەموان لەبیرمانە، بەر لە دوو ساڵ‌و دوای ئەوەی کە کورد بڕیاریدا،بەخۆپیشاندانی مەدەنییانە، دژی مادەی (٢٤)بوەستێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە رۆژی (٢٨)ی تەمموزدا خۆپیشاندانێکی سەدان هەزار کەسی ئەنجامدرا، بەڵام نەیارانی کورد لەم شارەدا، چەند رۆژ بەر لەو خۆپیشاندانە، کەوتنە دژایەتیکردنی‌و سەرئەنجام بینیمان چۆن جەستەی خۆپیشاندەران خەڵتانی خوێن کرا.

لە ئێستاشدا کە دەرفەتێک هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی لە سەرتاسەری عێراقدا، سەرژمێریی گشتیی ئەنجامبدرێت‌و کەرکوکیش هاوشانی شارەکانی دیکە لەم پرۆسەیە بێبەش نەکرێت، کەچی بەهەمانشێوەی رابردوو کەسانێک کەوتوونەتە خۆو دەیانەوێت کارێک بکەن کە ئەم پرۆسەیە کەرکوک نەگرێتەوەو بەمەش دواتر لە عێراقدا پەکبخرێت، چونکە ناکرێت شارێک کە نزیکەی ملیۆن‌ونیوێک دانیشتووانەکەی بێت، سەرژمێریی تێدا ئەنجام نەدرێت، چونکە ئەو کاتە پرۆسەکە نازانستی‌و پڕ لە کەموکووڕیی دەبێت.

هاوکات لەگەڵ نیگەرانیی‌و دژایەتیکردنەکانی نەیارانی سەرژمێریی لە کەرکوک، هەست دەکرێت کە شارەکە زیاتر بەرەو نائارامیی دەچێت‌و کردەوە تیرۆریستییەکان، بە رادەیەکی بەرچاو زیادیانکردووە، ئەمەش بۆ دروستکردنی زیاتری ترس‌و دڵەراوکێ تا ڕێگەبگرن لەو کوردانەی کە دەیانەوێت بۆ سەرژمێریی بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک، هەروەها تا ببێتە بیانوویەکیش بۆئەوەی بەهۆی نائارامیی‌و نائاسایشی شارەکەوە، بتوانن ڕێگە لە ئەنجامدانی سەرژمێریی بگرن.

هەربۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت، تا نزیک ببینەوە لە وادەی سەرژمێریی کە رۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٤)یە، ئەوا تیرۆریستان پیلانەکانیان چڕتر دەکەنەوە لە کەرکوک‌و دووریش نییە کە تەقینەوەو کاری تیرۆریستی زۆر گەورەو کارەساتبار لە شارەکەدا ئەنجامبدەن، ئەگەر بێت‌و دەزگا ئەمنییەکان، بەرنامەو پلانی نوێیان نەبێت بۆ ڕێلێگرتنیان، چونکە ساڵانی پێشوو، هەر کاتێک بەرەو پرۆسەیەک چووبێتین، ئەوا تیرۆریستان ئەوەندەی توانیبێتیان کاری زۆر دڕندانەیان دژ بە هاوڵاتییانی کەرکوک ئەنجاداوەو ئێستاش کە ئاسۆیەک بەدی ناکرێت بۆ ئەوەی کە سەرژمێریی دوادەخرێت، بۆیە هاوشانی دژایەتییە سیاسییەکان بۆ پرۆسەکە، لە دوو مانگی رابردوودا شارەکە ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر کردەوەی تیرۆریستی بووەوە کە ئەگەر شکستیان پێنەهێنرایە، ئەوا لە کەرکوکدا، هیچ مانایەک بۆ ژیان نەدەمایەوە.

**کەسانێک کەوتوونەتە خۆو دەیانەوێت کارێک بکەن کە ئەم پرۆسەیە کەرکوک نەگرێتەوەو بەمەش دواتر لە عێراقدا پەکبخرێت**



سیروان رەشید

# لەبارەی ئەدائی حکومەتەکەی د. بەرهەمەوە

زەمەنێک بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.بەرهەم سالح گوزەرا، دەشێت بەچاوێکی پراگماتیکیانەوە هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەدای کابینەکەی بکەین.

کابینەی شەشەم کە لیستی کوردستانیی (پارتیو یەکێتی) سەرۆکایەتی دەکات، کابینەیەکی ئیئتیلافییە، هەربۆیە سیاسەتی حکومەتێکی ئیئتیلافیی پەیڕەودەکاتو بەڕێز ئازاد بەرواریش لەم حکومەتەدا هێندەی د.بەرهەم دەسەڵاتی یاساییو مەعنەویی هەیە.

بەپێی ڕێکەوتنی نێوان هەردوو سەرۆک بارزانیو تاڵەبانی، لە یانزە مانگی داهاتوودا، واتە لە ٢٠١١/٧/٢٥، گۆڕانکاریی بەسەر پۆستی سەرۆکی کابینەی شەشەمو پۆستی سەرۆکایەتی خولی سێیەمی پەرلەماندا دێت، هەربۆیە سەرۆکی کابینەی شەشەم کەمتر لە ساڵێکی دیکە لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوەو ماڵئاوایی دەکات.

سەرۆکی حکومەت هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە نییەتی چاکسازییو گۆڕانکاریی هەبووە بە ئاراستەی کەمکردنەوەی هەیمەنەی حیزب لەسەر حکومەت، کە بەرچاوترین ئەو هەنگاوە چاکسازییانەی ئەنجامیداون بریتیین لە:

کەمکردنەوەی بودجەی مانگانەی پارتیو یەکێتی لە سنووری (٧٠) ملیۆن دۆلارەوە بۆ سنووری (١٠) ملیۆن دۆلار، کەمکردنەوەو ڕێکخستنی بودجەی ڕێکخراو و سەنتەرەکان، کە مانگانە پێشتر لە هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی (٤) ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لەئێستادا حکومەت ئەو بودجەیەی ڕاگرتووەو بەنیازی ڕێکخستنەوەیەتی، هەروەها حکومەت ڕازیی بووە بە پرۆژەیاسای پشتیوانییو هاوکاریی دارایی حیزبەکان کە لەلایەن لیژنەی یاساییو ناوخۆی پەرلەمانەوە ئامادەکراوە.

ئەم چاکسازییانەی کابینەی شەشەم، هەنگاوی بەرچاو و باشنو پێویستیان بە نرخاندنو پشتیوانیی د.بەرهەم هەیە، هەربۆیە پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنو خەڵکانی ڕیفۆرمخواز پشتیوانیی لەو هەنگاوانە بکەن، چونکە ئەم چاکسازییانە هۆکارەکەی هەرچییەک بێت، دەچنە چوارچێوەی سوودگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتو هاوڵاتییانەوە.

د.بەرهەم ئەگەر بیەوێت بەردەوام بێت لەسەر هەنگاونان بۆ چاکسازیی، پێویستە ئەم هەنگاوانەش بنێت:

١- یەکخستنەوەی هێزە چەکدارەکان (پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس)، قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبیی لەناویانداو هەڵوەشاندنەوەی تەشکیلاتی تایبەتیو شەخسیی.

٢- پەیڕەوکردنی سیستمێکی شەفافو ڕۆشن لە بواری سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێم، بە واتای ئاشکراکردنی داهاتی نەوتو هەموو بەڵگەنامەو کۆنتراکتە نەوتییەکانو خستنەبەردەستی پەرلەمان (هەرچەندە گوماندەکرێت کۆنتراکتە نەوتییەکان لای د.بەرهەمیش هەبن).

٣- سڕینەوەی سیمای دووئیدارەیی لە تەواوی دەزگاکانی حکومەتدا، بەتایبەت لە وەزارەتی دارایی، دیوانی چاودێری دارایی، ئاسایشو پێشمەرگەو هێزە چەکدارەکان بەگشتیی.

سەرۆکی حکومەت ئەگەر بیەوێت بەردەوام بێت لە هەنگاونان لەسەر چاکسازیی، باشترە بەر لە بەجێهێشتنی کورسییەکەی ئەم هەنگاوە چاکسازییانەی ئاماژەیان پێکرا بیاننێت. چونکە ئەو ئێستا لەبەردەم دووڕیانێکە؛ یان قۆڵهەڵماڵین بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی، یاخود دەستهەڵگرتن لێی، کە پێموایە قوتاربوونو دەستهەڵگرتنی لە چاکسازیی، ئینتیحاری سیاسییە، چونکە پۆستی سەرۆک وەزیران دوایەمین فرسەتو وەرەقەی سیاسییە، کە د.بەرهەم بەدەستیەوەیەو هەموو چارەنووسی سیاسیی خۆی تەنانەت لەناو حیزبەکەشیدا لەسەر ئەم ئەزموونە ساغدەکاتەوە.

serwan_rm@yahoo.com









چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩